نووری ئیسلام

دانراوی

مەلا عبدالکریمی مدرس

چاپخانەی ـ الحوادث ـ

بغداد ـ ١٩٨٨

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله ربّ العالمين ، والصّلاة والسّلام على سيدنا محمد الأمين المبعوث رحمةً للعالمين ، وعلى آله وأصحابه أجمعين ، وأتباعه باحسان الى يوم الـــدين •

پاش تەقــدیمی سەناو ستایش بۆ زاتی خــودای پەروەردگـــارو درووودی بێژمارە بۆ گیانی پاکی جوانی پێغەمبەری نازدارو بۆ هــەموو دەستەو ئالو یارانی فیداکــارو هــەموو پەیڕەوانی پاکی لــە جیهاندا تــا ڕۆژی حسێبی کردەوەو وتارو ڕەفتار •

عــەرزم ئەمەیە : تەماشام کرد لەم ڕۆژگارەدا کــە ئێمەی تێـــدا ئەژین گــەلێ لــە برایانی ئایینی بەرزی بەرێزی ئیسلام ئارەزوومەندن بۆ کتێبێ کە بە ڕەسایی باسی یاسای دینی ئیسلام بکاو ئەرکانی ئیمانو ئیسلام نیشان بداو گەلێ ئادابی موسوڵمانان هەن کــــە لــــەم ڕۆژەدا جێـــگەی قسەو باسن‌و پێویستە ڕووناك بــــکرێنەوە بۆ دڵڕووناکیی موسوڵمانان ، هاتم ئەم کتێبەم دانا بە ناوی (نووری ئیسلام) •

ئەوەی کــە موناسبی حاڵی گــەورەو بچووك بێ نووسیم بۆیان • جا لە کەرەمی خودا داوا ئەکەم کە بیکا بە هۆی ڕووناکی دڵیان‌و پاداشی ئێمـــەش بداتەوە •

نووري ئیسلام گەلێ ئەنواری هەیە

لـە جوملەی نووری ئاینی ئیسلامە ئیمان ، ئیمان لەسـەر ئایاتی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی حەزرەتی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەمەیە : ئینسانی موسوڵمان باوەڕی بێ بە زاتی خودای تەعالاو بە مەلائیکە یانی فریشتەکانو بە پێغەمبەرانی خوداو بەو کتێبانە کە خودای تەعالا ناردونی بۆ پێغەمبەرانو بە قەزاو قەدەرو بە ڕۆژی قیامەت .

هەروا لە جوملەی نووری ئاینی ئیسلامە ئیسلامیەت کە ئەمەیە ئینسانی موسوڵمان بڵێ : (أشهد ان لا اله الا الله واشهد أن محمدا رسول الله)و پێنج فەرزەی نوێژ بکا لە هەموو شەوو ڕۆژێکداو مانگی ڕەمەزان بەرۆژوو بێ لە هەموو ساڵێکداو زەکاتی ماڵی خۆی بدا بە داماوانو حەج بکا ، واتە : بڕوا بۆ زیارەتی کابەی پیرۆز لـە عومری خۆیدا بە مەرجێ کە تەوانا بێ لەسەر ڕۆیشتن بۆ ئەو شوێنە .

ئەمانە یازدە مادەن شەشیان کە بیروباوەڕن ئەصڵی دینن و پێنجیان کە کردەوەن فەرعی دینن .

وە هەر کەسێ ئەم یازدە مادەیەی وەرگرت پێویستە کاری حەرام نەکاو واجباتی دین بەجێ بێنێ .

جا لەسەر ئەم ڕیزە بە ڕیزە قسە ئەکەین .

نووري ئیمان به زاتی خودا

ئیمان به زاتی خودای تەعالا ئەمەیە ئینسانی هوشیارو باڵغ باوەڕی بێ بەوە کە ئەم جیهانە بە ئاسمانو ئەرزەوە بە وشکانو دەریاوە بـــە کۆسارو ساراوە پەروەردگارێـکی هەیەو (واجب الوجود)ەو پێویستە بوونیی‌و مەحاڵە نەبوونیی ، ئەو زاتەیە بە تەنیا ئەم جیهـــانەی لـــە نەبوونەوە کردووە بە بوونەوەر •

وە ئادەمی‌زادی ژیری بە ئینصاف بۆ پەیداکردنی باوەڕ بـــە زاتی خودای تەعالا زەحمەتی ناوێ ، بە مەرجێ تەماشای ئەم شتانە بـکا :

یەکەم ژیرترو کارامەتری بوونەوەر لە جیهاندا ئادەمی‌زادە ، وە ئادەمی‌زادە خاوەن زانیاری‌و پیشەوەری‌یەو ئەتوانێ جیهـــان ئاوەدان بکاتەوەو کۆمەڵ ڕێك بخاو چاری گیروگرفتی دونیا بکا ، ئەم ئادەمی‌زادە بەرزە بەڕێزە هەمیشە باوەڕی هـەیە کە والە ژێر گۆڕانی حـــاڵدا ، ساغەو نەخۆش ئەکەوێ ، گەدایەو دەوڵەمەند ئەبێ ، دەوڵەمەندەو گەدا ئەکەوێ ، بێ‌ڕێزەو ڕێز پەیدائەکا ، بەڕێزە بێ‌ڕێز ئەبێ‌و لە ئەنجـامدا لەو هێزەوە کـە هەیەتی بێ‌هێز ئەبێ‌و بە هیچ جـــۆرێ چـــاری ئەم بێ‌هێزی‌یەی پێ ناکرێ هەتا هەناسەی لێ ئەچرێ‌و ئەمرێ‌و بێ‌گیـــان دائەکـــەوێ •

ئادەمی‌زاد کە شعووری بێ بەم نوقسانو داماوی‌یە بـــە ڕاستی ئەزانێ پێویستی هـەیە بە پەروەردگارێـکی خاوەن دەستەڵاتو لـــە نەبوونەوە بوونەوەر بـکا ، ئەوەیش زاتی خودایە •

دووەم ئینسانێ ئەڕوانێ ئەجزای ئەم جیهانە یا وشکە وەکو بەرد،

وەیا زیادو کەم ئەکـا وەکو گیـا بەڵام بێشعوورە ، وە یاخود زیادو کەم ئەکـاو گیـاندارە وەکو ئەنواعی گیانلەبەرانی جیهان • وە بەرزترینی گیانداران ئادەمیزادە لەگـەڵ ئـەوەدا هەمیشە شعووری هـەیە بە نوقسانی خۆیو هەوڵ ئەدا بۆ ئەوە پێ بـگاو قەت ناگاتە پایەیێ کـە ئیحتیاجی بە غەیری خۆی نەبێ • وەهەر شتێ غەیری خۆی لەوانـەی وان لەبەر چاویدا وەکو ئەو دامـاوو نیازمەندن • کە وابێ بە شعووری صاف باوەڕ ئەکـا بەوە کەسێ هەیە کە هەمووکەسێو هەموو گیانلەبەرو بێگیانێ لە ژێر هێزو تەوانایی ئەودا بنو ئیدارەیان بکا •

سێیەم ئادەمیزادی ژیر ئەڕوانێ قـەت نانێ بێ نانەواو بەرگێ بێ دروومانی کەسێو خانوویەك بێ وەستا بینا نەبووە ، دەی چۆن باوەڕ ئەکا بەوە ئەم عەرزو ئاسمانەو ئەستێرە جوانانەو ئەم کۆسارە پڕ لـە کانیو ئاوو گوڵو گولزارەو ئەم دەشتو ساراو سەر چەشمە ڕەوانە بە بێ پەروەردگارێ پەیدا بوون ؟

چوارەم ئادەمیزاد تەماشای هـەر دەسکارێـکی دڵـگیر بکا وەکو سەعاتێ یا مەکینەیێ یا فڕۆکەیێ سەری سوڕ ئەمێنێ لـە ژێـری دروستکەرەکەی ، دەی کاتێ بێ تەماشای ئەم ئاسمانە بەرزە بـکاو بڕوانێ بۆ ئەو ئەستێرە درەخشانە جوانانەو بیر بـکاتەوە لـەو دەورەو هەڵسوڕانی بەردەوامەیان کـە بە درێژی کات بە موویێ لـە ئەندازەی خۆیان کـەمو زیاد ناکەن ، وە تەماشای ئەم (قرص)ی هەتاوە بـکا کـە ملیۆنێ جار بە قەدەر کوورەی عەرزە ، وە تەماشای (الشعری الیمانیة) بـکا کە لەسەر کەشفی عیلمی ملیۆنێ جار لە ڕۆژ گـەورەترە ، وە تەماشای لەشی خۆی بـکاو بیر بـکاتەوە لـە هێزی چـاوو گوێچـکەو دەماغو نوخاعی شەوکیو تەماشای جموجوڵی دڵو هاتوچۆی خوێنی بە

ڕەگەکانی لەشیداو ڕێکخستنی ئیسقانو جمگەو ڕەگ و پەیوەندیان بــە یەکەوە بــکا ، مادام ژیرو خاوەن ئینصاف بێ بلوەڕێکی باش پەیدا ئەکا بەوە کــە وا پەروەردگارێکی زیندووی زانای تەوانای هەیە کــە ئەم وەزعەی دروست کردووە •

پێنجــەم ئینسان کــە تەماشای ئاسمانو ئەستێرەکانو مانــگ و ڕۆژو عــەرز ئەکا بە ڕووناکی حاڵی ئەبێ ئەم ئەجزای جیهانە هەمووی ڕام کراون بۆ هەڵسوڕانو کارکردن بۆ ئەوە گیانلەبەران بژین ، کــە وابێ ئەمەی والە بەر چاودا هەمووی وەکوو کرێــکارێ وانە کــە ڕام کراین بۆ ئیش کردن ، وە لەم بیرەوە تێ ئەگا ئەو کەسەی ئەمانەی ڕام کردووە بۆ کــار ئەوەیە پەروەردگاری هەموو ئەم جیهانەیەو ئەجزای جیهان هەموو خزمەتکارن بۆ فەرمانی ئەو •

شەشەم ئەمەیە ئیمە کــە تەماشای جیهان ئەکەین چ بەشی بەرزیو چ بەشی نزمی ، یا ئەبێ هەمووی (ممکنات)و دروستکراو بێ ، یا ئەبێ هەمووی (واجب الوجود)و پەروەردگار بێ یا بازێــکی (ممــکن)و بازێــکی (واجب) بێ ، بە ئاشکرا دیارە هەمووی (واجب) نیە ؛ چونکی گەلێ ئەجزای نابوود ئەبێ ، وەیا ئەگۆڕێ بە شتێکی تر مەسەلا گــەلێ مادەی عەرز ئەبێ بە ئاوو ئاو ئەبێ بە هەواو هەواو بوخاریش ئەبێ بــە بارانو ئەرژێتــە ســەر عــەرز ، وە ئەو بارانەیش گەلێکی مەحــــوو ئەبێتەوەو نابوود ئەبێ •

وە دیارە شتێکی وا ئەم گۆڕانو نەمانەی بە سەردا بێ قابیلی ئەوە نیە بە پەروەردگــار دابنرێ ، وە نابێ بازێــکی (واجب الوجــود)و پەروەردگــارو بازێــکی دروستکراو بێو لــە (ممکنات) بژمێررێ ؛ چونــکی فەرق کردن لە بەینی ئەجزای جیهان بەم جۆرە : بازێــکی بە

(واجب الوجود)و بازێـکی بە (ممکن) دا بنێت حوکمێکی بێ دەلیلو دەرچوونە لە یاسای ڕاست • کـە وابێ پێویستە هەموو ئەجزای جیهان لـە (ممکنات) بێو پەروەردگارێـکی خاریج لەو کۆمەڵەیەی ببێ ، کە هەموو ئەمانەی دروست کردبێ • وە بە ئاشکرا دیارە ئەو شتە خاریجە نابێ لە (ممکنات) بێو نابێ زاتێـــکی بێ زانستو تواناییو خواستو خواهش بێ ؛ چونـکی لە شتی بێزانستو ناتەوانەوە نیظامو یاســـای ڕێـکوپێکی دەوامدار پەیدا نابێ •

دوورە لە شعوور شتی بێشعوور
بکرێ بە خاوەن بۆ یاساو دەستوور
کە وابێ خالیق زیندوو زانایە
لەسەر خواستی خۆی باش تەوانایە
جیهان سەرانسەر لە شەهادەو غەیب
دروست کراوە بۆ خودای بێ عەیب
کائینات هەمووی کرداری ئەوە
نمێ لە دەریای ئاساری ئەوە
بەو کەسەی ناوی طەبیعەت ئەبا
کە پێی گەیشتی مەڵێ : مەرحەبا
چونکی طەبیعەت ئەر بێ شعوورە
زاتی بێ شعوور لە یاسا دوورە
ئەگەر زاتێـکی زیندوو زانایە
مەڵێ : طەبیعە ، بڵێ : خودایە
سا خوا بە حەق سیری هیدایەت
بە حەقی سیری عەونو عینایەت
بە حەققی سیری مەعنای ئیلاهی

مەمان هاوێژە دەریای گومراهی
شارەزامان کە بۆ ڕێگەی شعوور
بۆ ڕێی بەندەیی بۆ یاساو دەستوور
بۆ باوەڕکردن بە خودای بێ عەیب
زانای عالەمی شەهادەتو غەیب
دڵمان پڕ بکە لە نووری ئیحسان
تا بێینە ڕیزی بەڕێزی ئینسان
تا لە مەحشەردا بە شەوقو شادی
وەربگرین بە دەست نامەی ئازادی

نووري ئیمان بە مەلائیکەی خودا

ئیمان بە (ملائکة) فریشتەکان ئەمەیە : بە دڵ باوەڕت بێ کە مەلائیکە نەوعێکن لە مەخلووقی خوداو خودا دروستی کردوون لە مادەیەکی نوورانیو ڕووناك بە فەرمانی : (کن فیکون) بە بێ باوكو دایك ، وە جیسمیان لەطیفو ناسکەو ئەتوانن خۆیان بنەنە هەر صوورەتێو شێوەیەکی پاكو خاوێن ، وەکو : ئینسانو پەلەوەر . وە پاکن لە نەفسو ئارەزووی نابار ، وە خواردنو نوستنیان نیەو کارو کردەوەیان زیکرو طاعەتی زاتی خودایەو قەت نافەرمانی خودا ناکەنو دەوامیان هەیە لەسەر بەجێهێنانی ئەوکارە خودا سپاردوویەتی پێیان ، وە لەسەر بەیانی ئایاتی قورئان مەلائیکەکان مەئموورن لەسەر گەلێ کاری جیهان ، لە عەرزو لە ئاسماندا ، وەکو : هەورو باو بەفرو بارانو بازاتی گیانلەبەران لە نەوعی ئادەمیزادو غەیری ئادەمیزاد ، وە بازێکیان نووسەری کردەوەی ئادەمیزادن ، وە بازێکیان دەفتەری

کردەوەی ئینسان ئەبەنەوە بۆ ئاسمان بەیانیو ئێواران • وە بازێ مەئمووری پرسیاری مردوونو بازێ مەئمووری ئازاردانی مردوون لە گۆڕدا ، یا لە دۆزەخدا لە قیامەتدا ، وە بازێکیان مەئمووری خزمەتکردنی ئەهلی بەهەشتن • ژمارەیان واله عیلمو زانیاری خودای تەعالادا •

وە چوار صینف لەم فریشتانە لە باقی فریشتەکان گەورەترن •

یەکەم :

(کروبي) کە مەشغوولی سەناو ستایشی زاتی خودان •

دووەم :

(روحاني) ئەوانیش هەروا ئەهلی تەقدیسی زاتی خودان •

سێیەم :

هەڵگرانی عەرش کە لە عالەمی دونیادا چوارنو لە ڕۆژی قیامەتدا ئەبن بە هەشت •

چوارەم :

(مقربین) وە لەم صینفەدا چواریان ناویان دیاری کراوە ، یەکەم : جوبرەئیل ، کە مەئمووری هێنانی فەرمانی خودایە بۆ سەر پێغەمبەران • دووەم : میکائیل ، کە مەئمووری بەشکردنی رزقو ڕۆزی گیانلەبەرانە • سێیەم : عەزرائیل ، کە مەئمووری گیانکێشانی زیندوانە • چوارەم : ئیسرافیل ، کە مەئموری نەفخی صوورە ، کە دوو جار فوو ئەکا بەو صوورەدا جارێکیان بۆ بەربادکردنی کەژو کۆسارو سافکردنی عەرزو مراندنی هەموو گیانلەبەران مەگەر

ئەوانەی کە خـــودا جیـای کردوونەتەوە ، وە جـــاری دووەم بۆ زیندووکردنەوەی هەموو مردووانی جیهان ، هــــەتا هەمووبڕۆن بۆ مەحشەر ، بۆ پرسیارو حسێبی کردەوەی هوشیاران •

وە ئەم چوار کەســـە مەئموورییان زۆر هـــەیە بۆ بەجێهێنـــانی ئەوەی کە وا خودای تەعالا پێی سپاردوون •

وە لەناو نەوعی مەلائیـــکەدا ســــەردارو فەرماندار زۆرن بۆ بەجێهێنانی ئادابی خۆیان ، سەرداری ئەهلی دۆزەخ ناوی (مالك)ەو نۆزدە تاقم لە مەلائیکەی عەزاب وان لە ژێر فەرمانی ئەودا ، وەیا نۆزدە کەسن‌و نوقـــەبان لـــە وێدا ، وە ســەرداری مەلائیـــکەی بەهەشت ناوی (رضوان)ە ژمارەی ئەفرادو ئەصنافی ئەوانە واله عیلمی خودادا •

نووري ئیمان بە (جن)و پەری

لەســـەر بەیانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ جننی نەوعێکن لە مەخلووقی خاوەن‌شعوورو زانیـــاری ، خودا دروستی کردوون لە مادەی ئاگر ، وە ئەمانە بە یاسای تەناسول بە زایین پەیدا ئەبن ، وە بەر لە ئادەمی‌زاد ئەوان لەسەر عەرزدا بوون •

وە جننی وەکو ئادەمی خواردن‌و نوستن‌و نەخۆشی‌و مردنیـــــان هەیە ، هەروا کافرو موسولمانیشیان هەیە ، وە ئەتوانن خۆیان بگۆڕن بە صوورەتی پاك‌و پیس‌و ئیستاش لە جیهاندا مەوجوودن ، ئەوانیش لـــە ڕۆژی مـــەحشەردا زیندوو ئەکرێنەوەو حسێبی کردەوەیان ئەکرێ ، وەکو ئادەمی‌زاد ، وە کافریان لە دۆزەخداو موسولمانە کانیسان وان لـــە بەهـــەشتا •

وه پێویسته ئینسان باوه‌ڕی بێ به‌وه‌ که‌ جنتی مه‌وجوودن‌و پێغه‌مبه‌ر ـ صلی الله علیه وسلم ـ له‌سه‌ر نه‌صصی قورئانی پیرۆز ڕه‌وانه کراوه بۆ سه‌ر ئه‌وانیش‌و بانگی کردوون بۆ سه‌ر ئایینی ئیسلام‌و بازێکیان ئیمانیان هێناوه پێی‌و سووره‌تی (الجن) له قورئاندا باسیان ئه‌کاو له چه‌ند سووره‌تی قورئاندا باسیان هه‌یه • خودای ته‌عالا له سووره‌تی (الذاريات)دا فه‌رموویه‌تی : (وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون) واته : په‌ری‌و ئاده‌میزادم هه‌ر بۆ ئه‌وه دروست‌کردووه که عیباده‌تی من بکه‌ن • ئیمان به جن له ئه‌رکانی دینی ئیسلامه •

وه شه‌یتان که خودا له‌عنه‌تی لێ کردووه‌و له قاپی ڕه‌حمه‌تی خۆی ده‌ری کردووه له‌م نه‌وعی جننه‌یه ، خودا فه‌رموویه‌تی : (كان من الجن ففسق عن أمر ربّه) واته شه‌یتان له نه‌وعی جننی بوو به‌ڵام له فه‌رمانی خودای خۆی ده‌رچوو •

وه شه‌یتان دژمنی موسوڵمانانه‌و نه‌ته‌وه‌و شوێن‌که‌وتووانی زۆرن • نه‌فسی ئاده‌میزادو هێزی خراپه‌ی یارمه‌تی شه‌یتان ئه‌ده‌ن بۆ ئه‌وه که ئینسان گومڕا بکاو له ڕێگه‌ی ڕاست لای بدا • هۆی ده‌رکردنی شه‌یتان ئه‌وه بوو :

کاتێ که خودای ته‌عالا ئاده‌می دروست کردو فه‌رمانی‌دا به مه‌لائیکه‌تان سوجده‌ی ئیحتیرامی بۆ به‌ن ـ شه‌یتانیش له ناو مه‌لائیکه‌کاندا بوو و ڕێزی لێ ئه‌گیرا ـ جا کاتێ مه‌لائیکه‌کان سوجده‌یان برد بۆ حه‌زره‌تی ئاده‌م ـ علیه السلام ـ شه‌یتان سوجده‌ی نه‌بردو وتی : ئاده‌م له گڵ دروست کراوه که ماده‌یه‌کی تاریك‌و بێ نووره‌و من له ئاگر دروست کراوم که ماده‌یه‌کی ڕووناك‌و نوورانی‌یه‌و که واته گه‌وره‌ترم له ئاده‌م‌و سوجده‌ی بۆ نابه‌م •

جا لەسەر ئەمە خودای تەعالا غەزەبی لێ گرت و دەری کرد •
جا شەیتان وتی : سوێند ئەخۆم بە گەورەیی تۆ هەموو ئادەمی‌زادەکان گومڕا ئەکەم • خودایش فەرمووی : ئەو ئادەمی‌زادەو ئەو بەندە خالیصە پاکانە کە عیبادەت بۆ من بکەن تۆ ناتوانی گومڕایان بکەی ، وە ئەوانەیش کە پەیڕەوی تۆ بکەن لەگەڵتا ئەیانخەمە ناوی ئاگری دۆزەخەوەو عەزابیان ئەدەم •

جا پێویستە ئینسانی موسوڵمان ئاگادار بێ لەم دوژمنە کە زوربەی بە هۆی بایی‌بوونی ئینسانەوە زاڵ ئەبێ بە سەریدا • خودا بە کەرەمی خۆی بمان پارێزی لە شەڕی ئەم دژمنە نابارە •

نووري ئیمان بە پێغەمبەران سەلامی خودایان لەسەر بێ

پێغەمبەرانی خودا دوو بەشن :

یەکەم پێغەمبەرێکی وایە فەرمانی گەیاندنی ئەحکامی خودای پێ نەدراوە ، ئەم بەشە لە زمانی عەرەبدا پێی ئەڵێن : (نبي)و نەبی ئادەمی‌زادێکە خودای تەعالا شەریعەتێکی پێ دابێ و ڕەفتاری پێ بکا ، خواه خۆی بیگەیێنێ بە باقی ئادەمی‌زاد یا نەی‌گەیێنێ •

بەشی دووەم پێغەمبەرێکی خاوەن شەریعەت و خاوەن کتێبەو فەرمانی پێ دراوە بی‌گەیێنێ بە ئەهلی عەقڵ • ئەم بەشە لە زمانی عەرەبدا پیێ ئەڵێن : (رسول) •

ئەوەڵ کەسێ لەمانە کە ئەحکامی گەیاندووە بە ئادەمی‌زاد ئادەمە ـ علیه السلام ـ کە باوکی ڕشتەی ئادەمی‌زادەو ئاخر یەکێ

له وانه حه‌زره‌تی موحه‌ممه‌ده ـ صلى الله عليه وسلم ـ كه كوڕی (عبدالله) كوڕی (عبدالمطلب) كوڕی (هاشم) كوڕی (عبدالمناف) له طائیفه‌ی قوره‌یش‌و له نه‌ته‌وه‌ی حه‌زره‌تی ئیسماعیلی كوڕی حه‌زره‌تی ئیبراهیم‌و له شاری (مكه)دا له دایك بووه له تاریخی پێنج‌صه‌دو حه‌فتاو یه‌كی میلادی‌دا ـ یانی له دایك‌بوونی حه‌زره‌تی عیسای كوڕی مه‌ریه‌م سه‌لامی خودایان له‌سه‌ر بێ ـ ٠

ئه‌م زاته له ته‌مه‌نی چل ساڵه‌دا خودا كردی به پێغه‌مبه‌رو ئه‌هلی مه‌ككه‌و ئه‌طرافی بانگ كرد بۆ وه‌رگرتنی دینی ئیسلام ٠ وه له لایه‌نی خوداوه قورئانی بۆ هاته خواره‌وه‌و سیازده ساڵ له مه‌ككه مایه‌وه ، جا به فه‌رمانی خودا كۆچی كرد بۆ شاری مه‌دینه‌ی منه‌وه‌ره‌و له وێدا یارمه‌تی‌ده‌ری ده‌ست‌كه‌وت‌و له ماوه‌ی ده ساڵدا كه ژیا له مه‌دینه‌دا شاری مه‌ككه‌ی گرت‌و دینی ئیسلامی دامه‌زراند له ناو عاله‌مدا ٠ جا له ته‌مه‌نی شه‌ست‌وسێ ساڵیدا له مه‌دینه‌دا موته‌وه‌فا بووو له حوجره‌ی خۆیدا ده‌فن كرا ـ سه‌لامی خودای له‌سه‌ر بێ ـ ٠

وه له پاش وه‌فاتی ئه‌و به تێكۆشینی خه‌لیفه‌كانی ئیسلامیان ڕاگه‌یاند به گه‌لێ نوخته‌ی جیهانداو تا ئیسته ئه‌م دینی ئیسلامه به‌رده‌وامه‌و هیوامان وایه هه‌ر به‌رده‌وام بێ ٠

وه پێویسته له‌سه‌ر هه‌موو موسوڵمانێ كه ئیمان‌و باوه‌ڕی بێ به هه‌موو ئه‌و پێغه‌مبه‌رانه كه خودای ته‌عالا ناردوونی بۆ بانگ‌كردنی ئاده‌می‌زاد بۆ دینی خودا ، ژماره‌ی ئه‌وانه له‌سه‌ر فه‌رمووده‌ی حه‌زره‌ت ـ صلى الله عليه وسلم ـ سێصه‌دو سیازده‌یه‌و له ناو ئه‌وانه‌دا بیست‌و شه‌ش كه‌سیان له قورئانی پیرۆزدا ناویان براوه ، وه ئه‌وانه ئه‌مانه‌ن :

(آدم ، ادریس ، هود ، صالح ، نوح ، ابراهیم ، لوط ، اسماعیل، اسحاق ، یعقوب ، یوسف ، أیوب ، شعیب ، موسی ، هارون ، الیاس ، ألیسع ، ذو الکفل ، یونس ، داود ، سلیمان ، عزیر ، زکریا ، یحیی، عیسی ، وسیدنا محمد ــ صلی الله علیه وسلم ــ) کــه ئاخری ڕشتەی پێغەمبەرانە ، وە لە پاش ئەو پێغەمبەری تر نابێ ، وە ڕەوانە کراوە بۆ لای هەموو ئادەمی‌زادو جن کە ئیمانی پێ‌بێنن‌و بە هۆی ئیمانەوە بــگەن بـە پیرۆزی هــەتا هــەتایە .

وە پێویستە هەموو موسڵمانێ باوەڕی ببێ بەوە کە سێ صیفــەت پێویستە بۆ پێغەمبەران ــ سەلامی خودایان لەسەر بێ ــ یەکەم : صیدق ، واتــە : ڕاستی لــە وتارو ڕەفتــاردا ، دووەم : ئەمــانەت ، واتە : خودا فەرمانی هەرچی پێداوە بیگەیێنێ بە ئەهلی جیهان . سێیەم : فەطانەت ، یانی : ژیری‌و زیرەکی بۆ ئەوە لــە کاری خۆیداو لــە خزمەت‌کردنی پەیڕەوەکانیدا ئامادەو ئازادو کارلێ‌هاتو بێ . وە فیعلــەن ئەم صیفەتانە بۆ هەموو پێغەمبەرەکان بووە ، وە هەر کەسێ تەماشــای مێژووی ئەوان بــکا باش لەم باسە ئاگادار ئەبێ .

وە هۆی ئیسباتی ڕیسالەت دەرکەوتن (معجزە)یە لەســەر دەستی ئەواندا موعجیزە شتێکە خیلافی عادەت‌و بە کەسب دەست‌نەکەوێ ، وەکو مــانەوەی ئیبراهیمی خەلیل لە ناو ئاگرداو گۆڕانی عاسای مووسا بە مارو کرانەوەی ئاوی (نیل) بۆ بەنی ئیسرائیل لە کاتی دەرچوونیان لە شاری میصر بۆ سارای سینا ، وەکو مەشهوورە لە لای زانایان ، وەکو موعجیزەی زیندووکردنەوەی مردوو بە ئەمری خودای تەعالا لەســەر دەســتی حەزرەتی عیسادا ــ علیه السلام ــ وەکو موعجیزەی قورئانی پیرۆز کــە نازڵ بووە لە لایەنی خوداوە بە هۆی فریشتەی پیرۆز جوبرئیل بۆ ســەر

پێغەمبەر ــ صلى الله عليه وسلم ــ •

وە جیهەتی ئیعجازی قورئان ئەمەیە هەر چەند بە زمانی عەرەبی یە هیچ کەس لە عالەمی عەرەب‌و غەیری عەرەب نەیتوانیوە سوورەتێ وەکو سوورەتەکانی قورئان دابنێ ، وە ئەم قورئانە هەر چەند چواردە قەرن پێش ئیمڕۆ هاتووەتە خوار باسی گەلێ ئەوزاعی ئاسمانی‌و هاتوچۆی ئەستێرەو ئەوزاعی عالەمی تێدایە ، ئیستەیش زانای گەورە نەبێ حالی نابێ لێی ، وە گەلێ ئەخباری غەیبی = پەنامەکی = تێدا هەیە چ لە سەبارەتی زەمانی ڕابوردووەوەو چ سەبارەتی زەمانی داهاتووەوە •

وە لە حەقیقەتدا ئەم موعجیزانە بەر قانونی دونیایی‌و یاسای کەسبی ئادەمی‌زاد ناکەون ، واتە کەس ناگا بەوانە بە هۆی خوێندن‌و دەرزوەرگرتن‌و فەن فێربوونەوە ، بەڵکو هەر بە خواستی خودا بووە •

وە پێویستە هەموو موسوڵمانێ باوەڕی وابێ کە پێغەمبەران سەلامی خودایان لێ بێ ــ (معصوم)ن واتە پاکن لە تاوان ؛ چونکی ئەم پێغەمبەرانە خودا هەڵی‌بژاردوون بۆ تەمێ‌و تەربیەی ئادەمی‌زاد بۆ ئەوە کە ببن بە پێشەواو ڕەهبەری ئوممەت لە خوو ڕەوشت‌و کارو کردەوەو وتارو ڕەفتاردا • وە ئەگەر پێشەوا ناقیص‌و ناتەواو بێ‌و یا تاوانبار بێ ناتوانێ ئەوکاری خۆیە بباتە سەر ، وە ئوممەت پەیڕەوی ناکەن •

وە خودای تەعالا لە ئایەتی قورئاندا گەلێ تاریفی پێغەمبەرانی کردووەو بەیانی ئەوەی کردووە کە ئیختیاری پێغەمبەرانی کردووە بە سەر هەموو ئەهلی جیهاندا ، وە گەلێ گەلێ پێویستە ئینسان لەگەڵ ظاهیری ئایاتی قورئاندا بڕوا بە ڕێداو ئیمانی ببێ بەوە کە پێغەمبەران مەعصوومن‌و پێویستە بۆ موسوڵمان باوەڕی ببێ بەوە کە لە ناو ئەو

پێغەمبەرانەدا کە خودا ناوی بردوون لە قورئاندا پێنج کەسیان لە باقی یەکان گەورەترن ، کە مەشهوورن بە پێغەمبەرانی (اولو العزم) واتە : ئەوانە کە خاوەنی کاری بە (اهمية)بوونو دژمنیان زۆر بووەو زۆر خۆگر بوون ئەوانە ئەمانەن :

(نوح ، ابراهيم ، موسى ، عيسى ، محمد) ـ سەلامی خودایان لەسەر بێ ـ وە حەزرەتی (محمد) لە هەموویان گەورەترە ، وە خودای تەعالا فەرموویەتی بە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ : (فاصبر كما صبر أولو العزم من الرسل) واتە : صەبر بکەو خۆت بگرە لەسەر ئازاری وتارو ڕەفتاری ناباری ئەو دژمنانەت ، وەکو ئەو پێغەمبەرە خاوەن عەزمانە صەبریان کرد ، وە خودا فەرموویەتی : (تلك الرسل فضلنا بعضهم على بعض) واتە : ئەو پێغەمبەرانە بازێکیانم گەورە کردووە بەسەر بازێکیاندا • وە ئەوەی کە ڕیوایەت کراوە لە حەزرەتەوە فەرموویەتی : تەفضیلم مەدەن بەسەر یونسی برامدا • لەبەر (تواضع) بووەو بۆ ئەوە ئەبێ بە هۆی بێ ئەدەبی لەگەڵ بازێ لە پێغەمبەراندا ـ سەلامی خودایان لەسەر بێ ـ •

ئەگەر ئێمە تەماشای ئایاتو (أدلة)ی دین بکەین ئەزانین بێ گومان حەزرەت گەورەترە بەم دەلیلانە :

یەکەم :

دینی حەزرەت عاممە بۆ هەموو ئوممەتێو خودا کردوویەتی بە هۆی ڕەحمەتو میهرەبانی بۆ هەموو عالەم •

دووەم :

دینی ئەو (ناسخ)ی هەموو دینە پێشووەکانە ، بەڵام دینی حەزرەت

نەسخ و تێکچوونی بە سەردا نایێ •

سێیەم :

ئوممەتەکەی چاکترە لە هەموو ئوممەتەکانی پێغەمبەران ؟ کە وایێ خۆیشی گەورەتر ئەبێ لەسەر هەموو پێغەمبەران ـ سەلامی خودایان لەسەر بێ ـ •

چوارەم :

ئەوەڵ کەسێ کە لە ڕۆژی قیامەتدا شەفاعەت و تکا بکا ئەوە •

پێنجەم :

خۆی فەرموویەتی : (أنا سید ولد آدم ولا فخر) واتە : من گەورەی نەتەوەی حەزرەتی ئادەمم و فەخر ناکەم •

شەشەم :

موعجیزەی ئەو کە قورئانی پیرۆزە پایەدارە تا ڕۆژی قیامەت • وە گەلێ دەلیلی تر هەیە لەسەر ئەم مەبەستە کە لە شوێنی خۆیاندا نووسراون •

وە حیکمەت و سیڕی ناردنی پێغەمبەران بۆ سەر ئادەمیزاد ئەمەیە :

کە خاوەن هۆشان ئامادە بىن بۆ عیبادەت کردنی خودای تەعالا و بە هۆی ئەو عیبادەتەوە (استحقاق)ی پیرۆزی نەبڕاوە بىن و لە بەهەشتدا دەوام بکەن هەتا هەتایە • وە یارمەتی دانی عەقڵە بە نووری دین لەبەر ئەوە ئەو شتە کە مەنعی ئادەمیزاد بکا لە ڕەفتاری ناهەموار لەدەس بردن بۆ نەفس ، یا ناموس ، یا ماڵ و دارایی خەڵك ، وە یا

بەرەڵڵابوون لە هەواو ئارەزوودا عەقڵەوویژدان ، وە نیظامو یاسای زەمانەیە کە بە عەقڵ دائەمەزرێ ، وە نیظامی دروستکراو هەر لەبەر چاوداو لە کاتی دیاریدا مەنعی ئینسان ئەکا لە رەفتاری خراپ ، ئەمما ئیمان بە پرسیاری قیامەتو ترسی ئازاری رۆژی پاشەرۆژ بۆ هەموو کاتێ ئینسان ئەپارێزێ لە هەرچی کاری نابارو ناهەموارە ، وە هەو ئینسانێ کە بە راستی خودا پەرستو خاوەن دین بێ خوی ئەپارێزێ لە هەموو تاوانێ •

نووري ئیمان بەو کیتابانە خودا ناردوني بۆ پێغەمبەران

ئیمان بەو کیتابانە پێویستە بە چوار شت :

یەکەم :

ئیمانو باوەڕ بەوە کە ئەو کیتابانە بە وەحییو ناردنی خودای تەعالایە بۆ لای پێغەمبەران ، وە ئەوانە لە قەبیلەی فێربوون لە ئادەمیزاد وەیا لە بابەتی سیحرو جادوگەرییو لەو شتانە نین کە شەیاتین (القاء)یان کردبێ بۆ لای ئەو پێغەمبەرانە •

دووەم :

ئیمانو باوەڕ بەوە کە ئەو کتێبانە بە واسیطەی مەلائیکەی گەورەوە حەزرەتی جوبرەئیل ـ علیه السلام ـ بە خاوێنی هاتوون لای خوداوەو گەیشتوون بە پێغەمبەرەکان بە بێ ئەوە کە عەلاقەی جننی یا ئادەمیزاد یا کەسێکی تریان تێدا بێ ، وە خودا پاراستوونی لە هەموو دەخیلەیێ •

سێیەم :

ئیمان‌و باوەڕە بەوە کـە ئەو قورئانە هـاتووەتە خـوار بۆ لای حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ لـەو ڕۆژەوە هاتووەتە خـوار تا ئەمڕۆ هیچ عەیبێ‌و زیانێکی تووش نەبووە •

چوارەم :

ئیمـان‌و باوەڕە بەوە کـە ئایاتی قورئان دوو بەشن : (محـکم) واتە : ڕوون‌و دامەزراو • وە (متشابە) واتە : دائیو لەبەینی چـەند مەعنادا بە ئیحتیمالی عەقڵ • وە ئایەتە (محکم)ەکان ڕووناکن‌و ئایەتـە (متشابە)ەکان قیسمێ لە زانایانی سەلەف = پێشینان = حـەواڵەیان کردوون بە خودا باسی مەعنایان نەکردوون ، وە بەشی دوایی (تأویل)یان کردوون بە تەئویلی ڕووناکی موناسب • بۆ وێنە ئەڵێن : مەعنـای (ید الله فوق أیدیهم) واتە : دەستەڵاتی خودا زیاترە لـە دەستەڵاتی ئـەوان •

وە لەم کتێبانە کە هاتوونەتە خوار ژمارەیان صەدو چوارە • دە صەحیفە بۆ حەزرەتی ئادەم • پەنجا صەحیفە بۆ حەزرەتی (شیث) • سی صەحیفە بۆ حەزرەتی (ادریس) دە صەحیفە بۆ حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل • تەورات بۆ حـەزرەتی مووسا‌و زەبوور بۆ حەزرەتی داوودو ئینجیل بۆ حەزرەتی عیسا‌و قورئانی پیرۆز بۆ حەزرەتی موحـەممەد ـ صلی الله علیه وسلم ـ •

وە لە هـەر ماوەیەکدا کە پێغەمبەرێ نێرابێ‌و کتێبی تایبـەتی بۆ نەهاتبێ ، هەر بە کتێبی پێغەمبەرە پێشووەکە ڕەفتاری کردووە ، مەسەلا کتێبی تەورات هـاتووە بۆ مووسا‌و هەموو پێغەمبەرانی بەنی ئیسـرائیلی

ڕەفتاریان پێ کردووە تا ئینجیل نازڵ بووە بۆ حەزرەتی عیسا ــ علیــه الســلام ــ •

وە قورئان کە لە سەری چل ساڵی تەمــەنی حەزرەتەوە هاتووەتە خوار ئەوەڵی نازڵبوونی لــە حەفدەی مانــگی ڕەمەزانی ساڵی چــل بووە لە تەمەنیو ئاخرەکەی لە چەند ڕۆژێ پێش وەفاتی حــەزرەتدا نازڵ بووە ، واتە لە ماوەی بیستو سێ ساڵدا هەمووی هاتووەتە خوار بۆ حەزرەت ــ صلی الله علیه وسلم ــ •

وە قورئان لــە پاش وەفاتی حەزرەت ــ صلی الله علیــه وسلم ــ دوو جار جەمع کراوەتەوە ، جــاری یەکەم لە زەمانی خــەلافەتو جێگەداری (ابو بکر الصدیق)دا ــ خودای لێ ڕازی بێ ــ کـــە بە ڕاوێژ لەگــەڵ عومەرو باقی ئەصحابەکان زەیدی کوڕی ثابت کـــاتبی وەحیی ئامادە کرا بۆ ئــەوە ، هەموو ئایاتی قورئانو سوورەتەکـــان نووسرایەوەو لــە لای حەزرەتی ئەبوبەکردا مـایەوە ، وە لــە پاش وەفاتی ئەو کەوتە لای حەزرەتی عومەر خەلیفەی دووەم هەتا زەمـــانی خەلافەتی عوسمان •

جاری دووەم لە زەمانی حەزرەتی عوسماندا جەمع کرایەوە بــە ئاگاداری لوجنەیێ لە ئەصحابەکانو حەزرەتی عەلی ئیشرافی ئەکرد بەسەر ئەو لوجنەدا • وە مەبەست لەم جەمعە ئەمە بوو کـــە هــەرچی موسوڵمانانــــە گرد بنەوە لەسەر یەك نەوعە خوێندنەوە بۆ قورئانو ئیختیلاف لە (رسم الخط)ی قورئاندا نەمێنێ •

جا هــەزار جار خودا ڕازی بێ لە هەموو یارانی حەزرەت ، بــە تایبەتی لە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەلیو یارمەتیدەرەکانیان کــە

موسوڵمانیان لە گێژاوی ئیختیلاف لە خوێندنەوەی قورئان ڕزگـار کرد هـەتا هـەتایە ، ئیتر گوێ مـەدەن بەوەی ئەیەوێ لەهجەی قورئان بشێوێ •

نووري ئیمان بە قەزاو قەدەر

ئیمـان بە قـەزاو قەدەر ئەمەیە ئینسان باوەڕی ببێ بەوە هەرچی هـەیە لـە جیهانداو هـەرچی بووەو هەرچی لـە مەولا ئەبێ هـەمووی لەسەر علمو زانیاری خودای تەعالاو لەسەر هێزی دروستکردنی ئەوە کـە وابێ ئاسمانەکانو ئەستێرەکانو مانگو ڕۆژو هـەواو ئەئیرو بەرقو ئاوو عـەرز بە هەموو کانەکانو گیاو دارو گیانلەبەرەکـانە هەمووی بە ئیجادو دروستکردنی خودایە ، وە هەموو ئەوانە کە خاوەن دینو خاوەن یاسای شەرعن باوەڕیان بەو وتارە هەیە •

بەڵێ لەو کارانەدا کـە لەسـەر ئارەزوو خواست لـە ئینسانەوە پەیدا ئەبێ ، وەکو هەستانو دانیشتنو خواردنو خواردنەوەو ڕۆیشتنو هەڵمەتبردنو وێنەی ئەمانە • بازێ تاقم لە زانیارانی جیهان وتویانە : بە تەئسیری خاوەنەکەیانەو ئەوان دروستیان کردوە یا دروستی ئەکەن ، وە ئەم بیرەیش بەتاڵ کراوەتەوە بە چەند دەلیل :

یەکـەم :

هـەر کەسێ شتێ دروست بـکا پێویستە ئەندازەو چلۆنیەتی ئەو شتە بزانێ (مع انه) ئەو کەسـە بازێ ئەبا یا بەردێ فڕە ئەدا نازانێ چەند گەز یا چەند سانتیم بازی بردووەو چەند گەز بەردەکەی ئەڕوا هەتا دائەکەوێ ، وە ئەگەر زۆر بیریش بکاتەوە هەر نایزانێ ، هـەروا

ناشزانێ لەو هەڵمەتەدا وە یا لەو بازەدا بردوویەتی چەند ڕەگ لـــە لەشیا جوڵاوەتەوە ، دیارە یەکێ شتێ دروست بکا ئەبێ چەندیەتو چلۆنیەتی ئەو شتە بزانێ •

دووەم :

ئەگــەر کردەوەی ئادەمی بە دروستکردنی خۆی بیزانێ ئەبوو هەر کەسێ خەتێ بنووسێ لـــە کـــاتی مونافەسەدا ئەوەندە جوانی بنووسیایێ کە لە موقابیلەکەی پاش نەکەوێ •

کـە وابێ بیری دروستکردنی ئادەمی بۆ کردەوەی خـــۆی هەڵەیەو هەر خودای پەروەردگار دروستی ئەکا ، ئەوەندە هـــەیە ئەم ئینسانە عەلاقەیەکی هەیە بەو شتەوە وەکو ئەوەی پێی ئەڵێن کـەسب ، واتە ئادەمی کاسبکارەو خودایش پەروەردگارە • وە ئەو عەلاقەی کەسبە ئەبێ بە هۆی مەسئولیەتی ئینسان لە کردەوەی خراپو ناباردا ، وە ئەبێ بە هۆی جەزاو پاداشی باش لە کردەوەی باشەدا •

وە حەقیقەتی ئەو کەسبە لە لای بازێ لە زانایانی (اصول الدین) عیبارەتە لە صەرفو هەڵسووڕاندنو تەوجیهی خواستی خۆیەتی بۆ لای ئەو شتە کە ئەبێ بە هۆی خەلقکردنی خودای تەعالا بۆ شتەکە •

وە ڕووناککردنەوەی ئەم مەوزووعە ئەمەیە کە ئینسان (ذاتا) خۆی بە خەلقو ئیجاد خودا دروستی کردووە ، هەروا عیلمو زانیاری بەو شتانە کە مەعلوومن بۆی ، هەروا هێزی ئیرادەو خواستی ، ئەویش هەر خودا دروستی کردووە بەڵام هەڵسوڕاندنی ئەو خواستەی بۆ لای مەبەستەکە بە دەستی عەبدەکە خۆیەتی ، وە ئەو هەڵسووڕاندنە ئەمرێکی جەوهەری نیـەو صیفەتێــکی حەقیقیش نیە وەکو ئیرادە ، بەڵکو صیفەتێـــکی

ئیعتیباری واقیعیو ڕاسته به دەلیلی ئەوە که خودا له قورئاندا نیسبەتی کەسبی داوە له نەفسی ئینسانو فەرموویەتی : (لها ما كسبت وعليها ما اكتسبت)واته بۆ نەفسی ئینسانە ئەوەی که پەیدای بکا له خێرو چاکەو لەسەر زیانی نەفسی ئینسانە ئەوەی که به عەمدو قەصد پەیدای بکا له کاری ناهەموار • وە خودا نیسبەتی عەمەلو فیعلو صیفەتی داوە له ئینسانی ژیر له قورئاندا وەکو فەرموویەتی : (ان الله عليم بما يفعلون)و فەرموویەتی : (والله يعلم ما تصنعون) دەی ئەم فیعلەو ئەم صەنعەتە ئەبێ کەسبەکەی بێ • جا ئەگەر یەکێ پرسیار بکا وبڵێ : مادام کردەوەی ئادەمیزاد لەسەر قەزای خودایە واتە لەسەر عیلمو زانیاری ئەوەو مەحاڵە کە عیلمی خودایش بە هەڵەدا بڕوا ، پێویستە کە کردەوەی ئادەمی بێتە جێگەو چارێ نامێنێتەوە بۆی ؟

وەلامەکەی ئەوەیە کە عیلمی خودای تەعالا وا ڕابوردووە کە ئەو ئینسانە لە پاش ئەوە دروست کراو عەقڵی پێدراو ڕەهبەریش تێی گەیاند کە کردەوەی چاكو خراپ چیەو چۆنە ، ئەو شەخصە بە ئارەزووی خۆی ئیختیاری خۆی هەڵئەسووڕێنێ بۆ ئەو شتەو جا خودایش بۆی دروست ئەکا ، جا بینا لەسەر ئەمە ئینسانەکە خۆی ئەبێ بە هۆی ئەو کارە کە خودا دروستی ئەکا •

خودا ئەزانێ ئەزەل تا ئەبەد

چی ئەکا ئەسعەد چی ئەکا ئەسوەد

چۆن ئیختیاری هەڵئەسووڕێنێ

بە مەیلی شەیتان دین ئەدۆڕێنێ

چلۆن پەیڕەوی ئەکا بۆ شەیتان

بۆ دەمانچەکەی ئەبێ بە قەیتان

مەلا بۆ تەمێ ئەڕوا بە صەد ڕەنگ
ئەویش ئەو مـەلا ئەداتە بەر سەنگ
کـــابرا عەقڵو دین ئەدا بە بادا
باڵ ئەگرێتەوە بە ســــەر هەوادا
دەماخی بەرزی پڕ ئەکا لە با
پەردەی شەرمی حەق لە ڕوو لا ئەبا
خودایش بەو جۆرە ئەو مەبەست ئەکا
لەسەر خواستی خۆی بۆی دروست ئەکا
ئەنا خوداوەند ستەمکار نیـــە
ڕەزای بە کـاری ناهــەموار نیە
لەسەر ئەم یاســا فریشتەی قودسی
ئەبێ بە کـاتب بۆ چارەنووسی
لەو کاتا منـــداڵ لە ناو سکدایە
خواستی (مکشوف)ی عیلمی خودایە
ســــەبقی کیتابیش لەسەر ئادەمی
بە ناحەق نیـــە لەسەر ظاڵمی
بەڵـــکو هــەر لەسەر عیلمی خودایە
بەو هەوا ئینسان لە کەللەی دایە
ئەگەرنا بۆچی ڕەهبـــەر ئەنێرێ
بۆچی کردەوەی بەشــەر ئەژمێرێ
بۆچی خـــوا ئەڵێ بە بابەو دایە
تەمێی ڕۆڵەیان بـــکەن بە مایە
ئینسان هوشیارەو ئامادەو ئازاد
ڕەهبەریش بۆی دێ بە وەعظو ئیرشاد

حەواس و کەللەو دەست و پێی ساغە
خاوەن شعوورەو خـــاوەن دەماغە
خۆی مەیلی چۆنەو چی مەبەست ئەکا
خودایش بەو جۆرە بۆی دروست ئەکا
چار هەر ئەمەیە شەخصی بەختیار
باش بە کـــار بێنێ جوزئی ئیختیار

نووري ئیمان به دۆزەخ

ئیمان بە دۆزەخ ئەمەیە ئینسانی موسوڵمان باوەڕی ببێ کە ماوەی باش مردنی تا زیندووبوونەوەی ڕۆژی قیامەت کە ناوی : (بەرزەخ)ە واتە : ناوبەینی ، ماوەیەکە ڕۆحی ئینسان عەلاقەی پەیدا ئەکاتەوە بـــە لەشەکەیەوە هەر چۆنێ ببێ وە ئەگـــەر بسوتێ و با بیبا یاخود بمرێ و دەڕەند بیخوا ، خودای تەعالا لەشێکی میثالی بۆ دروست ئەکـــات و ڕۆحەکەی پەیوەندی ئەبێ پێیەوە • جا کاتێ مردو بەجێما مەلائیـــکەی پرسیار دێنـــە سەری و پرسیاری خـــوداو پێغەمبـــەرو دین و ئایینی لێ ئەکـــەن ، جا ئەگـــەر لەسەر یاسای ڕاست وەڵامیان بداتەوەو خـــاوەن طاعەت بێ ئەوە بۆ خۆی ئەکەوێتە ناو ئاسایش و خۆشییەوەو تا ڕۆژی قیامەت لە نیعمەتی خودا بەشدار ئەبێ • وە ئەگەر وا نەبێ ئەوە ئەکەوێتە ناو ئازارو عەزابەوە ، بەو جۆرە بیروباوەڕو کردەوەی هەڵئەگرێ هەتا کاتێ لەو (استحقاق)ە ڕزگار ئەبێ •

وە دەلیل لەســـەر ئەمەی باسمان کرد لە ئایەت و فەرموودەی حەزرەتدا ـ صلی الله علیه وسلم ـ زۆرە بە جۆرێ کە مەعنای تێکڕایی

فەرمووده‌کانی حـەزرەت ئەگـا بە (تواتر)ەوە زانایانی ئیسلام لـە پێش پەیدابوونی ئەهلی خیلافدا بڕیاریان داوە •

دەلیل لە قورئانی پیرۆز :

یەکەم ئایەتی : (مما خطیئاتهم اغرقوا فادخلوا نارا) ـ ئایـەتی بیست‌و پێنج لە سوورەتی نوح ـ واتە : قەومی نوح ـ علیە السلام ـ لە بەر تاوانەکانیان غـەرق کران بـە ئاوی تۆفـانەوە (فورا) خرانـە ناو ئاگرەوە • وە دیارە ئـەو ئاگری کوتوپڕە ئاگری بەرزەخـەو ئاگری دۆزەخ نیـە •

دووەم : (النار يُعرضون عليها غُدُوّاً وعَشِيًا ويوم تقـومُ الساعة أَدخِلوا آل فرعون أشدّ العذاب) ئایەتی چل‌و شەش لـە سوورەتی غافر ـ ئیستە ظاهیر لە ڕانواندنیان بەسەر ئاگردا ئەوەیە کـە لە بەرزەخدا بێ ، بە دەلیلی : (ويوم تقـوم الساعَـة أَدخلـوا ••• الآية) •

سییەم ئایەتی : (قيل ادخلوا الجنة قال ياليت قومي يعلمون بمـا غفر لي ربّي وجعلني من المكرمين) ـ ئایەتی بیست‌و شـەش لـە سوورەتی یاسیندا ـ ئیستە ظاهیری ئـەم ئایەتە ئەمەیە : کـە حەبیبی نەججاڕ لـە پاش گیان‌دەرچوونی موژدەیان پێدا بە بەهەشت‌و ئـەو موژدەیشە هۆی ئاسایشی ڕۆحی ئەو بووە •

چوارەم ئایەتی : (يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحيـاة الدنيا وفي الآخرة) واتە ئەو کەسانە کـە ئیمانیان هێناوە بـە خـوداو پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ خودا دڵیان دائەمەزرێنێ لەسەر وتەی حەق لە دنیاو ئاخرەتدا • ئیمامی قورطوبی لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێ : ئـەم

ئایەتە نازڵ بووە لە باسی سوئالی گۆڕدا ، کاتێ پرسیاری لێ ئەکرێ : خودات کێیەو پێغەمبەرت کێیە ؟ ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێ : (ربيّ الله ودینی دین محمد ـ صلی الله علیه وسلم ـ) •

هەر لە تەفسیری قورطوبیدا ئەڵێ : وتراوە سەبەبی نزوولی ئـەم ئایەتە ئەمەیە ڕیوایەت کراوە : کاتێ حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ باسی پرسیاری مەلائیکەی کرد لە قەبردا ، عومەری کوڕی خەططاب ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ عەرزی کرد : (یارسول الله) ئایا لەو کاتەدا عەقڵم لـە لادا هـەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ • ئەویش وتی : (كفيت اذا) واتە : مادام وایە کارم تەواوە • جا خودا ئایەتەکەی نازڵ کرد کـــە ئایەتی بیست و حـــەوتە لـە سوورەتی ئیبراهیم ـ سەلامی خـــودای لەسـەر بێ ـ •

شەیخی بوخاری ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێت : جەعفەری کوڕی عومەر ئەڵێ : بۆی گێڕاوینەتەوە شوعبە لە عەلقەمەوە لە سەعدی کوڕی عوبەیدەوە لە بەراء کوڕی عازیبەوە لە حەزرەتەوە ـ صلی الله علیـــه وسلم ـ ئەفەرموێت : (اذا اقعد المؤمن في قبره أتاه آتٍ ثم يشهد ان لا اله الاّ الله وان محمدا رسول الله ـ فذكر قوله تعالى ـ يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت ••• الآية) •

دەلیلی عەزابی قەبر لە حەدیث :

یەکەم بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە کە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ ڕابورد بە لای دوو قەبردا ، جا فەرمووی : (انّهمـــا ليعذّبان ، وما يعذّبان في كبير ـ يعني عند الناس ـ زاد البخـــاري فـــي رواية : بلى انه كبير ، يعني عند الله • امّا أحدهما فكان يمشي بالنميمة ،

واما الآخر فكان لا يستتر من البول) واته : خاوەنی ئەو دوو گۆڕە عەزاب ئەدرێن و عەزابەکەیشیان لەبەر شتێ نیە گەورە بێ یانی لە لای خەڵك ، بەڵام گەورەیە لە لای خودادا ، یەکێکیان قسەی خرابی ئەگێڕا لە ناو خەڵکداو یەکێکی تریان لە کاتی چوونە سەراودا خـۆی دانەئەپۆشی • (وفي رواية : لا يستبرىء من البول) واته خـۆی پاك نەدەکردەوە لە گمێزەکەی و بەرگ و لەشی پیس ئەبوون •

دووەم بوخاری لە بابی عەزابی قەبردا ، ڕیوایەتی کردووە لـە حەزرەتەوە ـ صلى الأ عليه وسلم ـ کە لە جوملەی دۆعای مـەئثووری بوو : (اللهم انـي اعوذ بك من عذاب القبر ، واعوذ بك من عذاب النار ، واعوذ بك من فتنة المحيا والممات ، واعوذ بك من فتنة المسيح الدجـال) واته : خودایا پەنا ئەگرم بە تۆ لە عەزابی قـەبرو لە عەزابی ئاگرو لـە فیتنەی زەمانی ژیان و زەمانی پاش مردنم و پەنا ئەگرم بە تۆ لـە فیتنەی مەسیحی دەججال •

سێیەم موسلیم لە کیتابی (جنة)دا لە بابی نیشاندانی جێگەی خۆیدا بۆ مردوو • ڕیوایەت کراوە لە زەیدی کوڕی ثابیتەوە ئەڵێت : لـە کاتێکدا حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە باغێکدا لە باغەکانی بەنی نەججار سواری هێسرێ بووو ئێمەیش لەگەڵیابووین کوتوپڕ هێسرەکە تەکانێکی‌دا بە حەزرەت نزیك بوو بیخاتە خوار ، وە لەو دەورەدا پێنج یا شـەش قەبر دەرکەوتن • حەزرەت فەرمووی : ئەمـانە کـەی مردوون و کێ ئەمانە ئەناسێ ؟ لـە وێدا پیاوێ عەرزی کرد : مـن ، حەزرەت فەرمووی : کـەی مردوون ؟ عەرزی کرد : مردوون لـە زەمانی ئیشراکدا • جا حەزرەت فەرمووی : ئەم ئوممەتە لـە قەبردا گیرۆدە ئەبێ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە تەرکی دفنی مردوو بـکەن لە

خوام داوا ئەکرد کە دەنگی مردوو بخاتە گوێچکەتانەوەو عەزابەکەیان لە قەبردا ببیسن ئەوەی کە من ئەیبیسم ، جا ڕووی کردە ئێمەو فەرمووی: پەنا بگرن بە خودا لـــە عەزابی قەبر ، ئێمەیش وتمان : پەنا ئەگرین بە خودا لە عەزابی قەبر ، جا فەرمووی : پەنا بگرن بە خـــودا لـــە عـــەزابی ئاگر ، وتمان : پەنا ئەگرین بە خودا لـــە عـــەزابی ئاگر ، فـــەرمووی : پەنا بـگرن بە خودا لە فیتنەکـــان ئەوەی وا بە دەرەوەو ئەوەی وا لە پەنامەکیدا ، ئێمەیش وتمان : پەنا ئەگرین بە خـودا لـــە فیتنەکان ئەوەی وان بە دەرەوەو ئەوەی وان لـــە پەنامەکیدا ، جـــــا فەرمووی : پەنا بگرن بە خودا لە فیتنەی دەججال ، وتمان : پەنا ئەگرین بە خودا لە فیتنەی دەججال •

چـــوارەم ئەوەی موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کـوڕی مالیکەوە کە حەزرەت ـ صلی اللّٰه علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (ان العبد اذا وضع في قبره وتولى عنه اصحابه ، انه ليسمع قرع نعالهم ، قـــال : يأتيه ملكان فيقولان له ما كنت تقول في هذا الرجل ؟ قال : فامـــا المؤمن فيقول : اشهد انه عبدالله ورسوله ، قال : فيقال له انظر الى مقعدك مـن النار قد ابدلك الله به مقعدا من الجنة ، قال نبي الله فيراهما جميعا ، قال قتادة : وذكر لنا انه تفسح له قبره سبعون ذراعا ويملأ عليه خضـــرا الى يوم يبعثون •

پێنجەم ئەوەیە کە بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە لە (ابن عمر)ەوە : (القبر حفرة من حفر جهنم أو روضة من رياض الجنة) ئەم حەدیثـــە سیوطی لە (تخريج الاحاديث)دا ڕیوایەتی کردووە •

شەشەم ئەوەیە کە (ابن عمر) ڕیوایەتی کردووە لە حەزرەتـەوە ـ صلى الله عليه وسلم ـ : (ما من مسلم يموت يوم الجمعة أو ليلـــة

الجمعة الاّ وقاه الله فتنة القبر) ئەم حەدیثە سیوطی لە (جامع الصغیر)دا ڕیوایەتی کردووەو بە حەسەنی داناوە •

وە زانایانی ئیسلام ئیتیفاقیان هەیە لەسەر ئەوە کە عەزابو ئەوابی مردوو لە قەبردا لەسەر مەجموعی جەسەدو ڕۆحە ، بەڵام جەسەدی بەرزەخی کە لەشێکی لەطیفە خودا دروستی ئەکا بۆی •

نووری ئیمان بە صوورەتی میثالی لە قەبردا

دەلیل لەسەر ئەمە ئەوەیە کە دەر ئەکەوێ لەو فەرموودانەی حەزرەتە ـ صلی الله علیه وسلم ـ کە باسی عەزابو ئاسایشی ئینسان ئەکەن لە قەبردا ، وە ئەو حەدیثانەیە کە بەیانی زیندوویەتی پێغەمبەرانو شەهیدان ئەکەن لە قەبردا ؛ چونکی بە بێ باوەڕ بە گوشادبوونەوەی قەبرەکەو پەیدابوونی لەشی بۆ ئینسانەکە ئەو ئەحواڵانە مومکین نابنو دینی ئیسلام دینی واقیعو ڕاستییەو دوورە لە ئەوهام •

وە بۆ بە هێزکردنی ئەم فیکرە چەند شت هەن :

یەکەم : حازربوونی پێغەمبەران لە مزگەوتی (بیت المقدس)دا لە حضووری پێغەمبەردا ـ علیهم السلام ـ لە شەوی ئیسرادا و مولاقاتی بۆ بازێ لەوان لە ئاسمانەکاندا لە کاتی میعراجداو ڕابووردنی بە ئاسمانەکاندا •

دووەم : حەدیثی (حجة الوداع) کە ئەوەی تێدایە حەزرەت چاوی کەوتووە بە حەزرەتی مووساو حەزرەتی عیسا لە ئیحرامدا بۆ حەج کردن •

سێیەم ئەمە کـە ثابیتە لـە دیندا چـەند جار جوبرەئیلی ئەمین بە شێوەی یەکێ لە ئەصحابەکانی حـەزرەت کە ناوی (دحیـە) بووە دەرکەوتووە لـە لایا •

چوارەم نیشاندانی بەهەشتو دۆزەخ بە حەزرەت ـ صلی اللـه علیه وسلم ـ لە کاتی خوطبەدا ، وەکو لـە صەحیحی بوخـاریدا ڕیوایەتی دەکـا •

پێنجەم (الرؤیا الصادقه) واتە خەوبینینی ڕاست وەکو لـە ئەوەڵی بوخاریدا ڕیوایەت ئەکـا حەزرەت لـە ئەوەڵی پێغەمبەرایەتیدا وەحی بۆ ئەو روئیای ڕاست بوو ، کە صوورەتی هەر شتێکی ئەبینی لە خـەودا بۆی ئەهـاتە دی •

وە لەسەر ڕووناکی قورئانی پیرۆز کە ئەو خەوە یوسف چـاوی پێکەوت کە باوكو دایكو براکانی لـە وێنەی مانگو ڕۆژو یازدە ئەستێرەدا بینی • وە لە پاشاندا ئەفەرموێت : (هذا تأویل رؤیاك قـد جعلها ربي حقا) •

وەلحاصڵ دەلیلو ڕێنوما بۆ صوورەتی میثالی بەرزەخی ئەوەندە زۆرە لە دیندا کە ئینسانی عاقڵ پێویستە باوەڕێکی ڕاستی بێ پێیـان ، بە تایبەتی کـە لە دیندا ثابیت بووە مەلائیکەکان ئەتوانن بـە هـەر صوورەتێ خۆیان نیشان بدەن بە غەیری خۆیان ، هـەروا جنی ئەتوانن بە هـەر صوورەتێ خۆیان دەربخەن ئیللا صوورەتی پێغەمبەران ـ سەلامی خودایان لەسەربێ ـ بە تایبەتی بە نەصصی قورئانی پیرۆز دوو مەلائیکە لـە صوورەتی دوو ئینسانی خاوەن خصوومەتدا سەرکـەوتن بۆ لای حەزرەتی داوود ـ علیه السلام ـ و گـەلێ قسەیان لەگەڵدا کرد • ئەمانە هەموو بەڕاستی ثابیتو واقیعن •

نووري ئیمان بە قیامەت = ڕۆژی پاشەڕۆژ

ئیمان بە ڕۆژی قیامەت ئەمەیە ئینسان باوەڕی بێ وەکو چـۆن ئەم جیهانە کەمو زۆر هیچی نەبووەو خودا لە نەبوون دروستی کردووە وەکو مەشهوورە (العالم حادث) واتە : لە نەبوونەوە بووە بە بوونەوەر وەها باوەڕت بێ ئەم جیهـانە بــە فەرمانی خودا ئاسمانو عــەرزو ئەستێرەکانو کەژو کێو هەموو ئەفەوتێنێو جیهانێکی تازەی گوشـــاد دروست ئەکاتو بە ڕووناکی یەکی تایبەتی هەمووی ڕووناك ئەکا وەکو کاتی پێش هەتاوکەوتنی ئەم جیهانە ، وەکو لـە قورئاندا ئەفەرموێت : (واشرقت الارض بنور ربها) واتە : عەرز ڕووناك بووەوە بە نووری خودای خۆی • وە هەموو مردووەکان زیندوو ئەکرێنەوەو ســــەوق ئەکرێن بۆ مەحشەر = کۆمەڵگاهی گشتیو سارای جەماوەری • وە لەسەر ڕووناکی قورئانی پیرۆز ئەم کارەساتە وا دێتە جێگە مەلائیـکەیە هەیە ناوی (اسرافیل)ەو مەئموورە لەسەر جیهازێکی تایبەتی کــە بە قەدەر ئەرواح کونی تێدایەو بە ئەمری خودا دوو جار ئیسرافیل فوو ئەکا بەو جیهازەدا کە ناوی (صور)ە بە جاری یەکەم هەموو کێوو عالەم صاف ئەبن ، وە بە جاری دووەم هەموو مردووەکان زیندوو ئەبنەوە •

ئینسانی هوشیار کــە تۆزێ تەماشای خۆیو جیهان بکا پێویستی بە دەلیل نامێنێ باوەڕ بە حـدووثو پەیدابوونی دنیـــاو بـــە فـــەناو فەوتاندنیـــان •

زانایەکی فەلەکی ئەزانێ ئەم مانگ ڕۆژو ئەستێرانە ئەوانەیان کــە ئەجوڵێنو هاتوچۆو دەورە ئەکەن هەرکام دائیرەیێ تایبەتی هـــەیە ، ئەگـەر بە موویێ لا بدا لەو خـەتی خۆیە دنیا تێك ئەدا ، هـــــەروا

عەرزیش کە یەکێکە لەو ماددە دروست‌کراوانە لەسەر ئەم یاسایە کە خودا فەرموویەتی : (وما أمر الساعة الا کلمح البصر او هو اقرب) واتە : نیە هاتنی قیامەت‌و فەنای ئەم جیهانە ئیللا وەکو ئیشارەی چاو یا نزیکترو کەمتر •

ئەو کەسە شتێ دروست بکا ئەیشتوانێ تێکی بدا ، ئەو زەلزەلەو تەکانە کە پەیدا ئەبن لە عەرزدا ئەگەر چەند پایە زیاد بکا دنیا هەمووی ئەگۆڕێ‌و تێک ئەچێ • ئێمە لە چاوی عەقلی خۆمانەوە ئەڕوانین‌و ئەم فەناو بەقا بە گران ئەزانین ، ئەنا هەمووی ئاسان ئاسانە •

مێروولە کاتێ بڕواتە ئاشێ
مەحاڵە لە لای دەورەی بەرداشێ
نازانێ ئەوەی لای ئەو مەحاڵە
گەلێ ئاسانە لای وەستای ئاشێ
مەولەوی ئەڵێ رەحمەتی لێبێ
وتاری ناسك باش ئاگات لێبێ
گەر زەڕەی شعوور هەیە پێتەوە
کە وتیان : خودا ، ئەبڕێتەوە
(جهان آفرین) بە دەستەلاتە
خواستی دێتە جێ لەم کائیناتە

نووري ئیمان بە نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت

حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ گەلێ لە نیشانەکانی هـــاتنی قیامەتی بەیان کردووەو ئەو نیشانانە گەورەو بچووکیان هەیە .

لە نیشانە گەورەکانە کەمبوونەوەی زانیاری لە دینداو زۆربوونی کوشتار لە جیهاندا . وە لە وانەیە کەمبوونەوەی شەرم لـە ناو ئـەهلی جیهانداو کەمبوونەوەی فەرمان بە یاسای ئیسلام . وە لـــە موهیمماتی ئەحادیثە فەرموودەی حەزرەت : (اذا وسد الأمر الی غیر اهله فانتظروا الساعة) واتە : کاتێ فەرمانو کاروباری جیهان درایە دەستی کەسێ بۆ ئەوکارە نەشێ چاوەڕوانی قیامـــەت بـکەن .

وە باسی ئەوەی کردووە کە سێ خەسف واتە عەرز ڕۆچـوونی گەورە لە جیهاندا ئەبن ، لــە خۆرهەڵاتو خۆرنشینو جـەزیرەی عەرەبی‌یەداو گەلێ فیتنەی وا پەیدا ئەبن کە هوشیار سەرگەردان ئەکەن، نەك لەبەر ئەوە عەقڵیان ناشکێ بە ڕزگاری لە وانە بەڵام توانایان نیـــە چاریان بـکەن . وە باسی دەرچوونی کافرێـکی ناباری کردووە کـــە ناوی مەشهووری (دجال)ە یانی زۆر درۆزن ، وە گەلێ ئادەمی‌زادی بێ‌دینو بێ عەقڵ ئەکەونە شوێنی . وە باسی دەرکەوتنی ئەمیرێکی عادڵی کردووە کـە ناوی (مهدي)ەو ستەمکار بە دەستی ئەو ئەفـــەوتێو حەزرەتی عیسا لە زەمانی ئەودا لە ئاسمان دێتە خوارەوەو جەنگ ئەکەن لەگەڵ دەججالداو دەججال بە دەستی ئەوان ئەکوژرێو سوپاکەی بڵاو ئەبێتەوەو حەق سەر ئەکەوێتەوە .

باوەڕ بە بوونی حەزرەتی عیسا لە ئاسمانداو هاتنەخوارەوەی لـە

ئاخر زەمـاندا هـەر چـەند لەم ئاخر زەمانەدا بازێ کـەس دوودڵن تیدا بەڵام کارێـکی دینیو ڕاستە •

حەزرەتی عیسا بە بێ باوك بە قودرەتی خودا لە سکی دایـکیدا پەیدا بووەو پاش لە دایك‌بوون لە بێشکەدا قسەی کردووە لەگـەڵ خەڵـکداو لە قوڕ شتی دروست ئەکرد وەکو پەلەوەرو فووی پێـدا ئەکرد بە ئیزنی خودا ئەبوو بە پەلەوەر ، وە کوێری مادەرزادی خۆش ئەکردەوەو ئینسانی پەمەکی چاك ئەکردەوەو بە ئیزنی خودا مردووی زیندوو ئەکردەوەو داوای کرد لـە خـودا سفرەی لـە ئاسمانەوە ناردە خوارەوە بۆ کۆمەڵەکەی • جا زانێ ئەم هەمووە موعجیزاتەی بۆ کرا بێ ئەگـەر لە کـاتی هێرشی دژمنەکان خودا بیپارێزێ لێیانو وێنەی بخـاتە سەر یەکێ ترو ئەو ڕزگار بـکاو بیبا بۆ ئاسمان بـە قـەدەر موعجیزەیەك لە موعجیزە پێشووەکانە ، وە ئاسمان هەزاران شوێنی تێدایە وەکو عەرز کـە بۆ ژیواری ئادەمیزاد ئەشێ • مەبەس ئەمەیە ئـەم جۆرە کارانە هەر چەند بە عادەت گرانن بەڵام بۆ توانایی خودا ئاسانن، عەلاوە چەند دەلیلی ئایەتو حەدیثی لەسەرە •

هەروا لە نیشانەکانی قیامەتە دەرچوونی ئوممەتێ لە ئادەمیزاد کە قورئان بە ناوی (یأجوج ومأجوج) ناوی بردوون ، ئەم ئوممەتە لەسـەر تەحقیقاتی زانایانی دین ئوممەتی (منغوليا)ن لە شیمالی وڵاتی چینو لـە بەینی ئەوانو میللەتی چین‌دا ، وارشی (سدّ)ی (ذی القرنين) دیارە ، ئەمانە لە تاریخی شەش‌صەدو پەنجای کۆچی‌دا دەرچوونو بوون بـە چەند قۆڵ : قۆڵێ بۆ هیندستانو قۆڵێ بۆ ڕوسیاو قۆڵێ بۆ ئاسیا گەیشتن بە بەغداو دەوڵەتی (عباسیە)یان فەوتانو هیندستانو ڕوسیایان داگیر کردو تا ماوەیە مانەوە • وە بەشی عیراقیان موسوڵمان بوون • جا ئەگەر

مەبەس لە ئایەتی دەرچوونیان ئەم دەرچوونە بێ ئەوە باشە ئەگـــەر نا ئەوانە لە ئاخر زەماندا جارێــکی تر دەر ئەچن و جیهان توشی وێرانی و زیان ئەکـــەن •

هەروا لە نیشانەی قیامەتە دەرچوونی (دابة الأرض) کــە لـە نەصصی ئایەتی قورئاندا هەیە • وە پێویستە ئینسانی موسوڵمان باوەڕی بێ بە وانە بەڵام درێژەی ئەحواڵی ئەم (دابة الأرضە) یاخود یاجـوج وماجوج یا باقی نیشانەکانی حەواڵەی علمی خودایە •

هەروا لە نیشانەی قیامەتە گۆڕانی هاتوچۆی ڕۆژ ئیستە لە جانبی خۆرهەڵاتەوە دەر ئەچی و لـە جانبی خۆرنشینەوە ئاوا ئەبێ ، وە لـەو چەرخەدا دەورەی ئەستێرەکان ئەگۆڕێ و ڕۆژ لەبەر چاودا لـــە جانبی مەغریبەوە دەردێ و لە جانبی مەشریقەوە ئاوا ئەبێ • ئەمانە هـــەموو کارەساتی جیهانن هەموو بۆ خودا ئاسانن •

وە ئادەمیزاد تا وا لەم جیهـــانەدا دووشت پێویستە بۆی بـــە جێیـــان بێنێ :

یەکــەم بەجێهێنانی یاسای دین و ئادابی ئیسلام بە قەدەر ئیمکان ، خودا فەرموویەتی : (فاتقوا الله ما استطعتم) •

دووەم چاودێری ژیان و ژیواری خۆی و پارازتنی نیشتمان و یاسای ژیان ؛ چونــکی ئینسانی بێ دونیا وەکو مردوو وایە بێسوودەو ئینسانی بێدین و بێ نیظام و ئەخلاقیش بوونی بێسوودە بەڵــکو لە بوونەکەیـەوە زیان پەیدا ئەبێ بۆ دونیاو بۆ دین بۆ ژیوارو بو ژین بۆ خۆی و بۆ باقی ئادەمـــــیزاد •

ئینسان (خليفة الله)یە لە عەرزدا ئەبێ خـاوەن ئەخـــلاق بێ

خاوەنی ڕاستیو خۆگرتنو هێمنی بێو دارای ڕەوشتی مـــەردانەو ئینسانانە بێ .

ئینسانی خۆشخوو ئەبێ بە هـــەتاو
ڕووناکی ئەدا بە عەرزو بە ئاو
ئینسانی بەدخوو ئاگرە بێ ئاو
حاشا لەو کەسە شەڕ دێنێتە ناو
ئوممەت ئەخلاقە کـــە ئەخلاق نەما
ئوممەتیش ئەڕوا بۆ فەوتو فەنا

نووری ئیمان بە حەشری گیانلەبەر

ئیمان بـــە حەشری گیانلەبەرانی (مكلف) ئەمەیە کە موسوڵمان باوەڕی ببێ لـــە پاش ئەوە خودای تەعالا هـــەموو (مكلف)ێ زینـــدوو ئەکاتەوە ، سەوق ئەکرێن بۆ مەحشەر ، خودای تەعالا فـــەرموویەتی (وجاءت كل نفس معها سائق وشهيد لقد كنت في غفلة من هذا فكشفنا عنك غطاءك فبصرك اليوم حديد) واتـــە : هـــەموو نەفسێ دێ بۆ کۆمەڵگای هوشیارانو لەگەڵیا هـــەیە دوو فریشتە ، یەکێ لە وانە وا بە دوایەوە وە ئەویشیان فریشتەیەکـــە شەهادەت لەسەر کردوەکانی ئەدا ، جـا پێی ئەوترێ لـــە لایەنی زاتی خوداوە : بە ڕاستی توغـافڵو بێئاگابووی لەم ڕۆژە ، وا پەردەمان لەسەر دڵو چاوت لا برد ، جـــا ئەمڕۆ چاوت تیژەو باش ئەبینێ ، هەر وەهـــا خودا فەرموویەتی (يوم ندعو كل اناس بامامهم) ڕۆژی حەشر ڕۆژێکە هەموو ئوممەتێ بە ناوی پێغەمبەرەکەیەوە بانگ ئەکەین ، جا یەکەم کەسێ ئەکەوێتە ڕێـــگە بۆ

مەحشەر حەزرەتی موحەممەدە ـ صلى الله عليه وسلم ـ وە ئوممەتەکەی ئەکەونە شوێنی لەسەر ئیختیلافی پایەو مایەیان • وە ئادەمیزاد حەشر ئەکرێن لەسەر ئەو حاڵە کە لەسەری مردوون لە دنیادا •

(عن جابر ـ رضي الله عنه ـ قال : سمعت النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ يقول : يبعث كل عبد على ما مات عليه من الأحوال • أي : فمن مات على خير يبعث على حال حسنة ومن مات على حالة سيئة بعث بحال شنيعة ـ والعياذ بالله تعالى ـ) •

وە لەو ڕۆژەدا هەیبەتو ترس عالەم دائەگرێو ئەحواڵی خەڵك چەند جۆرەو زانستی ئەو حاڵانە وا لە عیلمی خودادا ، بەڵام ئەهلی مەحشەر بە کورتی سێ بەشن : یەکەم (سابقین) واتە پێش کەوتوان ، ئەوانەن کە نزیکی بارەگای خودان • دووەم ئەصحابی (میمنة) واتە ئەوانە کە دەفتەریان ئەدرێ بە دەستی ڕاستیانەوە ، یاخود خاوەن (یمن)و حورمەتو پیرۆزین • وە ئەم بەشە هەم خاوەن پایەو حورمەتن• سێیەم ئەصحابی (مشأمة) واتە کە دەفتەری کردەوەیان ئەدرێ بە دەستی چەپیانەوە ، یاخود ئەوانە کە خاوەن شومو بەدبەختن ، وە ئەم بەشە عیبارەتە لە هەموو کافرانو تاوانباران ، وە ئەم سێ بەشە هەموو ئوممەتی عالەم ئەگرێتەوە لە ئەووەڵی خەلقی (مکلف)انەوە تا ئاخری دنیا دێو درێژەی حاڵی ئەمانە بەس وا لە عیلمی زاتی خودای تەعالادا •

وە ئەو عەرزە کە ئەهلی تەکلیف حەشر ئەکرێن لەسەری عەرزێکی تازەیە ، خودا فەرموویەتی (يوم تبدل الأرض غير الأرض) بەم مەعنا ئەصڵی عەرزی پێشوو ئەمێنێ بەڵام صیفەتو حاڵی ئەگۆڕێ • وە کاتێ کە عالەم لەمەوقیفی حەشردا ئەمێننەوە بیمو ترس داگیریان

ئەکاو لە خودا داوا ئەکەن دەست بکرێ بە حسێب کردن لەگەڵیانداو بەهیچ نەوعێ کەسیان دەست ناکەوێ تـکا بـکا ، وە بۆ لای هەر کەس ئەڕۆن لە پێغەمبەران عوزر دێننەوە ، تا ئەڕۆن بۆ حضووری پێغەمبەری ئاخر زەمان (محمد المصطفی) وە داوای تکای لێ ئەکەن بۆ ئەوە لـەو ئیستگای ناهەمواره دەرچن‌و دەست بـکرێ بە حسێب‌کردنیان ، ئەویش سوجدەی (تعظیم) ئەبا بۆ خودای تەعالاو داوای شەفاعەت ئەکا • جا لە جانبی خوداوە ئیزنی شەفاعەت‌کردنی ئەدرێ‌و دەس ئەکا بە شەفاعـەت بۆ ئەوە ئەو مەخلووقە لەو جێگە دەرچن وەیا حسێبیان لەگەڵدا بکرێ •

نووری ئیمان بە شەفاعەت

شەفاعەت‌و تـکاکردنی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ دەلیلی کیتاب‌و سوننەتی لەســـەرە ، ئەممـــا دەلیل لــــە قورئان ئەوە وەکو فەرموودەی خودا بـــە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ (واستغفر لذنبك وللمؤمنین وللمؤمنات) وە دیارە کە ئیستیغفار بۆ کەسێ عیبارەتە لە تـکاکردن بۆ عەفوکردنی ئەو کەسە • وە وەکو ئایەتی (مـــن ذا الذی یشفع عنده الا باذنه) واتە : کێیە ئەو کەسە کە تـــکا ئەکا بۆ تاوانباران لە لای خودا مەگەر بە ئیزن‌و ئیجازەی خودا لەســـەر ئـەو تکاکردنە ، ئیستە ئەگەر تـکاکردن لەسەر ئیزن‌و ڕەزای خودا بۆ کەس ڕەوا نەبوایە ئەو (استثنا)یە بە بێ‌سوود دەر ئەچوو وە کـــەلامی خودا دوورە لە کەلیمەی بێ‌سوود • وە وەکو ئایەتی (ولا یشفعون الا لمن ارتضی وهم من خشیته مشفقون) واتە : تکاکارەکان تکا ناکەن بۆ کەس مەگـەر بۆ کەسێ کـە خودای تەعالا ڕازی بێ بە تـکاکردن بۆی ، وە ئەو تکاکارانە لـە ترسی خودا وان لە پارێزدا • وە لەم قەبیلە نصووصە

زۆرن‌و دیارن له لای زاناکان • وه هــەر ئایه‌تی مه‌نعی شه‌فاعه‌تی تێـدا بێ ئه‌وه واریده له شه‌ئنی کافره‌کانداو بۆ موسوڵمان نیه •

وه ده‌لیلی شه‌فاعه‌ت له سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ردا ـ صلی الله علیـــــه وسلم ـ گه‌لێـکن :

یه‌کەم ئه‌وه‌ی که جابیر ڕیوایه‌تی کردووه که حه‌زره‌ت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فه‌رموویه‌تی : (شفاعتي لأهل الكبائر مـــن أمتي) واته تکاکردنی من له حضووری خودادا بۆ ئه‌وانه‌یه که خاوه‌ن تاوانی گه‌وره‌ن له ئوممه‌ته‌که‌م • ئه‌م حه‌دیثه ترمزی‌و ئه‌بو داوود ڕیوایه‌تیـان کردووه‌و له ئه‌حادیثی مه‌شهووره‌یه • وه سڕی شه‌فاعه‌ت یه‌کـــه‌م : ده‌رکه‌وتنی میهره‌بانی خـــودایه بۆ به‌نده‌کانی به تاوانبه‌خشین • دووه‌م ده‌رخستنی پایه‌ی تکاکاره‌کانه له لای خودادا •

وه ئه‌و فه‌رمووده‌ی حه‌زره‌ته ـ صلى الله عليه وسلم ـ کــه کــاتی هاتنی ئایه‌تی (وانذر عشيرتك الأقربين) هاته خواره‌وه فه‌رمووی : (يا بني عبدالمطلب أنقذوا أنفسكم من النار ، يا فاطمة انقذي نفسك من النار ، فاني لا أملك لـكم شيئا من الله غير أن لكم رحماً سأبلها ببلالها) واته : من خاوه‌نی هیچ شتێ نیم بۆ ئێوه له لایه‌نی خوداوه ، ئه‌وه‌نده هــــه‌یه خزمایه‌تی‌یه‌که له ناوماندا به‌شی ئه‌و خزمایه‌تی‌یه هه‌وڵتان بۆ ئــه‌ده‌م‌و ئه‌و خزمایه‌تی ئێوه چاودێری ئه‌که‌م به نمێ له ته‌ڕی حه‌وڵی خـــۆم‌و ڕه‌حمی خودا • ئه‌مه چه‌ند جوابیان هه‌یه :

یه‌کـــه‌م مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه که له کافرێتی ده‌رچن و موسوڵمان بن ئه‌نا کافر سوود وه‌رناگرێ‌و ڕزگــار نابێ له قیامه‌تدا ، وه فاطیمه‌یشی بۆ ئه‌وه باس کرد بۆ ئیشاره‌ی ئه‌وه حه‌تا ئه‌گه‌ر خودا نه‌خواسته ئه‌ویش

کافر بێ من سوودی پێ ناگەیێنم •

دووەم فەرموویەتی : (لا أملك) واتە مالیك نیم خۆی نەیفەرمووە تکا ناکەم ، عەلاوە بۆیە باسی تکای نەکرد هەتا ئەوان بە هۆی ئەو تکاوە پاڵ نەدەنەوە •

سێیەم عەینی حەدیثەکە ئەبێ بە دەلیلی شەفاعەت ؛ چونکی فەرمووی : (غیر أن لکم رحما سأبلها ببلالها) واتە : بەرانبەر بەو ڕەحمیەتو خزمایەتی‌یە هەوەڵ ئەدەمو نمێ سوود پەیدا ئەکەم ؛ چونکی مەعنای حەدیثەکە وایە ئەو خزمایەتی‌یە تەڕ ئەکەم بە تەڕی‌یەك شایاو بێ ، مەبەس ئەمەیە تا بتوانم سوودتان پێ ئەگەیەنم بە هۆی ئەوەوە • وە ثابیت بووە لەسەر ڕووناکی فەرموودەکانی حەزرەت ـ صلى الله علیه وسلم ـ کە بۆ حەزرەت ـ صلى الله علیه وسلم ـ پێنج شەفاعەت هەیە •

یەکەم شەفاعەتی (عظمى) واتە : تکای زۆر گەورە کە موسوڵمانو کافر دائەگرێ کە مەشهوورە ئەم تکایە بە (مقام محمود) ئەمەیش بریتی‌یە لە ڕزگارکردنی ئەهلی مەوقیف لە بیمو ترسی مانەومیان لەو شوێنەدا •

لە صەحیحی بوخاریدا ڕیوایەت کراوە لە (ابن عمر)ەوە ـ خوایان لێ ڕازی بێ ـ ئەڵێ : حەزرەت ـ صلى الله علیه وسلم ـ فەرمووی : (مازال الرجل یسأل الناس حتى یأتي یوم القیامة لیس في وجهه مزعة لحم • وقال : ان الشمس تدنو یوم القیامة حتى یبلغ العرق نصف الأذن، فبینما هم کذلك استغاثوا بآدم ثم بموسى ثم بمحمد ـ صلى الله علیه وسلم ـ فیشفع لیقضى بین الخلق فیمشي حتى یأخذ بحلقة الباب فیومئذ یبعثه الله

مقاما محمودا يحمده اهل الجمع كلهم) ئەم حەدیثە شەریفە بوخاری لە کتێبی زەکاتدا ڕیوایەتی کردووە • تەماشای قەستەلانی بکەن هەروا موسلیم لە کتێبی زەکاتدا ڕیوایەتی کردووە ، وە تەماشای شەرحی ئیمامی نەوەوی بکەن لە شەرحی موسلیمدا •

بەم تکای یەکەمە کە مەشهوورە بە مەقامی مەحموود ئەهلی مەوقیف هەموو ڕزگار ئەبن لە مەوقیف‌و دەست ئەکرێ بە حسێب‌کردن لەگەڵیاندا •

شەفاعەتی دووەم تکایە بۆ دەرکردنی بازێ تاوانبارانی موسوڵمان لە ئاگری دۆزەخ • (في صحيح البخاری في آخر الحديث الذي رواه في كتاب الرقاق قوله ـ صلى الله عليه وسلم ـ : فيأتون فاستأذن على ربّي فاذا رأيته وقعت له ساجدا فيدعني ما شاء الله ، ثم يقال لي : ارفع رأسك وسَلْ تُعطَه قل يُسمعْ واشفع تشفع ، فارفع رأسي فأحمَدُ ربّي بتحميد يُعلّمني ، ثم أشفع فيحدّ لي حدّاً ، ثم أخرجهم من النار وأدخلهم الجنة ، ثم أعود فأقع ساجدا لمثله في الثالثة أو الرابعة حتى ما يبقى في النار الاّ من حَبِسه القرآن • انتهى • وقال قتادة : أي : وجب عليه الخلود بنص القرآن ـ والعياذ بالله تعالى ـ) •

سێیەم شەفاعەتە بۆ قەومێ کە موستەحەقی ئاگری دۆزەخن بە هۆی تاوانەکانیانەوە ، وە ناڕۆنە ئاگرەوە بە هۆی تکای حەزرەتەوە ـ صلى الله عليه وسلم ـ •

چوارەم شەفاعەتە بۆ قەومێ بۆ ئەوە داخڵی بەهەشت بن بە بێ حیساب • ڕیوایەت کراوە لە ئەبو ئومامەوە ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ ئەویش لە حەزرەتەوە ـ صلى الله عليه وسلم ـ (قال : وعَدني ربّي أن

يدخل الجنة من أمتي سبعين ألفا لا حساب عليهم ولا عذاب مع كل سبعون ألفا . رواه الترمذي بسند حسن . انظر : سنن الترمذي رقم ٢٥٥٤ طبعة القاهرة) .

پێنجەم شەفاعەتە لە زیادکردنی دەرەجەیە لە بەهەشتدا بۆ بازێ ئەهلی بەهەشت .

وە لە پاش شەفاعەتی حەزرەتی موحەممەد ـ صلى الله عليه وسلم ـ دەرگای شەفاعەت ئەکرێتەوە بۆ هەر کەسێ خودا ڕازی بێ لە شەفاعەتکردن بۆی .

(وعن عثمان ـ رضي الله عنه ـ عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : يشفع يوم القيامة ثلاثة الأنبياء ، ثم العلماء ، ثم الشهداء . رواه ابن ماجه بسند صحيح . وعن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله عنه ـ ان رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : من أمتي من يشفع للفئام ، ومنهم من يشفع للقبيلة ، ومنهم من يشفع للعصبة ، ومنهم من يشفع للرجل حتى يدخلوا الجنة . رواه الترمذي . انظر الترمذي رقم الحديث ٢٥٥٧ . وعن ابي الدرداء ـ رضي الله عنه ـ عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : يشفع الشهيد في سبعين من أهل بيته . رواه أبو داود . انظر : سنن ابى داود ـ كتاب الجهاد ١٥/٢) .

وە گەلێ ڕیوایەتی تر هەن بۆ ئیثباتی تکاکاری زانایانی دین و پیاو چاکانی ئوممەتی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ بۆ خزم و پەیرەوان و برادەران و باقی موسوڵمانان . وە سڕی هەموو ئەمانە دەرخستنی میهرەبانی خودای تەعالایە لەبەر چاوی عالەمدا .

نووري ئیمان بە سوئال لە ڕۆژی قیامەتدا

لە نووری ئیسلامە ئیمانو باوەڕ بە پرسیارکردنی خودای تەعـــالا لە بەندەکانی خۆی لە ڕۆژی قیامەتداو دەفتەری کردەوەیان پێ ئـەداو موحاسەبەیان ئەکاو بەر لە هەموو کـەس پرسیار لە پێغـەمبەران ئەکـا ـسەلامی خودایان لەسەر بێـ خودا فەرموویەتی : (یوم یَجمعُ اللهُ الرسلَ فیقول ماذا أجبتم قالوا لا علم لنا انكَ انت علاّمُ الغیوب) واتــە : باسی ئەو ڕۆژە بــکە کە خودای تەعالا پێغەمبەرەکان گرد ئەکـــاتەوەو پرسیار ئەکا لێیان ، ئەڵێ : چۆن وەڵامتان درایەوە ئەوانیش لەبەر شەرم لە خودا یا لەبەر دەهشەت ئەڵێن : خودایا ئێمە نازانین بەڕاستی تۆ خۆت زانای بە هەموو شتێکی پەنامەکی •

وە ڕیوایەت کراوە لە (عدي) کوڕی حاتەمەوە (قال رســول الله ـ صلی الله علیه وسلم ـ ما منکم أحد الاّ سیکلمه الله ربّه یوم القیامـــة لیس بینه وبینه تَرجَمان فیَنظر أیمَنَ منه فلا یری الاّ ما قَدّم مـــن عمله وینظر أشأم منه فلا یری الاّ ما قدّم وینظر بین یدیه فلا یری الاّ النار تلقاء وجهه • فاتقوا النار ولو بشق تمرة • رواه الشیخان والترمذي • أخرجـه البخـاری في الرقاق) •

واتە : کەس نیـە لە ئێوە ئیللا خودا قسەی لەگەڵدا ئەکـــا لــە ڕۆژی قیامەتداو لە ناوبەینی خوداو ئەو کەســەدا تەرجومان نیە ، جـا کابرا ئەڕوانێ بۆ لای ڕاستی خۆیو نابینێ ئیللا ئەو کردەوانە کــە لە دنیادا کردوویەتی ، وە ئەڕوانێ بۆ لای چەپی هەم نابینێ ئیللا ئــەو کردەوانە کــە لــە دنیادا کردوویەتیو تەماشای بەردەمی ئەکاو نابینێ ئیللا ئاگر لــە بەرانبەریدا • دەی مادام واشە ڕۆژی ئینسان وەهایە خۆتان

بپارێزن لە ئاگر وەلەو بە لەتە خورمایەك • ئەم حەدیثە بوخاریو موسلیمو ترمزی ڕیوایەتیـان کردووە • بوخاری لە (کتاب الرقاق)دا نووسیویەتی • (وعن أبي برزة الأسلمي ـ رضي الله عنه ـ عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : لا تزول قدما عبد حتى يسأل عن عمره فيم أفناه وعن عمله فيم فعله ، وعن ماله من اين اكتسبه وفيم أنفقه ، وعن جسمه فيم ابلاه • رواه الترمذي • رقم الحديث ٢٥٣٢ طبعة القاهرة) واتـه : دوو پێی عەبدی خودا ناجوڵێن هەتا پرسیار نەکرێ لە عومری کە لـە چیدا بڕاندوویەتەوە ، وە لە کردەوەی کـە چی کردووە ، وە لـە ماڵو دارایییەکەی لە کوێی پەیدای کردووەو لە چیدا صەرفی کردووە ، وە لە لەشی بەدەنی کە لە چیدا ماندووی کردووەو بڕاندوویەتییەوە •

نووري ئیمان بە پەڕەی کردەوە

لە نووری ئیسلامە ئیمان بە وەرگرتنی پەڕەی کردەوەکانی ، خودا فەرمووبەتی : (فأمّا مَنْ أوتي كتابه بيمينه فسوف يحاسب حسابا يسيراً وينقلب الى أهله مسرورا ، وأمّا مَن أوتي كتابه وراء ظهره فسوف يدعوا ثبورا ويصلى سعيرا • سورة الانشقاق الآية ٩ـ١٢) واتە : ئـەو کەسـەی دەفتەری کردەوەی پێ بدرێ بە دەستی ڕاستییەوە ئـەوە حسێبی لەگەڵدا ئەکرێ بە حسێبێکی ئاسانو ئەگەڕێتەوە بۆلای ئەهلو خزمانی موسوڵمانی بە شادمانی • وە ئەو کەسەیش دەفتەری کردەوەی پێ بدرێ لە پشتەوە تا ئەگا بە دەستی چەپی ئەوە لە مەولا واوەیلا ئەکاو ئەڕواتە ئاگری دۆزەخەوە •

ڕیوایەت کراوە لە ئەنەسەوە ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ ئەڵێ : لـە

خزمەتی حەزرەتدا بووین تەماشامان کرد پێ ئەکەنی ، فەرمووی : ئەزانن بەچی پێ ئەکــەنم ؟ وتمان : خوداو پێغەمبــەری خــودا ئەزانن • فەرمووی : لە وتاری بەندە لەگەڵ خودای خۆیدا ، ئەڵێ : یا ڕەبی ئایا پەنام نادەی لە ستەم تا کەس ستەمم لێ نەکا ، ئەویش ئەڵێ : بەڵێ : ئەویش ئەڵێ : دەی مــن ڕازی نابم بۆ ســەر خــۆم ئیللا بــە شاهیــدی لــە لایــەنی خۆمــەوە بێ • خودایش ئەفەرموێت : (كفى بنفسك اليوم عليك حسيبا ، وبالكرام الكاتبين شهودا ، قـــال : فيختم على فيه ، فيقال لأركانه : انطقي • قال : فتنطق باعماله ، قال ثم يخلي بينه وبين الكلام ، فيقول : بعداً لكنّ وسحقا ، فعنكنّ كنت أناضل• أي : ادافــع • رواه مسلم في كتاب الزهـــد • انظر : شرح النووي لصحيح مسلم) •

نووري ئیمان بە میزان

ئیمــان بە میزان ئەمەیە ئینسانی موسوڵمان تەصدیق و باوەڕی ببێ بەوە کــە لە ڕۆژی قیامەتدا خودا ئەمر ئەکـا بە کێشانەی بیروباوەڕو کردەوەی ئینسان لە چاکەو خراپە ، وە هەر چەند خودای تەعالا خۆی عالم و زانایە بە کــەم و زۆری ئەوانە بەڵام ئەیەوێ لــە بەر چـــاوی عالەمی دنیاداو لە ناو جن و ئینسدا چاک و خــرابی ئەهلی تەکلیف دەر بکەوێ • وە چلۆنی ئەو میزانە حەواڵەی عیلمی خودایە • بەس ئێمــە مەبەسمان لە میزان کارێــکە ببێ بە هۆی زانستی چەندیەت و چلۆنی بیروباوەڕو کردەوەکان •

وە دلیل لەسەر ئەم وەزن و میزانە گەلێ ئایەتە لە قورئانی پیرۆز ، وەکو ئەو ئایەتە ئەفەرموێت لە سوورەتی ئەنبیائدا (ونضع الموازين القسط

ليوم القيامة فلا تظلم نفس شيئا ، وان كان مثقال حبة من خردل اتينا بها وكفى بنا حاسبين) واته : چەند میزانی عەداڵەت دائەنێین لـە ڕۆژی قیامەتدا ، کـە وابێ ستەم ناکرێ لە هیچ نەفسێ بە هیچ ئەندازەیێ کەم یا زۆر ، وە ئەگەر بە قورسی دانەی خەردەلێ بێ دەری ئەخـەین و ئێمە کافین بۆ عالەم لە جیهەتی حیسابەوە •

وە دەلیل لە سوننەتی پێغەمبەردا ـ صلى الله عليه وسلم ـ زۆرن (من جملە) وەکو ئەوە ڕیوایەت کراوە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ـخودایان لێ ڕازی بێـ لە حەزرەتەوـصلى الله عليه وسلمـئەفەرموێت: خودای تەعالا پیاوێ لە ئوممەتی من دێنێ بە ئاگاداری خەلائیقی قیامەت (فينشر عليه تسعة وتسعين سجلا كل سجلّ مثل مد البصر ، ثم يقـول الله : اتنكر من هذا شيئا ، اظلمتْك كتبتي الحافظون ؟ فيقول : لا ياربّ • فيقول : بلى ان لك عندنا حسنة فانه لا ظلم عليك اليوم فتخرج بطاقـة فيها : اشهد ان لا اله الاّ الله واشهد ان محمدا عبده ورسوله • فيقول : احضر وزنك • فيقول : ياربّ ما هذه البطاقة مع هذه السجلات ؟ فقال : انك لا تظلم • قال فتوضع السجلات في كفـة والبطاقة في كفة فطاشت السجلات وثقلت البطاقة فلا يثقل مع اسم الله شيء • رواه الترمـذي • سنن الترمذي • رقم ٢٧٧٧ طبعة القاهرة ، واخرجه ابن ماجه في كتـاب الزهد من سننه رقم الحديث ٤٣) •

نووری ئیمان بە (قصاص) واتە تۆڵەوەرگرتن

ئیمان بە (قصاص) ئەمەیە موسوڵمان باوەڕی بێ کە خودای تەعالا حەققی ستەملێکراو ئەستێنێتەوە لە ستەمکار • وە دەلیلی ئەمە ئەوەیە :

(روي عن أبي هريرة ـ رضى الله عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : من كانت عنده مظلمة لأخيه فليتحلله منها ، فانه ليس ثمّ دينار ولا درهم ، من قبل ان يؤخذ من حسناته فان لم يكن له حسنات أخذ من سيّآت اخيه فطرحت عليه • رواه الشيخان = البخارى ومسلم • وعن أبي سعيد ـ رضى الله عنه ـ عن النبيّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : يخلص المؤمنون من النار فيحبسون على قنطرة بين الجنة والنار فيقتص لبعضهم عن بعض مظالم كانت بينهم في الدنيا حتى اذا هُذّبوا ونُقّوا أذِنَ لهم في دخول الجنة ، فوالذي نفس محمد بيده لأحدهم أهدى بمنزله في الجنة منه بمنزله الذى كان في الدنيا • رواه البخارى في الرقاق) •

ئەم حەدیثە پیرۆزانە ڕیوایەت کران لە بابەتی هۆشیارانی جنو ئینس بوون ، هەر چەند عەداڵەتی خودا عامە بۆ هەموو مەخلوقی ، هەر چەند لە حەیوانات بێ • حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرموویەتی : لَتُؤَدّنَّ الحقوق حتي يقاد للشّاة الجلحاء من الشاة القرناء • أخرجه مسلم في كتاب البر) •

وە ئەبێ بە دەلیل لەسەر ئەم تۆڵە سەندنەوە فەرموودەی خودای تەعالا : (وما من دابة في الأرض ولا طائر يطير بجناحيه الاّ امم امثالكم ما فرّطنا في الكتاب من شيء) ئایەتی/٣٨ لە سوورەتی ئەنعام •

بەڵێ دەلیل نیە لەسەر لەززەتو عەزابیان لە بەهەشتو دۆزەخدا • وا دەر ئەکەوێ کە لە پاش حەق لێسەندنەوەکە مەحوو ئەبنەوە •
(والله اعلم) •

نووري ئیمان به (صراط)

ئیمان به صیراط ئەمەیە موسوڵمان باوەڕی ببێ بەمە کـــە پردێ ڕائەکێشرێ بەسەر ئاگری دۆزەخدا • ڕیوایەت کراوە لە (أبو هریرة ـ رضی الله عنه ـ عن النبيّ ـ صلی الله علیه وسلم ـ : ثم یضـــرب الصراط بین ظهرانی جهنم فاکون اول مـــن یجوز من الرسل بامتـــه ، ولا یتکلم أحد یومئذ الاّ الرسل وکلام الرسل یومئذ : اللهم سلّم سلّم • رواه الشیخان) •

واتە : پاش میزانی ئەعمال پردێ دروست ئەکرێ لەسەر پشتی دۆزەخ ، جـا من ئەووەڵ کەسێکم لە پێغەمبەران کـە ڕابووڕێ لەگەڵ ئوممەتەکەیدا بەسەر ئەو پردەدا • وە لەو ڕۆژەدا کەس قسە ناکـــا ئیللا پێغەمبەران • وە کەلامی پێغەمبەرانیش لەو ڕۆژەدا ئەوەیە ئەڵێن : خودایا سەلامەتمان بـکە سەلامەتمان بـکە •

(وروی مسلم في الایمان عن أبي هريرة ، وعن حذيفة ـ رضي الله عنهما ـ أنه ترسل الأمانة والرحم فتقومان جنبتي الصراط يمينا وشـــمالا فيمرّ أولـكم كالبرق • قال : قلت بأبي أنت وأمي أي شيء كمر البرق ؟ قال : الم تروا الى البرق كيف يمرّ ويرجـع في طرفـــة عين ، ثم كمر الريح ، ثم كمر الطير وشد الرجال تجرى بهم أعمالهم ونبيكم قائم على الصراط يقول : ربّ سلّم سلّم حتى تعجز اعمال العباد ، حتى يجيء الرجل فلا يستطيع السير الاّ زحفا ، قال : وفي حافتي الصراط كلاليب معلقة مأمورة بأخذ من أمرت به فمخدوشٌ ناجٍ ومـــكدوس في النار ، والذي نفس ابي هريرة بيده أن قعر جهنم لسبعون خريفا • هذا جزء من حديث طويل رواه مسلم في كتاب الایمان •

وە ئەوەی لە فەرمودەکەیَ حەرزەتدایە کـە ئەمانەت و ڕەحم ڕاست و چەپی پردی صیراط ئەگرن ، مەعناکەی لەسەر بەیانی زانایانی دین ئەمەیە کـە خودای تەعالا دوو مەلائیکە دروست ئەکا بۆ خزمەتی ئەو موسوڵمانانە کە لە دنیادا هێمن و بێ خیانەت بوون و لەگـەڵ خزم و خوێشەکانیاندا میهرەبان بوون بۆ خەلاص بوونیان لەو شوێنەدا •

بە کورتی پردی صیراط ئەکێشرێ بەسەر دەرگای دۆزەخدا و هەر کەس ئەهلی دۆزەخ بێ دائەکـەوێ و ئەخرێتە دۆزەخەوە و بـە گوێرەی خۆی عەزاب ئەدرێ ، ئەگـەر کـافرە هەتا هەتایە و ئەگـەر موسوڵمانە بە قەدەر ئەو مـاوە بۆی دانراوە و پاش ئەوە ئەیهێننەوە بۆ بەهەشت ، وەکو زیندانی‌کراوێ کە ماوەی حەبسەکەی تەواو بێ • وە ئەوانەیش کـە موستەحەققی بەهەشتن ڕائەبوورن بەسـەریدا بـەرەو بەهەشت ، بازێ وەکو بەرق ، بازێ کەمتر و بازێ کەمتر • وە ئـەوەی کـە بەیان کراوە ئەو پردە : لـە موو باریکتر و لە ئەڵماس تیژترە • ڕاستە بەڵام ئینسانێ کە وەکو بەرق ڕابوری پێویستی بە ڕێگەی پـان و پۆڕ نیـە ، وە ئەوەیش کە بۆ دۆزەخ دانراوە بەڕاستی ناتوانێ ڕابوری و ئەکەوێتە ناو دۆزەخەوە • وە بۆ ئەوە وای لێکراوە •

دێتـە بیرم لـە ساڵی نۆصەد و سی و نەوەندەدا لـە مەجلیسێکدا بووین ، ئەم مەوزوعە هاتە ناو ، خودا لێ خۆش‌بوو حاجی مەلا خالیدی موفتی فەرمووی : ئەم خەڵـکە کە (تعجب) ئەکەن لەم پردە وا باشـە بڕۆن پردەکەی خواری قەزای (پردێ) ببینن ، لەوێدا مەکینە لە هـەر دوو لای ڕووبارەکەوە دامەزراوە ، وە لەسەر ڕووبارەکـەوە سیمێ بەسەر دوو عەموددا ڕاکێشراوە و بە هێزی مەکینەکە لۆری پڕ لە ئاسن بەرز ئەکرێتـەوە و بەسەر ئەو سیمە باریکەدا ئـەبرێ بۆ ئەو بەری

ڕووبارەکەوەو دای ئەگرنە خوارەوەو بەکاریان دێنن •

وە ئەم ئایەتە کـە ئەفەرموێت (وان منکم الا ّ واردها) مەعنـــای ئەوەیە کە هـــەموو بەسەر پردی صیراطداو بەســـەر دۆزەخـــدا ڕائەبوورن ، بەڵام ئەوانە کـە ئەهلی تەقواو پارێزن داناکەونو خـــودا ڕزگاریان ئەکا ، وە ئەوانەیش کە ئەهلی دۆزەخن دائەکەون ، ئیتـــر مەعنای ئەوە نیە کە هەموو کەسێ ئـــەڕواتە ناو دۆزەخـــەوە جـــا موسوڵمانەکان دێنە دەرەوە •

وە بازێ وتوویانە لەسەر ظاهیری ئایەتەکە هەموو کەس ئەڕواتـە ناو دۆزەخەوە بەڵام ناڕۆنە دۆزەخەوە بۆ عەزابدان ، مومکینە لە پێش عبووری صیراطدا هـــەبوو کـــەسێ وەکو (استعراض) بڕواتە ناو حـــدوودی دۆزەخـــەوە بەڵام ئەهلی عـــەزاب دووبارە کـــە هاتن بڕۆن بەسەر پردی صیراطدا دائەکەونو ئەهلی ئیمان داناکەونو ڕائەبوورن بۆ جیهەتی بەهەشت (والحمد لله علی ذلك) •

خوڵاصەی باس

دەرکەوت لەو ئایەتو حەدیثانەوە کە نووسیمان ئەمە کـــە هەموو جنو ئینس حازر ئەکرێن لە حضووری خودادا لە ڕۆژی قیامـــەتدا لە مەحشەردا وەکو خودا فەرموویەتی : (یومئذ تعرضون لا تخفی منکم خافیة) • ئایەتی هەژدە لە سوورەتی (الحاقة)دا •

وە مەوقیفی مەحشەر زۆر جێگەی ترسو لەرزە • وە ئەبێنێتـــەوە هەتاکو حەزرەتی موحەممەد ـ صلی الله علیه وسلم ـ تکا ئەکا بۆ هەموو عالەم ، جا ئەبرێن بۆ میزانو کێشانی بیروباوەڕو کردەوە • وە

عالەم زۆر پەرێشانەو بێدەنگە ، وەکو خودا فەرموویەتی : (وخشعت الاصوات للرحمن فلا تسمع الاّ همساً) ئایەتی / ۱۰۸ لە سوورەتی (طە)دا ، وە فەرموویەتی : (وعنت الوجوه للحي القيوم وقد خاب من حمل ظلما) ئایەتی / ۱۱۱ لە سوورەتی (طە)دا •

جا پاش پرسیاری خودا لە عالەمو پاش میزانو کێشانەی ئەعمالو حسێبی هەموو خاوەن تەکلیف پردی صیراط ڕائەکێشرێ بەسەر دەرگای دۆزەخداو عالەم بە ئەمری خودا بەسەریدا ئەڕۆن ، بەڵام دۆزەخی یەکان دائەکەون بۆ دۆزەخو ئەهلی بەهەشت ڕائەبوورن بەرەو بەهەشتو لەسەر ئاوی (حوض المورود) کە حەوزی تایبەتی حەزرەتە ـ صلى الله عليه وسلم ـ گرد ئەبنەوەو لە پاشا ئەڕۆن بە ئەمری خودا داخڵی بەهەشت ئەبن ، هەر کەس بۆ شوێنی خۆی (والحمد لله) •

نووري ئیمان بە (حوض المورود)

ئیمان بە (حوض المورود) باوەڕە بەوە کە پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ خەڵات کراوە لە لایەنی خودای میهرەبانەوە بەوە کە حەوزێکی پێدراوە میزانی گەورەیی‌و پیاڵەی ئاو لێوەرگرتنی وا لە عیلمی خوداداو هەموو موسوڵمانێ لە جنو ئینس ئاوی لێ ئەخواتەوەو هەر کەس ئاوی لێ بخواتەوە ئیتر قەت تینووی نابێو هەرکاتێ لە بەهەشتدا ئاو بخواتەوە یا هەر شەربەتێ ئەوە بۆ لەزەتو ڕابواردنە ، بۆ چاری تینوێتی نیە •

شێخی بوخاری ڕیوایەت ئەکا لە کتابی (رقاق)دا کە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرموویەتی : (حوضي مسيرة شهر ماؤه

ابيض مـــن اللبن وريحه اطيب مـن المسك وكيزانه كنجوم السماء ، ومن شرب منه فلا يظمأ ابدا) •

وه ئاوی ئەم (حوض المورود)ە لە نەهری کەوثەرەوە دێت کـە وا لـە بەهەشتدا • وە بە حەدیثی شەریف ئەمە ثابیت بووە •

نووري ئیمان به بەهەشتو جەهەننم

لـە نووری ئیسلامە ئیمان بە وجوودی دۆزەخ کـــە مـــاوای عەزابو ئازاری ئەهلی عەزابە ، وە بە وجوودی بەهەشت کـــە ماوای ئەهلی ڕەحمەتو طاعەتە • وە ئەم دوو ماوایە هەر دوویان مـــاوای ئەبەدی هەتا هەتان ـ خودا لە دۆزەخ بمان پارێزیٚو لە بەهەشتدا ماوامان بداتیٚ بە رەحمی خۆی ـ •

بیرو باوەڕی موسوڵمان ئەمەیە کە بەهەشتو جەهەننم ئیستە هەنو خودای تەعالا دروستی کردوونو ئامادەی کردوون بۆ ئەو کەسانە ئەبنە بە ماوایان ، بـــە دەلیلی گەلیٚ ئایەتی قورئانی پیرۆز ، وەکـو ئایەتی : (وسارعوا الى مغفرة من ربكم وجنة عرضها السموات والأرض أعِدَّت للمتقين) ئایەتی ١٣٣ لە سوورەتی ئالی عیمران • واتە : ئەی هۆشیاران پەلە پەل بـکەن بۆ لای عەفوتان لە لایەنی خوداوەو بۆ لای بەهەشتیٚ کـە داوەی بە قـەدەر پانایی عەرزو ئاسمانەکانە ، ئامادە کراوە بۆ ئەهلی تەقواو پارێزگاری • وە ئایەتی : (واتقوا النار التي اعدّت للكافرين) ئایەتی / ١٣١ لە سوورەتی ئالی عیمران • واتە : خۆتان بپارێزن لـــە عەزابی ئاگرێکی وەها کە ئامادە کراوە بۆ کافرەکان •

وە ئەمما شوێنەکەیان ئەوە هەر چەند دەلیلی نەصص نیـــە بۆ

دیاری کردنی ، بەڵام زوربەی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوەن کە جێگەی بەهەشت لە ژووری هەر حەوت ئاسمانەکانەوەیەو لە ژێر عەرشـــدایە ، لەبەر ظاهیری ئایەتی (ولقد رآه نزلة أخرى عند سدرة المنتهى عندهـــا جنة المأوى) واتە : حەزرەت ـ صلى الله عليـــه وسلم ـ جارێـــکی تر جوبرەئیلی بینیوە لە لای داری (سدرة المنتهى)دا کـــە لـــە لای ئەو دارەدایە (جنة المأوى) •

وە چـــەند ئەحادیث هەن دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە کە بەهەشت لە ئاسماندایەو (فردوس) لە دەرەجە زۆر بەرزەکانە ، وە ڕیوایـــەت کراوە حەزرەت فەرموویەتی (سقف الجنة عرش الرحمن) جـــا بە دەلیلی ئایەتەکە بەهەشت گوشادە بە قەدەر هەموو ئاسمانەکانو عەرز ، وە سەقفی بەهەشت عەرش بێ مەعنای وایە بەهەشت وا لـــە ژووری هەموو ئاسمانەکانەوەو لە ژێر عەرشداو دۆزەخیش لە شوێنێ بێ کـــە عەلاقەی بە بەهەشتەوە بێ بە دەلیلی گفتوگۆی ئەهلی دۆزەخ لەگـەڵ ئەهلی بەهەشتدا بە نەصصی ئایەت لە سوورەتی ئەعرافدا •

وە ئەو کەسانە کـــە زانان بە ئەحواڵی کائینات باوەڕیان وایە کـــە فەضای عالەم وا لە ژوور (تصورات)ی ئێمەوە ، وە ڕێگەی گەلێ عالەمی ڕاستی تێدا هەیە ؛ چونـــکە مادام بە کەشفی علمی ثابت بووە کە ڕۆژ ملوێنێ جـــار بە قـــەدەر عەرزەو ئەستێرەی (شعرى) ملوێنێ جار لـــە ڕۆژ گەورەترەو لەبەر دووری بە بچووك دەر ئەکەوێ ئەبێ مـــــاوەی کائینات گەلێ لە خەیاڵی ئێمە زیاترو گوشادتر بێ •

وە ئەم دوو شوێنە مەوجوودن هەتا هەتایەو ئەوانەیش وان لـــــە ناویاندا هەروا ئەمێننەوە هەتا هەتایەو خیلافی ئەم بیروباوەڕە بێ دەلیلەو لەسـەر خـەیاڵو هـــەوایە •

وە ئەمما صیفەتی دۆزەخو بەهەشتو ئەهلەکەیان ئەوە لە شەئنی ئەهلی دۆزەخدا بوخـــاریو موسلیمو ترمـــزی ڕیوایـــەت ئەکـەن حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (انّ أهون أهل النار عذابا یوم القیامة لرجلٌ توضع في أخمص قدمیه جمرتان یغلی منهما دماغه) واتە : ئەهوەنترو سووکترینی ئەهلی دۆزەخ پیاوێکە دوو پشکۆ ئاگر ئەخرێتە ژێر پاژنەی پێکانی کە دەماغی لە گەرمی ئەوانە ئەکوڵێ • وە ئەهلی دۆزەخ ئەوەی کـــافر بێ هـەتا هەتایەو ئەوەی کـە موسوڵمان بێ دوای ماوەی عەزاب دێتەوە بۆ بەهەشت •

وە ئەمما بەهەشت ئەوە کـــافییە بۆ ستایشی ئەو وەکو خـــودا فەرموویەتی : (فیها ما تشتهیه الأنفس وتلذّ الأعین وانتم فیها خـــالدون) یەکێ قورئانی پیرۆز بخوێنێتەوە ئەزانێ نیعمەتی بەهەشت چەند زۆرە • وە نەهری (کوثر) لە بەهەشتدایەو جۆگەی هەنگوینو شیری تێـــدایەو حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (قال عزوجل أعـددت لعبادي الصالحین ما لا عینٌ رأت ولا أذن سمعت ولا خطر علی قلب بشر ذخرا بَلْهَ ما اطلعکم الله علیه) جا خوێندییەوە : (فلا تعلم نفس ما اخفي لهم من قرة اعین جزاء بما کانوا یعملون • رواه الشیخـــان والترمـــذي) •

نووری چاو پێکەوتنی خودای تەعالا لە قیامەتدا

پێویستە هەموو موسوڵمانێ ئیمانو باوەڕی بێ کە لە قیامەتدا بـە حضووری زاتی خودا ئەگاو چاوی پێئەکەوێ بە دەلیلی فەرموودەی خودا لە قورئاندا : (وجوه یومئذ ناضرة الی ربّها ناظرة) واتە : چەند

رووبی لە ڕۆژی قیامەتدا جوانن‌و بۆ خودای خۆیان ئەڕوانن‌ەوە بە دەلیلی فەرموودەی پێغەمبەر ــ صلی الله علیه وسلم ــ کە فەرموویەتی : (انکم سترون ربکم کما ترون القمر لیلة البدر) وە لە ریوایەتێکی تردا لە جەریری کوڕی عەبدوڵلاوە : (قال : کنا عند رسول الله ــ صلی الله علیه وسلم ــ جلوساً ننظر الی القمر لیلة البدر ۰ فقال : انکم سترون ربکم عیانا کما ترون هذا القمر لا تضامون في رؤیته ، فان استطعتم ان لا تغلبوا علی صلاة قبل طلوع الشمس وقبل غروبها فافعلوا ۰ ثم قرأ : وسبح بحمد ربك قبل طلوع الشمس وقبل الغروب ۰ متفق علیه) واتە : لە خزمەتی حەزرەتدا دانیشتبوین ئەمان ڕوانی بۆ مانگ لە شەوی چواردەدا ، لە وێدا حەزرەت فەرمووی : بێ‌گومان ئێوە لە مەولا خودای خۆتان بە ئاشکرا ئەبینن ــ واتە بە چاو ــ وەکو ئەم مانگە ئەبینن‌و دوودڵی ناکەن لە چاو پێ‌کەوتنیدا ، جا ئەگەر ئەتوانن کە کۆڵ نەدەن لەسەر کردنی نوێژێ لە پێش دەرچوونی ڕۆژداو نوێژێ لە پێش ئاوا بوونی ڕۆژدا دەی بیکەن ۰ جا خوێندی‌یەوە ئایەتی (وسبح بحمد ربك قبل طلوع الشمس وقبل الغروب)وە ئەم حەدیثە بوخاری‌و موسلیم هەر دوویان ڕیوایەتیان کردووە ۰

وە بازە ئایەتێ کە مەنعی چاو پێ‌کەوتنی خودای تەعالا ئەکا ئەوە یا مەبەس چاو پێ‌کەوتنیەتی لە دنیادا وە یا لەسەر کافرەکان تەطبیق ئەکرێ ، وەکو ئایەتی : (کلا انهم عن ربهم یومئذ لمحجوبون) واتە : ئەو کافرانە لە خودای خۆیان مەحجووب‌و مەستوورن‌و بە حضووری خودا ناگەن ؛ چونکی ئایەتی چاو پێ‌کەوتنی خودا بۆ موسوڵمانان ظاهیرەو ئاشکرایەو حەدیثەکەیش تەواو ڕووناکی ئەکاتەوە ۰

وە بازێ لە ئەهلی تەفسیری قورئانی پیرۆز تەفسیری لەفظی

(زیادە) لە ئایەتی : (للذین احسنوا الحسنی وزیادة) بە چاو پێ ئەتنی خودای تەعالا تەفەنەوە ، واتە : بۆ ئەو ئەسانە لە چاکەیان کردووە جەراو پاداشی چاك هەیە لەگەل زیادەیەکدا لە بریتی‌یە لە دینی خودای تەعالا • جا لە ئەرەمی زانی خودای تەعالا داوا ئەکەین لە زانی خۆی بیسان بدا پیمانو بە چاو پێ ئەوتنی دلشاد ببین •

ئەم شـــەش ئەرکانە وتمان بۆ ئیمان
بناغـــەی دینن لە بۆ موسولمان
هەتا باوەڕت بە حـــەق ئەستووره
دلت بەڕاستی سەرچاوەی نووره
ئەزانی چلۆن هەنـگاو هەلبێنی
یاسـای ئیسلامی باش بەجێ بێنی
ڕۆح بۆ ژیانەو ئیمان بۆ دلە
ئیمان کارەبای مالو مەنزلە
کـــە ئیمانت بوو بە خودای عەللام
باش بەجێی دێنی کردەوەی ئیسلام
نامی لـــە خودا ئەپارێتەوە
دلتان بە ئیمـــان بحەسێتەوە

نووري ئیسلام (ان الدین عند الله الاسلام)

(قال ـ صلی الله علیه وسلم ـ الاسلام ان تشهد ان لا اله الا الله وان محمدا رسول الله ، وتقیم الصلاة وتؤتي الزکاة وتصوم رمضان وتحج البیت ان استطعت الیه سبیلا) •

واته : ئیسلام ئەمەیە کە بە دڵ باوەڕت بێ‌و بە زمان ئیقرار بکەی‌و وبڵێی : (لا اله الا الله ، ومحمد رسول الله) بڵێی : هیچ کەسێ لـە جیهاندا عیبادەتی بۆ ناکرێ بە ڕاستی‌و شیاوی عیبادەت بۆ کردن نیـــە ئیللا ئەو زاتە پەروەردگاوە کـــە ناوی (الله)یەو موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی (عبـدالمطاب) کوڕی هـــاشم کوڕی (عبدالمنـــاف) پێغەمبەری خودایەو ڕەوانە کراوە بۆ تەمێ‌کردنی جنـــن‌و ئینس • وە نوێژ بە بەجێ بێنی کـــە بریتی‌یە لە پێنج فەرز لە هـــەموو شـــەوو ڕۆژێکدا • نوێژی صوبح دوو ڕکات • نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکـات • نوێژی عەصر چوار ڕکات • نوێژی مەغریب سێ ڕکات‌و نوێژی عیشا چوار ڕکات • لەسەر ئەو یاسایە کە لە دیندا بەیان کراوە • وە نوێژی جومعـــە دوو ڕکات • وە غەیری ئەم نوێژانە سوننەتن (مؤكدة وغير مؤكدة) هەموو لە خەیراتن • وە زەکاتی دارایی خۆت بدەی بە وانـە کە شایانن بۆ ئەم پێدانە ، لەسەر ئەو یاسا لە دینی ئیسلامدا هەیە • وە مانـگی ڕەمەزان لە هەموو ساڵێکدا بە ڕۆژووبی لەسەر ئوصولی دین • وە حەج بـکەی ، واتە بڕۆی بۆ زیارەتی ماڵی خودا = کابەی پیرۆز ، لە شاری مەککەدا بە مەرجێ بتوانی بڕوی بۆ ئەو سەفەرەو بێتـەوە ، بەو یاسا کە لە دیندا دامەزراوە • وە دەرکەوت کە ئیسلامیەت پێنج ڕوکنی هـــەیە :

دوو شەهادەتە : أشهد أن لا اله الا الله ، وأشهد أن محمـــدا رسول الله • وە پێنج فەرزەی نوێژ لە هەموو شـــەوو ڕۆژێکدا • وە ڕۆژووی مانـگی ڕەمەزان لە هەموو ساڵێکدا • وە زەکات‌دان بە خاوەن بەش • وە حەج کردن ، واتە زیارەتی (كعبة الله) لـــە شـــاری مەککەدا • وە هەر کەسێ یەکێ لەم پێنج ئادابە نەکا ئەگەر لـــەبەر

بێ باوەڕی بێ ئەوە بە کـــافر ئەناسرێ‌و ئەگــەر لــەبەر تەمەڵی بێ ئەوە بە یاسای دینی ئیسلام ئەبێ بـکا بە عیقابی خـــۆی لـە دنیاداو پاداشی ڕۆژی قیامەتیشی وا لە لای خودادا ، ئەو ئەزانێ چی پێ ئەکا • وە مـادام ئەو دوو شەهادەتە ڕووکنی ئیسلامەو لەسەر ئـــەو شەهادەتە دڵی موسوڵمان دابمەزرێ پێویستە هەرچی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی بە ڕاستی بزانێ‌و هەرچی بە حـــەرام‌و ناڕەوای داناوە نەیـکاو هەرچی بە واجب داناوە بەجێی بێنێ‌و هـەرچی بە مەندووب داناوە ئەگەر بیـکا ئیحسانەو ئەگەر نەیـکا بێ تاوانـــەو هەرچی بە (مکروه) داناوە ئەگــەر نەیـکا ئەوابێ پێ ئەگـــاو ئەگـەر بیکات تاوانی نیەو هەرچی بە (مباح) داناوە ئەوە کردن‌و نەکردنی وەکو یەك وانە • وا دەرکەوت کە ئەحکامی خودا لەسەر موسوڵمانی هۆشیاری بازدەساڵە پێنجن : واجب‌و حــــەرام‌و مەندووب‌و مەکروه‌و موباح ، کە کردن‌و نەکردنی وەکو یەکن •

وە پاش ئەوە کــە شەهادەتی‌دا کە موحەممەد ـ صلی الله علیـه وسلم ـ پێغەمبەری خودایە ، پێویستە بە قەدەر دەستەڵات لەسەر ڕەویەو ڕێـگەی ئەو بێ لە ئەخلاق‌و ڕەوشتدا • خودا فەرموویەتی : (کان لـکم في رسول الله اسوة حسنة) واتە : بێ‌گومان هەیە بۆ ئێوە لــــە زاتی حـــەزرەتی پێغەمبەردا پیشەو شوێن‌کەوتنێکی جـوان ، چونکی خوڵك‌و ڕەوشتی حەزرەتی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ ڕەوشتێکی بەرز‌و بەڕێز بووە ، پێویستە موسوڵمان ئیمـــان‌و باوەڕی دامـــەزراو بێ‌و ئیسلامیەت‌و ئادابی دینی ڕەسایی‌و صیدقی ببێ ، واتە ڕاســت وتـار‌و ڕاست کردار بێ‌و صابیر بێ ، واتە خۆگر بێ لە بەرابەری مەینـەتە‌و بە وێنـەی نەخۆشین‌و زیان‌کاری لە دارایی‌و ماڵداو وێنەی ئەمانە ، وە

خاوەن بەخشش بێو دەستو دەهندەی بێو خۆش ڕووو خۆش‌وتارو خۆش کردار بێو دڵپاكو دڵخاوێن بێو دڵو دەستو دەمو داوێنی پاك بێ • خاوەن سوپاس بێ بۆ خودای تەعالاو بۆ هەر کەسێ حەقێکی لەسەری هەیە ، وەکو باوكو دایكو مامۆستاو خاوەن نیعمەتی دنیا • وە خاوەن عەفوو چاوپۆشی بێو عیززەتی نەفسی بێو بۆ شتی پەست دانەنەوێ • وە ئەگەر وەعدەیدا بە کەسێ بەجێی بێنێو درۆنەکاو غەیبەتو زەممی خەڵك نەکاو حەسوود نەبێو فیتنەیی نەکاو نەممام نەبێو عەیب نەدۆزێتەوە بۆ خەڵكو ناوونانۆرە دانەنێ لەسەر کەسو لەکاری ڕاستدا بە غیرەت بێو دڵئەستوورو پاڵەوان بێو بەرچاو گوشاد بێو هەر کەسێ پەنای بێ‌هێنا بە قەدەر ئیمکان یارمەتی بداو لەسەر کاری چاکەو تەرکی خراپە ، بە ئیستیقامەتو دەوام بێو بە قەدەر ئیمکان لە بیروباوەڕو کردەوەدا خاوەن ئیخلاص بێ ، واتە کاری بۆ خودا بێ ، تا وا لە ئیمکاندا دوور بکەوێتەوە لە حەرام لە هەموو جیهەتێکەوە بەڵکو شوبهەیش ، زوهدو بێ‌تەماعی لە دنیاداو عیززەتی نەفس‌و عیففەتو شەرم‌کردن کەمەشهوورە بە حەیا ، وە بێ‌کینەیی ، واتە دڵ‌صافی‌و غەیری ئەمانەیش کە زۆرن •

ڕەوشتی بەرزی ڕەهبەری نازدار
نایێتە نووسین نایێتە وتار
(انك لعلى خلق عظيم)
بەسە بۆ باسی ئەخلاقی کەریم
لەسەر ئەو یاسا ڕەوشتی مەردان
ئیمانەو ئیخلاص ئینصافو ویژدان
صیدقو صەبرو حیلم عەفوو شەرافەت

کەم تەماعی‌یەو زوهدو قەناعەت

تەواضوع بە حەق دەوامی طاعەت

کەرەمو بەخشش بە گوێرەی ئیمکان

چاوپۆشی بە حەق لە تاوانباران

داوێن پاکی‌یەو دەستو دەم پاکی

دڵپاکی یەعنی دەروون ڕووناکی

بێ‌گینە بژی لە ڕووی جیهانا

یەك دڵو یەكڕوو لەگەڵ ئینسانا

دڵسۆزی بە حەق لەگەڵ داماوان

دەسگرتن (مطلق) بۆ لێقەوماوان

حورمەت‌گرتنی پیرانو ئەشراف

نەخسوس لێقەوماو لە ناو یا ئەطراف

وەفا بە وادە بۆ گەورەو بچووك

بۆ داراو گەدا بۆ صینفی ملووك

حقووق ڕاگرتن بە ئەندازەی خۆی

سوپاسی نیعمەت چۆن هاتبێ بۆی

ڕەوشتی ڕەهبەر سەرمەشقە بۆمان

بە درێژی عومر بە تووڵی زەمان

(نامی) بە فیدای خۆی‌و ئەخلاقی

ڕەحمـــەتی عامی هەموو ئافاقی

شەرتی واجببوونی نوێژ : ئیسلامیەتو بالغبوونو عەقڵە ، وە شەرتی بەجێهێنانیان : پاکی لەشو بەرگو جێگەی نوێژە لە هەر پیسی‌یەك عەفوی لێ نەدرابێ ، وە داپۆشینی عەورەتە مابەینی ناوكو ئەژنۆی پیاوو هەموو لەشی ژن ـ غەیری ڕوخسارو هەر دوو دەستی تا مۆچ ـ وە هاتنی کاتی نوێژەکانە ، بۆ صوبح لە بەیانەوە تا هەتاو کەوتن بۆ نیوەڕۆ لە زەوالەوە هەتا ئەو کاتە سێبەری هەر شتێ بە قەدەر خۆی لێبێ زیاد لە سێبەری کاتی زەوال ، وە بۆ عەصر لەو کاتەوە تا ئاوابوونی ڕۆژ،وە بۆ مەغریب لە ڕۆژ ئاوابوونەوە هەتا ڕووناکی سووری قەراخی ئاسمان ون ئەبێ ، وە بۆ عیشا لەم کاتەوەیە هەتا بەیان • وە پاکی ئینسانە لە بێ دەسنویژی‌و لە (جنابة) واتە لەش‌پیسی • وە ڕووکردنە لە کەعبەی پیرۆز لە شاری مەککەی موکەڕەمەدا •

وە دەسنوێژ دێتە جێ بە نیەتی لابردنی بێ‌دەسنوێژی‌و شۆرینی هەموو ڕوخسارو هەردوو دەست لە پەنجەکانەوە تا ئەنیشك ، وە مەسحی سەرو شورینی هەر دوو پێ هەتا قوولاپەکان •

وە دەسنوێژ تێك ئەچێ بە دەرچوونی شتێ لە بەرو دواوە ، وە بە دەس‌دان لە پێستی ژنی نامەحرەم ، وە دەس‌دان لە فەرجی ئینسان بە بەری دەست ، وە دەس‌دان لە حەلقەی دوبوری ئینسان ، وە نوستن بێ‌شێوەی دامەزرانی ژێر قنگی لەسەر عەرز ، وە نەمانی عەقل بە ناساغی یا بە هۆی هەر شتێکەوەبێ • وە جەنابەتو لەش‌پیسی لا ئەچێ بە نیەتی لابردنی لەش‌پیسی‌و بە شۆردنی هەموو لەش بە پێستو مووەوە ـ لە پاش لابردنی پیسی لەسەر لەش ئەگەر بێ ـ وە (شرعاً)

ئەم دەسنوێژو غوسڵە کاتێ بە سوودە کە ئینسان خۆی پاك کردبێتەوە لە پیسی لە بەرو دوای بە سێ بەرد یا بە هۆی شۆردنیان بە ئاوێکی وا پاكو پاکەوەکــــەر بێ •

وە ئەگەر لە شوێنێکدا ئاو نەبوو بۆ دەسنوێژ گرتن‌و خۆشۆرین ، یاخود ئاو هەبوو بەڵام لەبەر ساردی یا ناساغی بەکار نەدەهات (تیمم) پێویستە کە بریتی‌یە لەوە بە نیەتی حەلاڵ‌کردنی نوێژ دوو جـار دەس بدەی بە سەر گڵێکدا تۆزی هەبێ ، لە جاری یەکەمدا هەموو ڕوخساری مەسح بـکاو بــــە جـاری دووەم هەردوو دەستی تا ئەنیشــــکەکانی مەســـح بـــکا •

وە ئەرکانی داخلیەی نوێژەکان هەژدەن : نیەت‌هێنان بۆ فەرزی نوێژی ئەو وەختەو (الله اکبر) کردن‌و خوێندنی فاتیحە بە ڕاوەستانەوەو ڕکووع واتە دانەوێنەوە وەهـا کـە هـەر دوو بەری دەستەکانی بگەنە ئەژنۆکانی‌و ڕاستەوەبوون بۆ ئیعتیدال‌و سوجدەبردن بە دانانی تەوێڵ بـە ڕووتی‌و هەر دوو ئەژنۆ بە داپۆشراوی‌و هەر دوو بەری دەست‌و بەری هەر دوو پێی لەسەر عەرزو ڕاستەوەکردنی سەری‌و دانیشتن‌و دووبارە سوجدە بباتەوە ، وەکو یەکەم • وە لەم ئیعتیدال‌و ڕکووع‌و سجوودو دانیشتنەدا ئارام بـگرێ‌و لە ئاخری ڕکاتی نوێژدا لە پاش سوجــــدە دابنشێ (تحیات) بخوێنێ بڵێ :

(التحیاتُ للهِ السلام عَلیكَ اَیُّهَا النبيُّ وَرَحمةُ الله وَبَرکاتُهُ السَّلامُ عَلینَا وَعَلی عبادَ الله الصَّالحینَ أشْهَدُ أنْ لا الهَ الاّ الله وَأشهَدُ أنَّ محَمّداً رسُول الله ، اللّهمَّ صَلّ علی سَیّدنا مُحمّدٍ وعلی آل محمّد کَما صلیّت علی ابراهیم وعلی آل ابراهیم في العالمین

انك حميد مجيد) وە بەم ڕیزە نوێژەکەی تەواو بکاو جا سەلام بداتەوەو بڵێ : (السلام علیکم ورحمة الله) بۆ جاری یەکەم •

وە سوننەتەکانی نوێژ لە پێش چوونە ناوی نوێژەکەوە : بانگدانە لە ئەوەڵی کاتەوە بە عیبارەتی مەشهوور • وە قامەتکردن لە پێش دابەستنی نوێژەکەدا وەکو عادەتە • وە لە پاش داخڵبوون لە نوێژەکەدا قنووت خوێندنە لە ئیعتیدالی ڕکاتی دووەمی صوبحداو لە وەتری نیوەی دووەمی مانگی ڕەمەزان • وە تەحیاتو صەلاوات خوێندنی یەکەمە • وە غەیری ئەمانە هەموو لە هەیئەتی نوێژن ئەوانەش یازدەن : بەرزکردنەوەی هەر دوو دەست لەگەڵ (الله اکبر)ی نیەت دابەستنو لە کاتی ڕکووعو سەر بەرزەوەکردن لە ڕکووع • وە دانانی دەستی ڕاست لەسەر موچی دەستی چەپ • وە دۆعای (افتتاح : وجهت وجهی) تا ئاخرو (اعوذ بالله من الشیطان الرجیم) لە پێش فاتیحەو خوێندنی (آمین) لە ئاخری فاتیحە • وە خوێندنی سوورەتێ قورئان لە پاش فاتیحە لە دوو ڕکاتی یەکەمو دووەمدا • وە بە ئاشکرا خوێندن لە جێگەی خۆیدا • وە پەنامەکی خوێندن لە جێگەی خۆیدا • وە (الله اکبر) خوێندن لە کاتی سەر دانەواندنو سەر بەرزکردنەوە • وە خوێندنی : (سمع الله لمن حمده ربنا لك الحمد) لە کاتی بەرزەوەبوون لە ڕکووع • وە تەسبیحات لە ڕکووعدا بە (سبحان ربّي العظيم وبحمده) • وە لە سوجدەدا بە (سبحان ربي الاعلى وبحمده) • وە دانانی هەر دوو دەست لەسەر ڕان لە دانیشتندا ، دەستی چەپی بڵاوبکاتەوەو دەستی ڕاستی بقونجێنێ مەگەر پەنجەی شەهادە ئەوە ئیشارەتی پێبکا لە کاتی (شهادتین)دا • وە دانیشتن بە (افتراش) واتە لەسەر باژنەی پێی چەپیو پشتی پێی بکاتە لای عەرزەوە لە هەموو

دانیشتنەکانیدا • وە (تورك) لە دانیشتنی تەحیاتی دوایدا لەسەر ولمەی ڕانی چەپی‌و پێی چەپی دەرکـا لە لای ڕاستەوە • وە سەلامدانەوەی دووەم بەلای چەپدا ئەوەندە کە لایێ ڕوخساری ببینرێت •

وە ئـــەو شتانەیش کـــە نوێژ بەتاڵ ئەکەنەوە دە شتن : وتاری عەمدی • وە سێ حەرەکەی ئەعزای بە شوێنی یەکدا • وە دەســنوێژ شکانو لەش پیس‌بوون • وە پەیدابوونی پیسی لەسەر لەش‌و ئەعزاو جێگەی نوێژ • وە دەرکەوتنی عەورەتی • وە گۆڕینی نیەتی خـــۆی وەکو ئەوە بڕیار بدا کـە نوێژەکەی نەکا • وە پشت‌کردن لـە قیبلە • وە خواردنو خواردنەوە • وە پێکەنین بە قاقا • وە کوفرکردن ـ پـەنا بە خـــــودا ـ •

ئەمانە کورتە باسێ بوون پێویستە موسوڵمان بیانزانێ ، وە بۆ درێژەی ئاداب پێویستە موسوڵمان موراجەعەی زانای دینی جێگە بکا •

نوێژی جومعـــە

نوێژی جومعە دوو ڕکاتە لە شوێنی نوێژی نیوەڕۆ لـــە ڕۆژی جومعەدا • وە شەرطی واجب بوونی ئەم نوێژە : ئیسلامیەتەو بلوغ‌و عەقڵ‌و نێرینەیی‌و تەندروستی‌و وەتەنیەت ، واتە ئەو شـــوێنە وەتەنی کـــابرا بێ •

وە شـــەرتی بەجێهێنانی ئەمەیە : شوێنەکە شار بێ یا لادێ‌یەکی وا بێ نیشتمان بێ بۆ خەڵـکەکەی‌و دەرنەچن لێی مەگەر بۆ ئیحتیاجی • وە چل پیـاوی دارای شەرتەکانی تێدا بێ • وە کاتی نیوەڕۆ باقی بێ • وە واجبـە لـە پێش نوێژەکەدا خەطیب دوو خوطبـــە بخوێنێ بـــە

ڕاوەستانەوەو لـە بەینی ئەواندا دابنیشێ بە ئەندازەی خوێندنی سوورەتی ئیخلاص‌و لە هـەر دوو خوطبەکاندا حەمدی خوداو صەلاوات لەسـەر حەزرەتی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ بدا بە ناوی خۆی • وە وەصیەت بە تەقوابێ • وە لە یەکێکیاندا ئایەتێ قورئان‌و لەویاندا دۆعـا بۆ موسوڵمانان بێ ، جا خەطیب پاش خوطبەکان دوو ڕکات نوێژ بـسـە نیەتی فەرزی نوێژی جومعە بە ئیمامـەت بێنێ‌و بە جەماعەت نوێژەکە تـەواو بـکەن •

وە لە سونەتەکانی جومعەیە خۆ شۆرین لە بەینی کاتی بەیان تا پێش زەوال • وە بەرگی سپی لەبەرکاو نینۆك بـکاو بۆنخۆشی بەکـار بێنێ ، وە لە کاتی خوطبەخوێنـدنی خەطیبدا بێدەنگ بێ • وە یەکێ هاتە مزگەوتەوە لە کاتی خوطبەخوێندنی ئیمامدا دوو ڕکات نوێژ بـکا بە نیەتی سونەتی پێش نوێژی جومعە ئەگەر ئەو سونەتەی نەکرد بێ ئەگەر نا بە نیەتی نوێژی دیاری مزگـەوت •

وە جەماعەت لە نوێژی جومعەدا فەرزی عەینەو لە باقی نوێژەکاندا فـەرزی کیفایەیە ، یاخـود سونەتی موئەککەدەیە • وە واجبە لەسـەر مەئموم نیەتی جەماعەت لە هەموو نوێژێکدا بە جەماعەت بکرێ ، وە لە نوێژی جومعەدا لەسەر ئیمامیش نیەتی ئیمامەت واجبە •

نوێژە سونەتەکان

گەورەترینی عیباداتی بەدەنی نوێژە ، وە گەورەترینی نوێژی سونەت نوێژی جەژنەکـانە ، جا نوێژی ڕۆژگیران ، جـا نوێژی مانگ‌گیران ، جا نوێژی باران‌بارین ، جـا نوێژی وەترە (تاق) وە لای

کەمی ئەم نوێژە یەك ڕکاتە ، وە لای زووری یازدە ڕکاتە ، وە کاتەکەی وا لە بەینی نوێژی عیشاو دەرکەوتنی بەیان (فجر)دا • وە دروستە بۆ کەسێ زیاد لە ڕکاتێ بکا یەك تەحیات بخوێنێ لە ڕکاتی ئاخرداو سەلام بداتەوە ، یا دوو تەحیات بخوێنێ لە دوو ڕکاتی ئاخردا خـواه ڕکاتی ئاخر لەگەڵ ئەواندا بـکا یا جیای کردبێتـەوە لێیان • وە ئەگەر سێ ڕکاتی کرد سوننەتە لە ڕکاتی یەکەمدا سورەتی (الاعلی)ۆ لـــە دووەمدا سوورەتی (الکافرون)ۆ لە سێیەمدا سوورەتی ئیخلاص و هەر دوو (معوّذە)کان بخوێـنێ •

جا گەورەتری نوێژە سوننەتەکان لە پاش نوێژی وەتو سوننەتـە ڕاتبە موئەککەدەکانە کە دە ڕکاتن : دوو ڕکات لە پێش نوێژی صووبح و دوو رکـــات لـــە پێش نوێژی نیوەڕۆو دوو ڕکت لە پاش نوێژی نیوەڕۆو دوورکات لە پاش نوێژی مەغریب و دوو ڕکات لـــــە پاش نوێژی عیشا ، وە ئـــەم دە ڕکـــاتە هەموو وان لە یەك پایەدا ، جا ڕاتبە غەیرە موئەککەدەکان کە دوو ڕکاتی تر لە پێش نیوەڕۆو دوو ڕکات لە پاش نیوەڕۆوەو چوار ڕکات لە پێش عەصرداو دوو ڕکات لە پێش عیشادا کە ئەکاتە دوازدە رکات • جا گەورەترین نوێژی (ترازیح)ە لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا بە نیەتی قیامی ڕەمەزان •

جا سوننەتی تەراویـح یا نوێژی تەراویـح ڕیوایەت کـراوە لـە حەزرەتەوە ـ صلی الله علیه وسلم ـ (انّ الله تعالی فرض علیکم صیام رمضان وسننت لکم قیامه) وە ئەم نوێژە دوو ڕکات دوو ڕکات ئەکرێ و لە پاش هەموو چوار ڕکاتێکدا کەمێ ئیسراحەت ئەکەن ، وە ئەگــەر نیەتی چوار ڕکات بێنن ئەوە نوێژەکەیان بەتاڵ ئەبێ • وە ئەم سوننەتە لە ساڵی دووەمی کوچیدا لە لایەنی حەزرەتەوە لە شەوی بیست و سێیەمی

مانگی ڕەمەزاندا حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە کاتێکی درەنگ لە شەودا دەرچووو هەشت ڕکاتی کرد لە مزگەوتداو ئەصحابەکانیش لەگەڵ ئەودا بە جەماعەت نوێژەکەیان کرد ، وە لە سبەینێ خەڵك بەم نوێژەیان کردو حەزرەت لە شەوی بیستو پێنجدا هاتەوە بۆ ئەو نوێژەو یاران ئیقتیدایان پێکردو هەشت ڕکاتیان کرد ، وە لە شەوی بیستو حەوتدا هاتەوەو گەلێ ئەصحابە حازر بوون هەشت ڕکات نوێژیان کرد • ئیتر پاش ئەم سێ شەوە حەزرەت نەهاتەوە ، کە عەرزیان کرد : بۆچی تۆ تەشریفت نەهاتەوە ؟ فەرمووی : ترسام خودا فەرزی بکا لە سەرتان • وە ڕیوایەت کراوە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە ماڵی خۆیدا بیست ڕکاتی کردووە •

(فقد أخرج البيهقي عن ابن عباس ـ رضي الله عنهما ـ كان يصلي ـ صلى الله عليه وسلم ـ في شهر رمضان عشرين ركعة والوتر • كما في حاشية الشوكاني على منتقى الأخبار • وعن أبي ذر الغفاري ـ رضي الله عنه ـ قال : صمنا مع النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ رمضان فلم يقم بنا شيئا من الشهر حتى بقي سبع ، فقام بنا حتى ذهب ثلث الليل ، فلما كانت السادسة لم يقم بنا ، فلما كانت الخامسة قام بنا حتى ذهب شطر الليل ، فقلت : يارسول الله لو نفلتنا قيام هذه الليلة • أي : لو أحيينا بموافقتك بقية ليلنا بصلاة النافلة • فقال : ان الرجل اذا صلى مع الامام حتى ينصرف حسب له قيام الليلة • قال : فلما كانت الرابعة ، أي : آخر الشهر ، لم يقم • فلما كانت الثالثة جمع أهله ونساءه والناس فقام بنا حتى خشينا ان يفوتنا الفلاح • فقلت : وما الفلاح ؟ قال : السحور • ثم لم يقم بنا بقية الشهر • رواه أصحاب السنن بسند صحيح • فقد روي من أبي ذر في صلاته ـ صلى الله عليه وسلم ـ في هذه المرة الثالثة أنها

كانت عشرين ركعة • كما في حاشية : تاج الأصول) •

وا دەرکەوت کە ئەصڵی نوێژی تەراویح سوننەتە بە بەجێهێنانی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ وە جەماعەتیش لەو نوێژەدا سوننەتە بە دەلیـلی ئەوە کە حـەزرەت مەنعی ئـەو ئەصحابانـەی نەکرد کـە ئیقتیدایان پێ کرد •

وە ژمـارەی ڕکاتەکانیشی گەیشتووەتـە بیسـت ڕکات لە سـەر ڕیوایەتی بەیهەقی لە (ابن عباس)ەوە ـ رضي الله عنهما ـو ڕیوایەتی ئەبو ذەڕی غەففاری ـ رضي الله علیه ـ (مع انه) عیبارەتی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ کە فەرمووی : (وسننت لکم قیامه) کە (قیام اللیل)ی ڕەمەزان سوننەتەو هەر چـەند ڕکات نوێژی تێدا بـکرێ بـە نیەتی (قیام اللیـل)ی ڕەمـەزان دروستە ، کە وابـێ ئەو کردەوەی حەزرەتی عومەرە ـ رضي الله عنه ـ کە پاش ساڵێ لە خەلافەتی خۆی کاتێ چاوی کەوت بە ئەصحابەکان ژن‌و پیاو بە جیا هەر یەکێ بۆ خۆی نوێژ ئەکا ، وەهای بە باش زانی کە پیاوانی گرد کردەوە لە لای (أبي بن کعب)وە ژنەکانیشی گرد کردەوە لە لای (سلیمان بن ابی حشمة) کە پیاوێکی مسکین‌و پیر بوو • وە بە جەماعەت نوێژ بکەن هەتا بیست ڕکات لە هەموو دوو ڕکاتێکدا سەلام بدەنەوە • وە هەموو ئەصحابەکان عوثمان‌و عەلی‌و فوقەهای مەدینەو گەورە صەحابەکان لە مەدینەو مەککەدا بەم کارە ڕازی بوون‌و ئیجماعیان هاتە جێ لەسەر ئەم نوێژی تەراویحە • کە وابێ ئەم نوێژی تەراویحە بە بیست ڕکات بوو بە سوننەت لە دیـنی ئیسلامدا • وە وتاری موخالیف لەم مەوزوعەدا خیلافی شەرعی ئیسلامە •

جا گەورەتر لە نوێژە سوننەتەکان (صلاة الضحی) چاشتە نوێژە لە بەینی هەتاو بەرزەوەبوون بە قەدەر ڕمێ‌و کاتی زەوال • ژمارەی لە دوو

ڕکاتەوەیە هەتا هەشت ڕکات یا دوازدە ڕکات ، سەلام بداتەوە لە هەموو دوو ڕکاتێکدا •

جا دوو ڕکاتەی ئیحرام بە حەج یا بە عەمرە لە پێش بەستنی ئیحرامەکەدا • جا دوو ڕکاتی طەواف کە لە پاش طەوافدا ئەکرێن • جا دوو ڕکاتی (تحیة المسجد) • جا دوو ڕکاتی سونەتی دەسنوێژ •

وە سونەتە دوو ڕکات نوێژ لە ماڵی خۆیدا بۆ ئەو کەسە ئەڕوا بۆ سەفەرێ ، وە دوو ڕکات لە مزگەوتدا پاش هاتنەوەی لەو سەفەرە لە پێش ئەوەدا ئەڕواتە ماڵەوە • وە دوو ڕکات سونەتی پاش بانگ لە پێش قامەتدا ، وە دوو ڕکات سونەتی ئیستیخارە لە یەکەم ڕکاتدا (الکافرون)و لە دووەمدا (الاخلاص) بخوێنێ • وە دوو ڕکات (صلاة الحاجة)وە بازێ ئەڵێن دوازدە ، لە ڕکاتی یەکەمدا سوورەتی (الکافرون)و لە دووەمدا سوورەتی (الاخلاص) بخوێنێ • جا پاش سەلامدانەوە حەمدو تەسبیحی خودا بکا صەڵاوات لە حەزرەت - صلی اللّٰه علیه وسلم - بداتو داوای نیازەکەی بکا • وە سونەتی (اوابین) لە بەینی مەغریبو عیشاداو لای کەمی دوو ڕکات لای زۆری بیست ڕکاتە • وە سونەتی (صلاة التسبیح) چوار ڕکاتە بە ڕۆژدا بە یەکەوەو لە شەودا دوو دوو ، لە پاش نیەت هێنان لە پێش خوێندنی فاتیحە پازدە جار بڵێ : (سبحان اللّٰه والحمد للّٰه ولا اله الا اللّٰه واللّٰه أکبر)وە ئیمامی غەزالی - رحمه اللّٰه - لە (احیاء العلوم)دا فەرموویەتی : ئەمەیش زیاد بکا (ولا حول ولا قوة الا باللّٰه العلي العظیم) وە لە ڕکووعدا پاش (سبحان ربي العظیم) دە جارو لە ئیعتیدالدا دە جارو لە هەر دوو سوجدەکانداو دانیشتنی مابەینیانداو جلووسی پاش سوجدەی دووەمدا دە جار ، مەجموعی حەفتاو پێنج تەسبیح لە هەموو ڕکاتێکدا • وە ژمارە بۆ نوێژی سونەتی (مطلق)

نیه کەمو زۆری عایدی خواستی نوێژکەرەکەیە •

وە هەر سوننەتێ کە وەختی تایبەتی ببێ مادام فەوتا قەزاکردنەوەی سوننەتە • وە سوننەتە نوێژی (صلاة التهجد)و عەدەد بۆ نوێژەکانی نیە • وە ئەگەر لە پاش نوستن بکرێ ئەوە پێی ئەڵێن (تهجد) واتە تەرکی نوستن ، ئەگەرنا ناوی (قیام اللیل)ە • وە دواخستنی بۆ سێیەکی ناوەڕاستی شەو گەورەترە •

گام نوێژی سوننەت جەماعەت مەشرووعە تیایدا

ئەو نوێژە سوننەتانە کە بە جەماعەت تەشریع کراون : نوێژی وەترە لە تەواوی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا ، وە نوێژەی جەژنی ڕەمەزانو قوربان ، وە نوێژی ڕۆژگیرانو مانگ‌گیران ، وە نوێژی داوای بارینی باران ، وە غەیری ئەمانە دامەزراون لە سەر (انفراد)و یەکە یەکەو جەماعەت سوننەت نیە تیایانداو بە (انفراد) حەزرەت – صلی الله علیه وسلم – بەجێی‌هێناون • وە ئەگەر بە جەماعەت بکرێن هەرچەند ناتوانین بڵێین ئەوە حەرامە یا مەکرووهە ؛ لەبەر ئەوە ئەم حوکمانە بە نەهی ثابیت ئەبن ، بەڵام لە کتێبی (ایضاح) تەئلیفی ئیمامی نەوەوی بە نەقڵ لە ماوەردی‌یەوە ئەفەرموێت :

(واعلم انه لیس للأمیر ان ینکر علیهم ما یسوغ فعله الاّ أن یخاف اقتداء الناس بفاعله • انتهى • قال الشیخ ابن حجر في حاشیته : ظاهر کلامه جواز الانکار حینئذ ، وله وجه ویحتمل وجوبه وهو الأقرب ؛ لما یترتب علی ذلك من المفاسد – والله اعلم – انتهى) •

بینا لە سەر ئەم فەتوای ئبنو حەجەرە لەم ڕۆژەدا کە عیلم

کەم بووە واجبە لەسەر ئەو کەسە دەستی ئەڕوا مەنعی نوێژی جەماعەت بکا لە هەر نوێژێکدا کە بە جەماعەت مەشرووع نەکرابێ، وەکو نوێژە ڕاتبەکانو نوێژی (صلاة التسبيح)و غەیری ئەمەیش ـ والله اعلم ـ •

وە پێویستە بزانن کە مەکرووهە لەسەر فەرش یا بەڕەو ڕووی شتی یا لە ناو بەرگێکی وادا کە صوورەتێکی وای تێدابێ نوێژکەرەکە غافڵ بکا • وە لە جێگەی مۆلی حەیوانێکدا کە ئازار بگەیێنێ ، وەکو وشترو گای قۆچ‌وەشێن • وە لە ناو حەمامداو لە شوێن جل داکەندنەکەیدا ، وە لەسەر جێگەی زبڵ وەکو سەلوێنك ئەگەر فەرشێ پاك لەوێدا رابخا ، ئەگەرنا هەر نوێژەکەی بەتاڵە ، وە لەسەر ڕێگەی ناو خانوداو لە قەصابخانەدا ، وە لە ناو شیودا لە کاتی لافاودا ، وە لە ناو کەنیسەدا کە جێگەی عیبادەتی جوولەکەیەو لە کلیسای گاورەکاندا ، وە لە هەر شوێنی جێگەی عیصیانو تاوانباریو لەهور لەعب بێ وەکو سینەماو جێگەی شەراب‌خواردنەوەو هاو وێنەی ئەوان •

هەروا مەکرووهە نوێژکردن لە قەبرستانێکدا هەڵ نەوەشابێتەوە ، بەلام ئەگەر هەڵوەشابێتەوەو فەرش لە ژێر ئینساندا نەبێ ئەوە نوێژەکە بەتاڵە ، لاکین کە بەرماڵ لە ژێر پێدا بوو مەکرووهە•

وە بۆ حاڵی‌بوونی موسوڵمانان لەم مەوزووعە ئەڵێم : مەزهەبی ئیمامی حەنەفی ئەمەیە کە مەکرووهە نوێژ لە قەبرستاندا کاتێ کە قەبرەکە لە پێش نوێژکەرەکەوە بێ بە جۆرێ کە چاوی بەرەو سوجدەگاکەی بڕوانێ قەبرەکە ببینێ ، بەلام ئەگەر ئەو قەبرە لە پشتێوە یا لە تەنیشتێوە بێ وەها کە چاوی پێ نەکەوێ ئەوە زیانی نەبەو نە حەرامەو نە مەکرووهە •

وە مەزهەبی ئیمامی مالیك ئەمــەیە كە نوێژ لە قەبرستاندا دروستە بە بێ كەراهەت ئەگەر نوێژكەر ئەمین بێ لە پیسی جێگەی نوێژەكەی ، بەڵام ئەگــەر پیس بوو ئەوە ئەگەر فەرشی لە ژێردا بوو مەكرووهــەو ئەگەر هەر لەسەر عەرزە پیسەكە بوو ئەوە نوێژەكە بەتاڵە •

وە مەزهەبی حەنبەلی‌یەكان ئەوەیە كە نوێژ لە شوێنێــكی وادا سێ قەبر یا زیاتری تێـــدا بوو حەرامە ، بەڵام ئەگەر دوو قەبر یا قــەبرێ بوو ئەوە نوێژەكە دروستە بە بێ كەراهەت ، ئەگەر وەزعەكــەی وابێ ڕوو نە كاتە قەبرەكان ئەگەرنا مەكرووهە •

وە مەزهەبی شافیعی ئەوەیە نوێژ لە قەبرستاندا مەكرووهـــە (مطلقا) خواه قەبرەكان لــە پشتەوە بن یا لە پێشەوە لە راستەوە بن یا چەپەوە ئیللا قەبری پێغەمبەرانو شەهیدان ئەوە نوێژ لەوێدا دروســتە بێ كەراهەت ئەگەر قەصدی (تعظیم)ی خاوەن قەبرەكە نەبێ وە ئیللا حەرامـــــە •

وە تەحقیقی مەوزووعەكە ئەمەیە كە نوێژكردن بەرەو ڕووی قەبری پێغەمبەرانو شەهیدانو ئەولیاو صاڵحان ئەگەر مەبەس (تعظیم)ی ئەوان بێ حەرامە ، وە ئیللا مەكرووهە • وە فەرموودەی (لا تتخـــذوا قبري مسجداً) لەسەر مەبەستی ئەو (تعظیم) كردنەیە ، وە ئەممــا نوێژ كردن لە مزگەوتێكدا نزیكی حوجرەی قەبرستان بێ ئەوە دروستە •

هەروا پێویستە بزانن چــەن كات هەیە كە حەرامە نوێژكردن لەو كاتانەدا ئیللا نوێژێ كە سەبەبێكی بێ وەكو سوننەتی دەسنوێژ یـــا (تحية المسجد) یا قــەزای نوێژی فەوتاوی سابیق • ئەو كاتانە : پاش كردنی نوێژی صوبح تا ڕۆژ دەرئەچێو بە قەدەر ڕمێ بەرز ئەبێتــەوە•

وە لـە کـاتی زەواڵو لادانی ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان هەتا لەو خـەتە لائەدا ، بەڵام لە غەیری ڕۆژی جومعەدا ؛ چونکی لە جومعەدا دروستە لەو کاتەدا نوێژ بـکەی • وە لە پاش نوێژی عەصر هەتا ڕۆژ ئاوا ئەبێو لە چاو ون ئەبێ • وە ئەم حەرامی نوێژە بۆ غەیری حەرەمی کەعبەیە ، لەوێ لە هەر کاتێکدا نوێژ بـکەی شەوو ڕۆژ ڕەوایەو مانیع نیـــە • ئەمانە ئەحکامێکن واجبـــە بیزانن •

نووري ئیمان بە ڕۆژوو

ئیمـان بە ڕۆژوو ئەمەیە کە باوەڕت ببێ هەموو ساڵێ مانـــگی ڕەمـەزان بە ڕۆژوو بی • وە شەرتی واجببوونی ڕۆژووی ڕەمـەزان ئیسلامییەتەو بلووغەو عەقڵو تەوانایی‌یە لەسەر ئەو ڕۆژووە •

وە فەرزی ڕۆژوو چوار شتە : یەکەم نیەتو قەصدی ئەوە کـە سبەینێ بە ڕۆژوو بێ ڕۆژووی ڕەمەزان ، وە ئەم نیەتە لە کاتی شـەودا بێ • وە خۆگرتن بە دوور لە خواردنو خواردنەوەو جیماع‌کردنو لە خۆڕشاندنەوە بە عەمدی • وە ئەوەی کە ڕۆژووی پێ ئەشکێ دە شـتە هەر شتێ کە بە عەمدی بـگاتە ناو سکەوە یا ناو سەرو بـگاتە مەثانە ، یا لـە دواوە وەکو شاف جێگە بـگرێ • وە ڕشانەوەی عـەمدی • وە وەطئی عەمدی لە فەرجی گیانلەبەردا • وە هێنانەخوارەوەی ئاوی مەنیو وارید بوونی عوزری شەرعیو خوێنی زەیستانی بەسەر ژندا • وە شێتیو ڕیددە ، واتە گەڕانەوە لە ئیسلامەوە بۆ کوفر ـ والعیاذ بالله ـ •

وە سوننەتە بۆ ڕۆژووگر زوو ئیفطار بـکاتەوەو درەنگ پارشێو بـکاو تـەرکی وتاری پووچـــی بێسـوود ناڕەوا بـکا • وە حەرامە

ڕۆژووی (یوم الشك) كه ڕۆژەووی ئەووەڵ ڕۆژه بو كاتێ یەكێ بڵێ : ڕەمەزانەوە یەكی بڵێ : ڕەمەزان نیه •

وه هەر كەسێ لـه ڕۆژووی ڕەمەزاندا له كاتێكدا به ڕۆژوو بێ به عەمدی وەطئی ژن یا غەیری ژن بـكا ئەوه واجبه قەزای ئـەو ڕۆژه بـكاتەوەو دوو مانگ لەسـەر یەك به ڕۆژوو بێ یا نانی شەست مسكین بدا ، وه تەوبەیش لەو گوناهه بـكا • هەر مسكینێ چواریەكی صـاعێ له دانەوێڵەی قووتی ئیختیاری •

وه ئینسانێ لەبەر پیری نەتوانێ به ڕۆژوو بێ دروسته كەفارەت بدا له باتی ڕۆژووەكەی كه ئەوەیش موددێكه كه عیارەته لــــه نیو كیلۆ لــه قووت •

وه ژنێ منداڵوەبەر بێ یا حامیله بێو ترسی زیانی هــەبێ لــه ڕۆژووگرتندا دروسته به ڕۆژوو نەبێ تا هەلی بۆ هەڵئەكەوێو قەزای ڕۆژووەكەی ئەكاتەوه ، جا ئەگەر ترسی له منداڵەكەی بوو كەفارەتیشی لەسەر واجبه كه موددێ طەعامه •

بزانن ثابیتبوونی ڕەمەزانو واجببوونی ڕۆژووەكەی یا بــەوە ئەبێ كـه مانـگی شەعبان به سی ڕۆژه تەواو ببێ ، وه یاخود ئینسانێكی پیاوی عادڵ شەهادەت بدا لەسەر چاوپێكەوتنی مانگ •

وه هــەر كاتێ له وڵاتێكدا چاوپێكەوتنی مانـگی یەك شــــەوەی ڕەمــەزان ثابیت بوو ئەوه ڕۆژوو واجب ئەبێ لەسەر ئەهلی ئەو وڵاتەو هــەر وڵاتێـكی وا كه له ڕۆژئاوای ئەو شوێنەوه بێ ، بەڵام واجب نابێ لەسەر ئەهلی وڵاتێ كه له خۆرهەڵاتیەوه بێو به ئەندازەی گۆڕانی (مطلع) دوور بێ ؟ چونـكی ئێمـه كـه مەزهەبمان مەزهەبی ئیمـــامی

شافیعی‌یە ئیعتیبار ئەکەین بە ئیختیلافی (مطالع)و قابیلە لە وڵاتی ئێمەدا مانگ ببینرێ‌و لە شوێنێکی تردا نەبینرێ کە وابوو حوکمی ئێمە ناڕوا بۆ ئەوان •

بەڵام مەزھەبی ئیمامی حەنەفی‌و ئیمامی مالیك‌و ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لەو ڕەئیەیە کە ئیعتیبار بە ئیختیلافی (مطالع) ناکرێ‌و مادام لە وڵاتێکدا مانگ بە شەھادەتی شەرعی ثابیت بوو ئەوە لەسەر هەموو موسوڵمانان دوورو نزیك ڕۆژووگرتن واجب ئەبێ • هەروا بۆ (ثبوت)ی جەژنی ڕەمەزانیش مادام لە وڵاتێکدا ثابیت بوو حوکمەکەی ئەگات بە هەموو وڵاتێك •

جا لەم زەمانەدا کە ئیختیلاف لە ناو موسوڵماناندا زۆرەو ئیختیلافیش گەلێ زیان ئەدا بە موسوڵمانان بە یەکی یەکەو بە کۆمەڵی زۆر موناسبە موسوڵمان بۆ ئەووەڵی مانگی ڕەمەزان‌و بۆ ئەووەڵی مانگی شەوالیش کە جەژن دایێ تەقلیدی فەرموودەی ئەو سێ ئیمامە بکەن لەگەڵ هەموو وڵاتی ئیسلامدا نیەتی ڕۆژووی ڕەمەزان بهێنین ، وە یا جەژن بکەین •

هەر وەها تەقلیدی ئەو ئیمامانە بۆ بەجێهێنانی ئادابی حەج واسیطەی خێرو ئاسایشی دڵی ئینسانە ؟ چونکی ڕاوەستانی موسوڵمانان لە عەرەفاتدا وا ئەبێ لەسەر حسێبی ئەو ئیمامانە ئەبێ کە ئەڵێن سبەینی نۆیەمی مانگی قوربانەو پێویستە حاجیان لە عەرەفاتدا ڕاوەستن • زۆر بە سوودە موسوڵمانان ئاگایان بێ لەم مەوزووعانە هەتا هەموو دڵیان ئاسایش بگرێ•

نووري ئيمان به زەكات

زەكات لــه دینی ئیسلامدا بریتی‌یه له صەرف کردنی ئەندازەیەکی دیاری له دارایی خاوەن ماڵ بۆ ئەو جۆرە ئادەمی‌زادانە کـــه خودا باسی کردوون •

ئەم زەکاتە ڕوکنێکی بە ڕێزە لە ئیسلامدا ، وە لە ئەندازەی چل‌و سێ ئایەتدا لە قورئانی پیرۆزدا باسی کراوە ، وە جێگەیەکی گەورە ئەگری لە ژیواری موسوڵمانان • زەکات لە پێنج جۆر ماڵدا هەیە • لــه ماڵیاتدا وەکو وشترو گاو مەڕو بزن ، وە لە نەختینەدا وەکو زێڕو زیو ، وە لە بەهرەی کشت‌و کاڵداو لە بەری درەختی خـــاوەن بەردا وەکو مێوو دارخورما ، وە لە پارچەی بازرگانی یا ماڵی تیجارەتدا هەر شتێ بێ •

جا شـــەرتی زەکات لە حەیوانانتدا ئیسلامیەت‌و موڵـکی تـەواوو تەواوبوونی حەددی نیصاب ، واتە ئەو ئەندازە کە زەکاتەکەی تێـــدا واجبە ، وە تەواوبوونی ماوەی دوازدە مانگە بە سەریاندا ، ئەوســـا زەکاتەکەیان واجب ئەبێ • وە لــه وڵاتی ئێمـــەدا وردە حەیوان زۆرن، وە زەکاتیان وایە کــه لە چل ســـەردا یەك سەر واجبە تا صەدو بیست‌و یەك ســـەر ، جـا دوو سەر واجبـه هەتا ئەبێ بە دووصەدو یەك سەر ، جا سێ ســـەر هەتا ئەگاتە چوارصەد سەر جا چوار سەر واجب ئەبێ • پاش ئەوە لە هـــەموو صەد سەردا سەرێ واجبە • وە بەچکەی ژمـارەی نیصاب لە جێگەی دایکیاندا دائەنیشن ، وە ئەگـــەر ئەوەندە زۆر بوون ژمارەیان گەیشت بە نیصابی دووەم ئەبن بە هۆی واجب بوونی زەکـاتی ئەو نیصابە • مەسەلا : چل سەر یا پەنجا سەر مـــەڕت بوو زایین‌و بەچکەکان زۆر بوون گەیشتن بە صەدو بیست‌و یەك دوو ســـەر واجبـه

سەرێ لە گەورەکانو سەرێ لە بچووکەکان ، هەروا تەماشای ژمـــارە ســــکەن •

وە نیصابی زەکاتی کشتوکاڵ پێنج ویسقە کە بە تەنەکەی نەوتی عادەتی ئەکاتە چلو پێنج تەنەکە ، وە بە کێشانە ئەگاتە حەوصەدو بیست کیلۆ ، وە کاتێ بارەچەی ئەو کشتوکاڵە قووت بوو وەکو گەنمو جۆو برنجو زوراتو نیسكو ماشو نۆك ئەوە مـــادام لـــە ئاوی باران یا جۆبار پێ بـگەن دەیەك واجبـە لەوانە • وە ئەبێ بزانن هەرچی لـــە تویکڵدا بێ ئەگا وەکو چەڵتوكو پەرشە ئەوە نیصابەکەی دە ویسقە ، وە کاتێ گەیشتە ئەو حـــەدە ئەویش دەیەکی تێدا واجبە • وە ئەگـــەر بە دۆڵچە ئاو درا بیست یەك واجبـــە •

وە نیصابی ئاڵتون بیست مسقاڵە ، وە شەرتی زەکـاتی ڕابوردنی ساڵە بە سەریدا • وە نیصابی زیو دوو صەد درەم زیوە کە ئەکاتە صەدو چل مسقاڵ زیو ، وە هەر مسقاڵێ پێنج غەرامە (تقریبا) وە واجبی ئەمانە چل یەکە واتە لە بیست مسقاڵ ئاڵتون نیو مسقاڵو لە چـــل مسقاڵدا مسقاڵێو لە دووصەد درەمدا پێنج درەم واجبە ، وە کاتێ زیادیان کرد لە نیصاب بە حسێبی چل یەك زەکاتی ئەدرێ • وە کاتێ بە ئیعتیبـــاری مانـگی موحەڕەم ــ مەسەلا ــ نیصابێکت بوو و لە مانـــگی صـەفەردا نیصابێکی ترت دەس کەوت ئەوە بۆ ئەم وەجبـەی دووەمە لـە مانـــگی صەفەرەوە ساڵ حسێب ئەکرێ ، وە ئەگەر خاوەن ماڵەکە بە هــەمووی لەسەر ئیعتیباری موحەڕەم لە موحەڕەمی دووەمدا زەکاتیان بدا ئەوە ئەبێ بە زیادە ئیحسان بۆ ئەو کەسە •

بزانن لەم چەرخـــەدا دەوڵەتەکان پارەی نەختیـــان لابردووەو کاغەزیان داناوە لە جێگەیان • لەم صوورەتەدا تەماشا بکەن کاتێ کـــە

کاغەزەکە لەباتی پارە دانراوە هەرچۆن قیمەتیان بۆ داناوە ئەو قیمـــەتە تەماشا ئەکرێ ـ مەسەلا ـ لە عیراقدا وەختی خۆی هەر مسقاڵێ لـــە ئاڵتون بە دوو دینـــار دانراوە ، ئەوکاتە هـــەر کەسێ چل دینار کاغەزی لابێ‌و ساڵی بە سەراها تێپەوە ئەوە ئەو کاتە نرخی بیست مسقاڵ ئاڵتون بوەو زەکاتە کەی دیناری‌بوە لەسەر چل‌یەك ئێتر لەم ئەوراقی نەقدی‌یەدا تەماشای نرخی بازاڕ ئەکرێ بۆ ئاڵتون ئیستە مسقاڵی شەست دینـــارەو نیصاب ئەکاتە هەزارو دووصەد دینار ؟ چونکی ئێمە بەسراوین بە نرخی حکوومەتەوە ، وە حکوومەت وەختی خۆی مسقاڵی بە دوو داناوە ، وە ئەگـــەر حکوومەت ئەو ئەوراقە بەتاڵ بکاتەوە نە کەم‌و نە زۆر قیمـــەتی نامێنـــێ •

وە لەســـەر تاقیق نرخی دووصـــەد درەم عیبارەتە لـــە صەدو چل مسقاڵ زیو ئەکاتە صەدو چل دینار ، وە لە صەدو چل مسقاڵەکە ئەکاتە صەدو چل دینار زەکاتەکەی سێ دینارو نیوە •

وە نیصابی ماڵی بازرگانی وەکو ئاڵتون‌و زیوە ئەگەر بە ئاڵتون ئەو ماڵەت پەیداکردبێ ئەبێ لـــە ئاخری ساڵدا هـــەر بە ئاڵتون قیمـــەتی دانرێ ، وە ئەگـــەر بە زیو بێ ئـــەبێ بە زیو قیمـــەت بـــکرێ‌و زەکاتەکـــەی بدرێ •

وە زەکاتی ســـەری ئینسانیش واجبە کە پێی ئەڵێن : زەکـــاتی (فطر) واتە زەکاتی ئینسانی مەخلووق ، وە شەرتەکانی سێ شـــتە : ئیسلامییەتەو بوونە پێش غرووبی ڕۆژ لە ئاخر ڕۆژی ڕەمەزاندا ، واتـە یارۆ پێویستە پێش غرووبی ڕۆژی پێش جـــەژن مەوجـود بێ ، وە میقدارێکیش لـــە شـــەو پاش مەغریب هەر مەوجوود بێ • کـــە وابێ یەکێ پێش مەغریب ئاخر ڕۆژی ڕەمەزان بمرێ فیطرەی لەسەر واجب

نابێ هەروا ئەگەر لە پاش غرووبی شەوی جەژن لە دایك ببێ فیطرەی واجب نیە ، وە ئەم فیطرە واجبە لەسەر ئینسانێ کە قووتی شەوو ڕۆژی جەژنی ببێو زیاد لەوەیش دارایی ببێ ئەوسا واجبە کە فیطرەی خۆیو هەر کەسێ کە والە ئیدارەیداو نەفەقەی واجبە لەسەری ، وەکو ژنو منداڵی نابالغو منداڵی بالغی کە فەقیر بن پیدا بە موستەحەق .

وە میقداری فیطرە یەك صاعە لە غالبی قووتی ئەو شوێنە تییدا ئەژی ، وەکو : گەنم یا جۆ یا غەیری ئەوانە . وە صاع دوو کیلۆو نیوە تەقریبەن .

وە زەکاتی فیطرە یا زەکاتی ماڵ ئەدرێ بەو هەشت صینفە کە خودای تەعالا لە قورئانی پیرۆزدا ناوی بردوون بە فەرموودەی خۆی (انما الصدقات للفقراء والمساكين والعاملين عليها والمؤلفة قلوبهم وفي الرقاب والغارمين وفي سبيل الله وابن السبيل) وە لەم چەرخی ئێمەدا چوار صینفیان ماون کە بریتین لە : فوقەراو مەساکینو غاریمینو ئیبنوسەبیل . جا فەقیر ئەوەیە کە ماڵێ یا کەسبێ وای نەبێ کە جێگەیێ بگرێ لە ئیحتیاجی‌یەکەی . وە میسکین ئەوەیە ماڵی ببێ یا کەسبی ببێ بەڵام کیفایەتی نەکا ، وەکو ئینسانێ حەوت درەم پەیدا ئەکاو موحتاجە بە دە درەم ــ مەسەلا ــ وە غاریم : قەرزارە ، وە مەبەس لە قەرزار لە زەکاتدا ئەوەیە کە قەرزار بووبێ بۆ کوژاندنەوەی فیتنەیێ لەناو موسوڵمانانا ، ئەمە با خۆیشی دارا بێ لە ماڵی زەکات قەرزەکەی بۆ ئەدرێتەوە ، هەروا کەسێ کە قەرزی کردبێ بۆ میوانداری یا کردنەوەی مزگەوت یا مەدرەسە یا تازەکردنەوەیان یا بۆ دروست کردنی پرد یاخود ڕاگرتنی طەلەبەی علوومی دینی‌یەو وێنەی ئەمانە ، هەروا کەسێ قەرزی کردبێ بۆ نەفسی خۆیو ماڵو منداڵی لە مەصرەفی واجباتدا یا

مەباحدا ، یا صەرفی کردبێ لە حەرامدا بەڵام ئیستە تەوبەی کردبێ‌و باوەڕمان وابێ تەوبەکەی ڕاستە ، ئەوە بە ئەندازەی ئەو قـــەرزەی پێ ئەدرێ بە مـــەرجێ خـــۆی عاجیز بێ لە تەسلیمی ئـــەو قەرزە بـــە خاوەنەکەی ، هەروا کەسێ بووبێ بە ضامن بۆ کەسێ کە نەتوانێ لـــە کاتی دانەوەی حەقەکەدا بیداتەوە ، وە ئەو ضامنە حەقەکە تەسلیم بـــکا بە خـــاوەنی •

وە صینفی موسافیر = ابن السبیل = کەسانێکن لە ســـەفەردا بێ خـــەرجی مابنەوەو ماڵیان نەبێ ، یاخود دەستیان نەگا بە ماڵەکەیان • هەروا کەسانێ کە بیانەوێ سەفەرێکی واجب یا سوننەت یا مەباح بکەن‌و خەرجیان بە دەستەوە نەبێ ئەمانە دروستە زەکاتیان پێ بدرێ •

وە ئەوانە کـــە زەکاتیان پێ‌ئەدرێ ئەبێ موسوڵمان بن‌و لـــە بەنی هاشم‌و بەنی موططەلیب نەبن ئەگەر لە خومسی (بیت المال) مەصرەفیان پێ بدرێ ، بەڵام ئەگەر خومسیان پێ‌نەئەدراو بەر صینفێ لەو صینفانە نەکەوتن ئەوە زەکاتیان پێ ئەدرێ •

هـــەروا دروست نیە ئینسان زەکـــات بدا بە کوڕو کچی باڵغی موحتاجی ؛ چونـــکی نەفەقەیان واجبە لە سەری ، بەڵام ئەگـــەر ئەوانە قەرزار بوون دروستە باوکەکەیان لە ماڵی زەکات بە قەدەر قەرزەکەیان پێ بدا ، هـــەروا کوڕی ئینسان کـــ (طالب العلم) بێ‌و محتاج بە کتێبی عیلم بێ دروستە باوکەکەی لە ماڵی زەکـــات میقداری قیمەتی ئـــەو کتێبانەی پێ بـــدا •

هـــەروا یەکێ بتوانێ بە کاسبی خـــۆی ژیوار پەیدا بـــکا بەڵام موحتاج بێ بە ژن‌هێنان‌و پارەی نەبێ دروستە لە ماڵی زەکات ئەوەندە

پارەی پێ بدرێ ژن بێنێ ، هەروا ئەگەر موحتاجی خانوو بێ دروستە مقداری کیفایەتی خانووەکەی پێ بدرێ ؛ چونکە ئەم جۆرە شتانە لە جوملەی ئیحتیاجیاتی ئینسانن .

وە ئەگەر کەسێ کوڕی خاوەن ژنی بوو کە میسکین بوو یا کچی خاوەن مێردی بوو کە موحتاج بوو دروستە لە صوورەتی یەکەمدا زەکات بدا بە ژنی کوڕەکەی‌و لە دووەمدا بیدا بە مێردی کچەکەی تا صەرفی بکەن لە ئیحتیاجی ماڵەکەیان .

وە دروستە صەرفی زەکات بۆ فاسق مەگەر کابرا بزانێ صەرفی ئەکا لە ناوانبـاریدا .

وە واجباتی ذیممەی موسوڵمان وەکو : مەنذورات‌و کەفارات‌و حەیوانی ئادابی حەج وەکو ذەبیحەی (تمتع وقران) یا قوربانی واجب بە نەذر - مەسەلا - وەکو زەکاتن لە صەرفکردنیاندا بۆ ئەو صینفانە کە خودای تەعالا ناوی بردوون لە قورئاندا .

وە بزانن کە دروستە فەقیرو میسکین کیفایەتی عومری غالب وەربگرن - کە عیبارەتە لە مابەینی شەست‌و حەفتا ساڵ - واتە کەسێ کاسبی پێ نەکرێ دروستە ئەوەندە زەکات وەربگرێ کە کیفایەتی عومری غالبی بکا . وە تەکلیفی کەسب ناکرێ لە ئینسانێکی عالم‌و زانا کە تەدریسی علوومی دینیە بکا یا مەشغووڵی تەحصیلی علووم بێ ، بەڵێ ئەگەر یەکێ تەوانای کەسبی بوو بەڵام حەزی لەوە ئەکرد کە مەشغووڵی (نوافل) بێ وەکو نوێژی سوننەت‌و خەڵوەت‌و ئەم جۆرە شتانە ئەوە دروست نیە زەکاتی پێ بدرێ‌و پێویستە کاسبی بکا .

وە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی - خودای لێ ڕازی بێ - واجبە

ئەم زەکاتە بدرێ بە سێ کەس لە هەر صینفێ لەو صینفانە کە هەن لە زەمانی زەکاتدەرەکەدا • وە هەروەها واجبە بە موستەحەقی ولاتی ئەو ماڵی زەکاتە بدرێو نە گوێزرێتەوە بۆ شوێنی تر ، بەلام گەلێ لە پێشەوایانی مەزهەبی شافیعی فەرموویانە : دروستە زەکات بدرێ بە یەك کەس لە یەك صینف لەو هەشت صینفانە کە قورئان ناوی بردوون ، هەروا دروستە نەقل بکرێ بۆ ولاتی دووریش بەتایبەتی ئەگەر ئەو کابرای موحتاجە لە خزمو خوێشی کابرا بێ ، وە یا کەسێ بێ کە قازانجی بۆ دینی ئیسلام زۆر بێ •

هەروا دروستە خاوەن ماڵ وەکیل بگرێ بۆ تەسلیمی زەکات بە موحتاجان وەکو دروستە کە موحتاجەکان یەکێ بکەن بە وەکیلی خۆیان کە زەکاتیان بۆ وەربگرێ •

وە واجبە خاوەن ماڵ نیەتی زەکاتدانی ببێ لەو کاتەدا کە ماڵی زەکات جیا ئەکاتەوە یا لەو کاتەدا کە تەسلیمی وەکیلی ئەکا بیدا بە داماوان • وە بە قەطعی پێویست نیە کابرای خاوەن ماڵ بە زمان بڵێ بە داماوەکە : ئەم ماڵە زەکاتە ، حەتتا بە ناوی دیاریەوە پێیبدا دروستە • هەروا لە بازێ مەزهەبدا دروستە کابرا لە باتی دەرکردنی زەکات لە عەینی ماڵەکەیدا قیمەتەکەی بداو ئەو قیمەتەیش پارەی نەختبێ یا مادەی پێویست وەکو بەرگو پۆشاك دروستەو تەقلیدی ئەوانە کافی یە بۆ هەموو عومری ئینسان •

نووری (اعتکاف) واتە مانەوە لە مزگەوتدا

مانەوە لە مزگەوتدا سوننەتێکی گەورەیە کە بە نیەتی عیبادەتو ئیطاعەی خودا بێ • لە واقیعدا ئینسان کاتێ کەناری گرت لە دەنگو

باسی دونیاو دڵی ڕووی کردە خوداو بیرکردنەوە لە تەنهایی قەبرو مانەوەی ماوەی بەرزەخ دڵی نوورانی ئەبێو ڕوو ئەکاتە بیرو بلوەڕو کردەوەی باش •

ئیعتیکاف دوو شەرتی هەیە : یەکەم قەصدی مانەوە لە مزگەوتدا لەبەر ڕەزای خودا • وە دووەم مانەوە لە مزگەوتەکەدا ئەوەندە کە لە عورفدا پێی بڵێن : مانەوە • وە شەرتی دروستی ئەم ئیعتیکافە ئیسلامیەتو عەقڵو پاکی لە جەنابەت = لەش‌پیسی = و خوێنی حەیزو زەیستانی • وە ئەگەر ئیعتیکافەکەی مەندوور بوو واتە نەزری کردبوو لەسەر خۆی بمێنێتەوە لە مزگەوتدا پێویستە لە ئەووەڵی مانەوەکەدا نیەتی ئەوەی بێ کە فەرزە لەسەری‌و جێبەجێی ئەکا • وە کاتێ ئیعتیکافەکەی مەندوور بوو نابێ لە مزگەوت دەرچێ لە ماوەی ئیعتیکافەکەیدا مەگەر بۆ قەزای حاجەت یا خۆشۆرینی لەش‌پیسی یا دەستنوێژگرتن یا لەبەر نەخۆشینێ کە لەگەڵ ئەو نەخۆشی‌یەدا نەتوانێ لە مزگەوتدا بمێنێتەوە • و ئیعتیکاف بەتاڵ ئەبێتەوە بە وەطئی‌و بە موباشەرە بە ئارەزووە ئەگەر ئینزالی = ئاوی = لەگەڵدا بێ •

نووری حەج واتە زیارەتی کەعبەی موبارەك

خودای تەعالا حەججی کردووە بە ڕوکنێ لە ئەرکانی ئیسلام لەسەر کەسێ تەوانایی بێ لە گەڵ باقی مەرجەکاندا خودای تەعالا فەرموویەتی (ولله علی الناس حجّ البیت من استطاع الیه سبیلا) واتە : بۆ خودا هەیە لەسەر موکەللەفان حەجی کابە بۆ هەر کەسێ توانا بێ •

شەرتی واجب بوونی حەج ئیسلامو بلووغو عەقڵو تۆشەو بوونی

شتێ سواری ببێ وەکو سەیارە لەم چەرخەدا ، وە ڕێگەیش خاڵی بێ لە مانیع ، وە چلۆن حەج واجبە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا ـ رضی الله عنه ـ عومرەیش واجبە ، بەڵام عومرە لە هەمو ڕۆژانی ساڵدا جێبەجێ ئەبێ ئیللا لە کاتی بەجێهێنانی ئادابی حەجدا ، لاکین حەج هەر لە مەوسیمێکی تایبەتیدا ئەکرێ لە ساڵدا ، وە هەموو وەختەکەی لە مانگی شەوالەوەیە هەتا چواردەیەمی مانگی قوربان (ذي الحجة) • وە لە ئادابیشدا فەرقیان هەیە ؛ چونکی ڕاوەستان لە عەرزی عەرەفاتداو شەو مانەوە لە میناو موزدەلیفەداو ڕەجمی شەیتان لە سێ ڕۆژی پاش ڕۆژی جەژن،هەر ڕۆژێ بۆ سێ کۆگا بەردەکان،وە لە ڕۆژی جەژندا بۆ کۆگای گەورە ، ئەمانە لە عومرەدا ناکرێن •

دەلیل لەسەر وجووبی هەردووکیان ئەم ئایەتەیە کە خودا فەرموویەتی : (وأتموا الحج والعمرة لله) واتە حەجو عومرە تەواو بکەن بۆ خودا •

ئادابەکانیان

حەجو عومرە بە سێ یاسا بەجێ دێن لە مەزهەبی ئێمەدا بە یاسای (افراد) گەورەترە کە ئەمەیە : لە ئەووەڵەوە حاجی ئیحرام ببەستێ بە حەجو پاش تەواوکردنی ئادابی حەج بڕوا ئیحرام ببەستێ بە عومرەو ئادابەکەی بەجێ بێنێ •

ئەرکانی حەج پێنجە ئیحرام لەگەڵ نیەتی داخڵبوون لە حەجداو مانەوە لە خاکی عەرەفە لەڕۆژی نۆیەمی (ذي الحجة)دا هەتا ڕۆژ ئاوا ئەبێ یا لە شەوی دەی (ذي الحجة)دا ، وە حەوت جار هەڵسووڕان بە دەوری خانووی کەعبەی موبارەکدا بە یاسای شەرعیو حەوت جار

هاتوچۆ بە مابەینی صەفاو مەروەدا بە یاسای شەرعي ، وە سەرتاشین یا کورتەوەکردنی مووی سەر هەمووی یا بازێکی ، وە ڕیزراگرتن لە بەینی زۆربەی ئەو ئادابانەدا •

وە ئەرکانی عومرە ئیحرامو طەوافە بە دەوری کەعبەداو سەعیی لە بەینی صەفاو مەروەدا ، وە سەرتاشین یا کورتەوەکردنی مووەکانی •

وە واجباتی حەج غەیری ئەو ئەرکانانەی وتمان ئەمەیە کە ئیحرام لە میقاتی شەرعی‌یەوە بێ بە کاتو شوێن •

جا میقاتی کاتی بۆ حەج مانگی : شەوال ، (ذي العقدة)و دە ڕۆژ لە ئەووەڵی (ذي الحجة)وە •

وە میقاتی مەکانی بۆ ئەهلی حەرەمی مەککە شوێنی خۆیانە لە هەر ئاوەدانی‌یەکدا بین ، وە هەروا بۆ غەیری ئەوان لەوانەی کە وان لە بەینی میقاتو حەرەمدا هەم شوێنی خۆیانە • وە بۆ غەیری ئەوان بۆ یەکێ لە خەتی مەدینەی منەووەرەوە بڕوا (ذو الحليفة) یە کە ئیستە مەشهوورە بە (بیری عەلی) • وە بۆ ئەهلی شاماتو ئەوانە لە ساحیلی شیمالی‌یەوە یا لە میصرەوە بێنە بەری ئەم بەر (جحفة)یە کە لە نزیکی شاری (جده)دایە • وە بۆ ئەوانە لە جانبی عیراقەوە بڕۆن (ذات عرق)ە ئیستە لە (عقيق)دا ئیحرام ئەبەستن • وە بۆ ئەوانە کە لە جانبی نەجدی حیجازەوە یا نەجدی یەمەنەوە بڕۆن (قرن)ە • وە بۆ ئەوانە کە لە تیهامەی یەمەنەوە بڕۆن (يلملم)ە ، وە کەسێ بەسەر ئەو شوێنانەدا نەڕوا لە حاستی ئەوانەوە ئیحرام ببەستی ، هەروا بۆ کەسێ بڕوا بۆ عومرە حوکمی جێگەی ئیحرام بەستنی ئەوە بوو کە باسمان کرد • وە مادام تەجاوزی کرد لەوانە فیدیە واجب ئەبێ لەسەری •

ئەوانە کە لە فڕۆکە (طیارە)دا ئەڕۆن بۆ حەج یا عومرە ، یـــا کاتێ سواری طەیارەبوون ئیحرام ببەستن ، یاخود بڵێن بە طەیارەچی لە پێش ئەوەدا بگەن بە موقابیلی شوێنی ئیحرامی خۆیان خەبەرداریان بکەن تا لە ناو طەیارەدا بەرگی خۆیان لابەنو ئیحرام ببەستن ، ئەگەر طەیارە تەجاوزی کرد لەو شوێنە فیدیەیان لەسەر واجب ئەبێ •

بەڵێ بۆ ئەوانە کە لەو بەری دەریای سوورەوە بەرانبەر بە شاری (جدّة) دێنە ئەم بەرەوە یا لـــە یەمەنەوە لە قەراغی دەریاوە دێن دروستە لە شاری (جدّە) دا ئیحرام ببەستن •

وە واجبی دووەمی حـــەج ڕەجمی شەیتانە لە هەرسێ کۆگاکان لە ماوەی سێ ڕۆژدا ، ڕۆژی یازدەو دوازدەو سیازدەی مانگی (ذی الحجة) بە عەلاوەی ڕۆژی جەژن کـــە ڕەجمی شەیتان ئەکا لە کۆگای گەورەدا ، وە لەو سێ ڕۆژەدا هەرسێ کۆگاکان ڕەجم بـــکا •

وە سوننەتەکانی حەج حەوتە : یەکەم (افراد) وەکو وتمان حەج بـــکا لە پێش عومرەدا • دووەم (لبّیك) کردنو لەفظەکەی : (لبّیك اللّهمّ لبّیك لا شریك لك لبّیك ان الحمد والنعمة لك والملك لا شریك لك) وە لە پاش ئەوە صەڵەوات بدا لە سەر حەزرەتی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ وە داوای بەهەشت بـــکا لە خودا پەنای پێ بـــگرێ لە ئاگری دۆزەخ (ربنا آتنا في الدنیا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عـــذاب النار) • وە (طواف القدوم) کە گەیشتە مەککە حەو طـــەواف • وە شەو لە (منی)دا بمێنێتەوە کـــە ڕۆیشت بۆ عەرەفەو کاتێ لـــە عەرەفـــە هاتە خوارەوە شـــەو لە موزدەلیفەدا بمێنێتەوە • وە لە پاش طـــەوافی

کەعبەی موبارەك دوو ڕکات نوێژ بـكا لە مەقامی ئیبراهیمدا • وە کاتێ ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆی (طواف الوداع) حەوت جار •

وەلە کاتێکەوە ئیحرام ئەبەستێ واجبە لەسەر پیـاو خۆی ڕووت بـکاتەوە لە بەرگی دووراوی عادەتیو دوو فۆتە لە خۆیەوە بپێچێ یەکێ بۆ ناوشانو پشتو سنگی تا ناوکیو یەکێ بۆ بەینی ناوكو ئـەژنۆی ، بەڵام ژن لـە بەرگی خۆیدا ئەمێنێتەوەو پێویستە ڕوخسارو هـەر دوو بەرو پشتی دەستەکانی بە دەرەوە بن تا مووچەکان •

ئەوەی حەرامە لەسەر ئەهلی ئیحرام

بە شێوەی گشتی حەرامە لەسەر خاوەن ئیحرام لەبەرکردنی بەرگی دووراوو داپۆشینی پیاوو ژن بۆ سەریان بەڵێ بۆ ژن بازێ لە ڕوخساری بە دەرەوە بێ ، وە حەرامە مووی سـەری دابێنێ وەیا بیتـاشێ ، وە حەرامـە لەسـەریان نینۆك کردنو خۆ بۆنخۆش کردنو ژن مارەکردنو ژن بەشوودان ، واتە عەقدی نیکاح بۆ خۆیو غەیری خۆی ، وە کوشتنی نەچیرو جیماع کردنو تێکەڵی ژن بە ڕووتی لەگەڵ ئارەزووی نەفسدا • وە بە هەموو ئەم شتانە کە کران واجبە فیدیەی بدا ئیللا عەقدی نیـکاح ئەوە هـەر دانامـەزرێ •

وە هیچ شتێ حـەج بەتاڵ ناکاتەوە ئیللا جیماع لـە فەرجدا • وە ئەگـەر بەتاڵەوە بوو حەجەکەی لەسـەر فەرز ئەبێ لە سـاڵی دوایـــدا قـەزای بـکاتەوە ، وە پێویستە وشترێك سەربڕێ لە فیدیەی ئـەوەدا ، ئەگـەر وشتری دەس نەکەوت گـایێ سـەربڕێ ، ئەگەر بۆی نەکرا حـەوت مەڕ ، ئەگـەر بۆی نەکرا وشترەکە قیمەت بکا بە دانەوێڵە بیدا بە داماوانی حەرەم ، ئەگەر ئەوەی بۆ نەکرا لەباتی هەموو موددێ لـەو دانەوێڵە ڕۆژێ بە ڕۆژوو بێ •

تەرکی ئادابی حەج

هەر کەسێ ڕوکنێکی تەرك کرد لە ئەرکانی حەج ئەوە حەجەکەی بەتاڵەو واجبە قەزای بکاتەوە ، وە ئەگەر واجبێ لە واجباتی تەرك کرد یا کارێ لە حەرامەکانی کرد فیدیەی لەسەر واجب ئەبێ • وە ئەگەر سونەتی تەرك کرد ئەوە قەید ناکا •

بەیانی فیدیە لە حەجدا

ئەو فیدیانەی کە پێویستن لە حەجدا پێنج قیسمن :

یەکەم فیدیەی تەرکی واجبێکە لە واجبات ، وەکو : تەرکی ڕیعایەتی میقات لە ئیحرام‌بەستندا ، یا تەرکی ڕەجمی شەیتان لە یەکێ لە کۆگاکانا ، یا لە هەموویاندا • ئەمە لەسەر تەرتیب‌و ڕیزە : واجبە لەسەری حەیوانێ سەربڕێ کە بۆ قوربانی بشێ ، جا ئەگەر ئەمەی بۆ نەکرا دە ڕۆژ بە ڕۆژوو بێ ، حەوت ڕۆژ لە ماوەی حەجدا بەڵام لە غەیری ڕۆژی جەژن‌و (ايام التشريق)دا ، وە سێ ڕۆژ لە ماڵی خۆیدا کە گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی ، ئەگەر لە حەجدا ڕۆژووی بۆ نەگیرا هەمووی بساتەوە بۆ وڵاتی خۆی بەڵام بەینی حەوت ڕۆژو سێ ڕۆژەکە بخا با بە یەکەوە نەبن •

دووەم فیدیەیێ کە واجب ئەبێ بە سەرتاشین‌و غەیری سەرتاشین لە ئەسبابی ڕوفاهو ڕابواردن ، وەکو : خۆ بۆن‌خۆش‌کردن‌و ژن ماچ‌کردن ، ئەمە لەسەر تەخییرو خاتر خواهی‌یە ، یا حەیوانێ سەربڕێ وەکو وتمان ، یا سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێ ، یاخود سێ صاع دانەوێڵە بدا بە شەش مسکین یەکی نیو صاع ، وە زوو باسمان کرد صاع دوو کیلۆو نیوە (تقريبا) •

سێیەم فیدیەیەکە واجب ئەبێ بە هۆی (احصار)ەوە یانی مەنعی حاجیان لە حەج ئەمە واجبە حەیوانێ بنێرێ بۆ حەرەمی مەککەو کاتێ گەیشتە مەککە ئیحرام بشکێنێ ، واتە سەری بتاشێو چی ئەکا بیکا ؛ چونکی ئیحرامەکەی نەماوە •

چوارەم فیدیەیەکە واجب ئەبێ بە کوشتنی نەچیر ، ئەمەیش لەسەر تەخیرو خاترخۆییە ، جا ئەگەر نەچیرەکە وێنەی بوو وەکو بزنەکێوی ئەوە یا وێنەکەی سەربڕێ بۆ فەقیران ، وە یا بە ئەندازەی قیمەتەکەی دانەوێلە بدا پێیان ، یا لەباتی هەر موددێ ڕۆژێ بە ڕۆژوو بێ •

پێنجەم فیدیەیەکە واجب ئەبێ بە جیماع ، ئەمەیش لەسەر تەرتیبو ڕیزە ، وەکو باسمان کرد لە پێش ئەم باسەدا •

بزانن حەیوان سەربڕین یاخود ئەحکامی طەعام لە فیدیەدا هەر ئەبێ لە عەرزی حەرەمدا بێ بۆ فەقیرانی ئەوێ ، بەڵام ڕۆژوو لە هەر لایەك بێ دروستە • وە ئاگادار بن لە هیچ کاتێکدا کوشتنی صەیدی حەرەمو بڕینی دارو درەختی دروست نیە •

نووری زیارەتی حەزرەتی فەخری کائینات ـ صلی الله علیه وسلم

کاتێ کە ئینسانێ حەجی تەواو کرد بە ئیخلاصو ئەدەبەوە ڕوو بکا لە مەدینەی مونەووەرە بۆ زیارەتو دڵی خۆی ڕووناك بکاتەوە بە پرتەوی جیهانئارو عالەمگیری ئەو زاتە کە خاتەمی (الانبیاء والمرسلین)ەو ڕەوانەکراوە بە ڕەحمەت لە بۆ عالەمین ـ صلی الله علیه وسلم ـ (الی یوم الدین) •

وە دەلیل لەسەر ئەم مەوزوعە گەلێکن :

یەکەم ڕیوایەت کراوە لە ئەنەسی کوڕی مالیك ـ رضی الله عنه ـ فەرموویە : حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویە : (مـن زارنی محتسبا کان في جواری وکنت له شفیعا وشهیدا یوم القیامة • رواه ابن أبي الدنیا) واتە : هەر کەسێ زیارەتم بـکا لەبەر ڕەزای خـــودا ئەوە نزیـکی من ئەبێو لە پەنای مندا ئەبێ لە ڕۆژی قیامـــەتداو ئەبم بـــە تکاکاریو شاهید لەسەر ئیمـــانی •

دووەم ڕیوایەت کراوە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ـ رضی الله عنهما ـ فـــەرمووی : کـه حەزرەت ـ صلی الله علیـه وسلم ـ فەرموویەتی : (من زار قبري وجبت له شفاعتي • رواه الدارقطني) واتە: هەر کەسێ لە موسوڵمانان زیارەتی قەبری من بـکا ئەوە شەفاعەتی من بۆ ئەو کەسە واجب ئەبێ •

سێیەم دارەقوطنی ڕیوایەتی کردووە کە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (من زارني بعد موتي فکأنما زارني فـــي حیاتي) وە ئەم حەدیثە چاکترینی حەدیثەکانە لە جیهەتی ئیسنادەوە •

چوارەم لـــە پێش دەرکەوتنی ئەهلی بیدعەتو خیلافدا موسوڵمانان ئیجماعیان بوو لەســەر ئەوە کـــە زیارەتی حەزرەت ـ صلی الله علیـــه وسلم ـ لە (مهمّات)ە بەڵـکو بەعزێ لە عولەما فەرموویانە کە : زیارەتی پاش وەفاتی واجبە ؛ لەبەر ئەوە ئـــەو زیارەتە ئەبێ بـــە هۆی هێزوو ئەستووری ئیمان کە واجبی موسوڵمانەو موقەددیمەی واجب واجبە •

ئەوەی لـــە ئەووەڵی ئەم کتێبەوە نووسراوە تا ئەم شوێنە بە کورتی باسی ئەرکانی ئیمانو ئیسلام بوو ، کـــە ئەکاتە یازدە مادده شەشی لـــە ئوصوولی دینو پێنجی لە فرووعی دین • پێویستە ئینسانی موسوڵمـــان

ئەمانە بزانێو بەجێیان بێنێ •

جا پاش ئەوانە چەند ئەنوارێکی خاوەن پرتەو هەن پێویستە وەکو جرای بەرق یا گڵۆپی کارەبا تەقدیمیان بکەین بە برادەرانی ئیسلام بۆ ئەوە لە ڕێگەی ئیسلامدا ئیستیفادەیان لێ بکەن بە عینایەتو یارمەتی خودای تەعالا •

نوری یەکەم :
ئیمان ئیسلامییەتەو نەصیحەتەو موحەببەت

ئیمان صیفەتی ئینسانەو بریتییە لە باوەڕ کردن بە وەی کە پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە لای زاتی خوداوە هێناویە بۆ خاوەن شعوورانو زانینی ئەوە کە ئەوانە حەققن ، بەڵام ئەم زانیارییە کافی نیە بەبێ ئەوە کە دڵی ئینسان ئارام بگرێ بەرابەر بە وەی کە باوەڕی پێ هەیەو ئیطاعەی ڕۆحی بێ بۆی ، ئەمەیش عیبارەتە لە ئیسلام ، واتە ئینقیادو گەردنکەچیو ڕازیبوون بە وانەو ئیعلانیان بکاو دەریان برێ بۆ ئەهلی جیهان ، خودای تەعالا فەرموویەتی : (الذين آتيناهم الكتاب يعرفونه كما يعرفون ابناءهم وان فريقا منهم ليكتمون الحق وهم يعلمون) ئایەتی / ١٤٦ لە سوورەتی بەقەرە •

وە فەرموویەتی : (وجحدوا بها واستيقنتها انفسهم ظلما وعلوا) ئایەتی ١٤ لە سوورەتی نەمل •

وە لەسەر ئەم ئەساسەیە کە خودای تەعالا ئیعتیباری تەسلیمی کردووە لەگەڵ ئیماندا و فەرموویەتی : (وما زادهم الا ايمانا وتسليما) ئایەتی /٢٢ لە سوورەتی ئەحزاب •

جا مادام تەسلیم پەیدا بوو لەگەڵ ئیماندا ئەو کاتە ئینسان ئەبێ بە ئینسانێکی موخلیص‌و ساغ‌و صاف بەرابەر بەو یاسایە وەری‌گرتووە‌و ئەبێ بە ناصیح بۆی • وەکو تەمیمی داری ڕیوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (الدين النصيحة ، قلنا : لمن يارسول الله ؟ قال : لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم • رواه مسلم) واتە : دینی ئیسلام عیبارەتە لە ئیخلاص‌و مەیلی خێرو چاکە بۆ خوداو بۆ ئەو کتێبە خودا ناردوویە بۆ پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـو بۆ فەرمانڕەواکانی ئیسلام‌و بۆ عامەی ئەوانیش بەم مەعنا ئینسان ئیرشادیان بکاو ڕێگەیان پێ نیشان بدا •

جا کاتێ ئیمان‌و ئیسلام‌و نەصیحەت لە دڵی موسوڵماندا پەیدا بوون ئەوسا مەحەبەت پەیدا ئەبێ بەرابەر بە خوداو کیتاب‌و پێغەمبەرو ئیمامانی ئیسلام‌و عامەکەیان ، وە ئەم مەعنایە ئەوە ئەگەیێنێ کە دین مەحەبسەتە بۆ خوداو بۆ کیتابی خوداو بۆ ئەو ڕەهبەرەیش کە کیتابەکەی بۆ هاتووە‌و بۆ ئیمامانی ئیسلام ، کە لە یەکەم پایەدا عیبارەتە لە ئەصحابەکانی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـو زانایانی دینی ئیسلام‌و ئەو پیاوە صالحانە کە ئەبن بە هۆی ڕووناککردنەوەی دڵی موسوڵمان (الأمثل فالأمثـل) •

جا مەحەبەتی خودا لەسەر ئەو ئەساسە کە پەروەردگاری عالەمە لەگەڵ هەموو (محتويات)یداو ئینسانی دروستکردوە‌و هەڵیناوە بۆ عیلم‌و زانیاری‌و کەسبی پیرۆزی نەبڕاوە •

مەحەبەتی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ لەبەر ئەوە کە خودای تەعالا ناردوویەتی بە ڕەحمەت بۆ هەموو عالەم‌و ئینسانی لە

تاریکی کوفرو نەزانین دەر کردووە بۆ ڕووناکی عیلمو ئیمانو ئەخلاقو ئادابو ڕەوشتی چاکە ، بۆیە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی :

(والذی نفسي بیده لا یؤمن أحدکم حتی أکون أحبّ الیه من نفسه وولده ووالدیه والناس أجمعین) •

وە مەحەبەتی ئەصحابەیش لەسەر ئەو ئەساسە کە ئەوان خۆیان کرد بە فیدایی بۆ دینی ئیسلام هەتا ئیمانیان لە جیهاندا بلاّو کردەوەو یارمەتی حەزرەتیان‌دا بە هەموو جۆرێو قورئانی شەریفیان وەرگرتو بە هۆی لەبەرکردنو نووسینەوە گەیاندیان بە چینی تابیعین ، ئەوانە کە نزیکە ئیعتیباریان بکەین بە یەکەم چین بۆ خوێندنو خوێندنەوەو ئینسانی جیهان لەوانەوە فێری دەرزی دینو تەدریس بوونو عالەمیان بە عیلم ڕووناك کردەوە ، وەکو ئەبو حەنیفە نەعمانی کوڕی ثابیت ـ رضی الله عنه ـ و هاوچەرخەکانی کە بوون بە (محطه)ی کارەبای عیلمو مەعریفەت بۆ عالەم لەبەر ئەوە نزیك بوون بە چەرخی خاوەنی شەریعەت حەزرەتی موحەممەد ـ صلی الله علیه وسلم ـو ئاگادار بوون بەسەر سەبەبی هاتنەخواری ئایەتەکانی قورئانو لەسەر تەفسیرو بەیانانی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـو لەسەر مشاوەراتو موناقەشاتی عالمانی ئەصحاب لە مەسائیلی وردو بەقیمەتداو عالم بوون بە جێگەی ئیجماعو جێگەی ئیختیلافو زۆریو کەمی دەستەی باسەکان •

وە عەلاوە لەمانە خودای تەعالا زانای کردوون بە ئەسراری عیبارەتی قورئان لە (خاص وعام ، ومطلق ومقید ، ومحکم ومتشابه ، ومجمل ومبین ، وناسخ ومنسوخ) • هەروا زانا بوون بە ڕەفتاری ئەهلی مەدینەی مونەووەرە ، ئەوانەیان کە زاناو هوشیارێکی بەرز بوون ،

وەكو ئیمامی مالیك ، وە زانا بوون بە جێگەی (استعمال)ی لوغـــەتی عەرەبیو مەقصەدو مەبەست لە موفرەداتو جوملەكان ، وەكو ئیمـامی شافیعی موحەممەدی كوڕی ئیدریس ئامۆزای حـــەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـو بە جیددی لەگەڵ سەنەدی حەدیثەكان هاتوچۆیان ئەكرد وەكو ئیمام ئەحمەد (ابن حنبل) ـ خودا لـــە هەموویان ڕازی بێ ـ ئەمانە بـــە ڕاستی قورئانو حەدیثیان ڕووناك كردەوە بو هـــەموو ئینسانێكی موسوڵمانی هوشیارو مەعنـاو مەفهوومی ئەوانەیان دانا لـە بەر چاوی موسوڵمانانەدا بۆ خودا •

دەركـــەوت مەحەبەتی ئەم ئیمامـــانە لەسەر چ ئەساسێك بوو مەحەبەتی صاڵحە بەرزەكان لەسەر ئەو ئەساسەیە ، كە ئوصوولی ئیسلام هەر چەند لەسەر ئەو یازدە ماددەیە بەیان كران ، بەڵام لە تەطبیقـاتو عەمەلدا فەرق زۆرە لە بەینی یەكێكدا كەمێ دڵی ڕووناك بێتەوە بـــە نووری ئیمان لەگـــەڵ ئەو ئینسانەدا كە سینەو دڵی وەكو مـــەنزڵ مونەووەر بێ بە ئیمانو ئیخلاصو ڕەغبەتو ڕەهبەتو لـــە كـــاتی بەجێهێنانی ئەركانی ئیسلامدا خاشیعو خائیف بێ لە نوێژداو ڕۆحی ڕوو بـكاتە تەربیەی نەفسیو پاككردنەوە لە شەهوەتی خـــواردنو خواردنەوە هەتا ئەو نەفسەی بەڕاستی دامركێو ملكەچ بێو ببێ بـــە نەفسی (مطمئنة) لە ڕۆژوو گرتندا ، وە یەكێ بە ظاهیر خۆی مـــەنع بـكا لە طەعام بەڵام بە دەمو زمان مەشغووڵی غەیبەتو بوختانو بە دڵ تێـــكەڵی دونیای حـــەرام بێ •

جا ئەو كۆمەڵە ئەصحابە كە وا بە نووری ئیمانی كامیل مونەووەر بوونو بە ئادابی شەرم لە خودا موئەددەب بوون گەلێ ئینسانی پـاك لەسەر دەستیان گەیشتن بە بەهرەو ئەو بەهرەمەندییە هات بۆ تابیعینو

لەوانەوە بۆ تابیعی تابیعین‌و پەرەی‌سەند لە عالەمی ئیسلامدا بە نەوعێ لەسەر پەیڕەوی قورئان‌و حەدیث بە لەفزو مەعنا تەربیەتی نەفسی عالەمیان کرد لەسەر ڕووکردن لە خودای تەعالاو ئیعتیماد لەسەر ئەوو داواکردنی ڕەزامەندی هەتا ڕۆحی ئیمانیان خستە ناو دڵی موسوڵمانانەوە جا ڕەحمەت لەوە کە فەرموویەتی :

ئایینی ئیسلام کە یازدە بابە
لەگەڵ حوببی حەق مایەی ثەوابە
مەحەببەت لە بۆ خوداو پێغەمبەر
لە بۆ ئەصحابی حەزرەتی ئەنوەر
بۆ زانایانی ئوصووڵ‌و ئەحکام
بۆ صاڵحانی خاوەن ئیحتیرام
بۆهەر کەسیکیش بۆ دین بەسوود بێ
بۆ دین‌و دونیا ڕووی لە مەقصوود بێ
(نامی) موحیبە تا ئاخر نەفەس
بە بێ مەحەببەت کەس نەبوو بە کەس

نووري دووەم : ئەساسی دینی ئیسلام قورئانە

بزانن ئایینی پاکی ئیسلام دامەزراوە لەسەر قورئان کە خودا ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ لەسەر ئەم بەیاناتە کە دێت :

قورئان ئەفەرموێت ئیمان باوەڕکردنە بە خوداو بە مەلائیکەتەکان‌و بە پێغەمبەران‌و بەو کیتابانە خودا ناردوونی بۆ پێغەمبەران‌و بە ڕۆژی

قیامەت‌و بە قەزاو قەدەر ، وە قورئان ئەڵێ : ئەرکانی ئیسلام نوێژەو ڕۆژووەو زەکاتەو حەججەو ئیقرار بە خودایەتی خوداو بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ •

قورئان دەستوورە بۆ هەموو ئەحکامی ئەمرو نەهی‌و ڕەوایی‌و ناڕەوایی ، بۆ هەموو هوشیارێ مەعنای وایە لە هەموو بیروباوەڕو کردەوەیەکدا پێویستە تەماشای ئیطاعەی قورئانی پیرۆز بکەین • قورئان ئەفەرموێت : (اطیعوا الله واطیعوا الرسول وأولی الأمر منکم) واتە : فەرمانبەرداری خوداو پێغەمبەرو خاوەن فەرمانی خۆتان بکەن ، واتە خاوەن فەرمانی موسوڵمان ، خواە مەبەس لە فەرمانڕەواکان سەرۆکانی دونیایی موسوڵمان بێ یا سەرۆکانی زانیاری‌و ئیجتیهاد بێ • قورئان ئەفەرموێت بە پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ : ئێمە قورئانمان ڕەوانە کردووە بۆ لای تۆ بۆ ئەوە کە تۆ بیگەیێنی بە هوشیارانی عالەم‌و ڕووناکی بکەیتەوە بۆیان‌و تۆ فەرمانڕەوای بەیانی ئایاتی قورئانیت •

قورئان ستایشی ئەصحابەکانی پێغەمبەر ئەکاو بە پیرۆزو بە حورمەت‌و بە خاوەن شەرافەت‌و عیزەتیان دائەنێ ، لەسەر ئەم بەیاناتە:

یەکەم بە خیطاب لەگەڵ یاران ئەفەرموێت : کنتم خیر أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنکم وتؤمنون بالله)
واتە ئێوە هەر لە ئەزەلدا لە علم‌و زانیاری خۆمدا باشترینی ئوممەت‌و کۆمەڵەیێ بوون کە دروست کراون بۆ پێغەمبەرەکانی جیهان‌و حاڵتان وایە کە ئەمر ئەکەن بە چاکەو نەهی ئەکەن لە خراپەو ئیمان‌و باوەڕتان هەیە بە زاتی خودای تەعالا پەروەردگاری تاق‌و تەنیاو زاناو تەوانا ، خاوەن خواست‌و خواهیش‌و شنەواو بیناو گۆیا لەگەڵ عالەمدا • وە ئەم خیطابە بە نرخە هەرچەند بە یاسای (اصول الفقه) هەموو ئوممەتی

پێغەمبەر دائەگرێ بەڵام بە دەرەجەی یەکەم لەگەڵ ئەصحابەو یارانی پێغەمبەردا قسە ئەکـــا •

وە قورئان ئەفەرموێت : (محمد رسول الله والذين معـــه أشداء على الكفار رحماء بينهم تراهم ركّعـــا سجّدا يبتغون فضلا مـــن الله ورضوانا سيماهم في وجـوههم مـــن أثر السجود) ، ئەمـــە ستایشی ئەصحابەیە بە گشتی •

وە قورئان لە شەئنی ئەصحابی (بيعة الرضوان)دا ئەفەرموێت : (ان الذين يبايعـــونك انّما يبايعون الله يـــد الله فوق أيديهم) • وە فەرموویەتی : (لقد رضي الله عن المؤمنين اذ يبايعونك تحت الشجرة فعلم ما في قلوبهم فانزل عليهم السكينة وأثابهم فتحا قريبا) • واتە : بـــە ڕاستی خودا ڕازی‌یە لەو خاوەن ئیمانانە لەو کاتەدا عەهدیان لەگـــەڵ تۆدا کرد لە ژێر داری (بيعـــة الرضوان)دا خـــودا زانایە بەوەی والە دڵیاندا لە ئیمانو ئارامیو نووری ڕەحمەتی ناردە خوارەوە بۆ ســـــەر دڵیانو جـــەزای دانەوە بە فەتحێـــکی نزیك کە فەتحی شاری مەککەی موکەڕەمەیە •

وە قورئان لـــە شـــەئنی پێش‌کەوتوانی هیجرەتو نەصرەتدا فەرموویەتی : (والسابقون الأوّلون من المهاجرين والأنصار والـــذين اتّبعوهم باحسان رضي الله عنهم ورضوا عنه وأعدّ لهم جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها ذلك الفوز العظيم) • واتە : ئەوانـــەی کـــە پێش‌کەوتنو لـــە ئەووەڵەوە بوون لە موهاجیرەکـــان بۆ مەدینـــەی مونەووەرەو یارمەتی دەرەکان بۆ دامەزراندنی دینی ئیسلامو ئەوانەیش کـــە پەیڕەوی ئەوانیان کرد لە خزمەتدا بە ساغی لەگـــەڵ خـــوداو پێغەمبەرو موسوڵمانانْدا خودا ڕازی بووە لەوانو داوای ئەوە ئەکـــا

ئەوانیش ڕازی بن لەو ، وە ئامادەی کردووە بۆیان ئەو باغاتی بەهەشتە کــە جۆبارەکان لە ژیری دارەکانیانەوە ئەڕۆن حالی ئەمانە وەهـــایە ئەمێننەوە لەو باغانەدا هەتا هەتایە ، وە ئەمە گەیشتنە بە پایەی خـــاوەن مـــایەی گـــــەورە •

وە قورئان ستایشی ئەبوبەکری صیددیق ئەکا لە کاتێکدا لەگــەڵ حەزرەتدا لە ئەشکەوتێ مەشهووردا خۆیان پەنا دابوو کافرەکان هـــاتن بۆیان و ترسا لەوە کافرەکان پێیان بزانن ، حەزرەت ـ صلی اللە علیـە وسلم ـ بۆ دڵدانەوەی فەرمووی : دڵ زویر مەبە خودا والە گــەڵمان • جا خودا رزگاری کردن •

یەکێ دووەم بێ لە بۆ پێغەمبەر
ڕەفیق بێ لە بۆ ڕەهبەری ئەنوەر
خودایان لەگەڵ بێ بە مایەی ڕەحمەت
چلۆن نابێتە سەرداری ئوممەت
عەطای خودایە پایەی دارایی
یارمەتی حەققە پایەی پاشایی

وە قورئان ستایشی ئەصحابە موجاهیدەکانی بەدرو ئوحـــودو حونەین ئەکا و پایەی فیداکاری ئەوان دەر ئەبڕێ • ئوممەتێ ئەوەندە خـــاوەن هیممەت بن پێویستی هەموو ئینسانێکی پاکی بە غیرەتە حقووقی مەحەبەت و کەرامەت و خزمەتیان ڕابگرێ و باوەڕی وابێ ئەوانە هەموو دەست و قۆڵی حەزرەت بوون لـــە دامەزراندنی دینی ئیسلامـدا لـــە خۆرهەڵات و خۆرنشین و باکورو باشوردا • ئەمە کردەوەی گشتی یە بۆ ئەوان ، ئەمجار تەماشای بەرهەمی یەکە یەکەی زاتە گەورەکانیان بکەن •

مەعلوومتانە کـە حەزرەت ـ صلی اللە علیە وسلم ـ لـە نەخۆشی وەفاتیدا ئەبوبەکری صیدیقی کرد بە ئیمـــام بۆ ئەصحابەکـان ، وە ئیمامەت لە حەیاتی حەزرەتدا وەزیفەی خۆی بوو ، وە مادام حەزرەت ـ صلی اللە علیە وسلم ـ ئەبوبەکری کرد بە ئیمام بۆ عام مەعنـای وایە جێگە داری حەزرەتە ، لـە لایێ ترەوە خودا فەرموویەتی لە مەدحی ڕیجالی دینی ئیسلامدا : (وامرهم شوری بینهم) • وەکو مەعلوومتانە لە پاش موناقەشەو مودانەشە ئەبوبەکری صیدیق بوو بە خەلیفـــەو جێـــگەدارو تا ئیستە نـــە بینراوەو نە بیستراوە کـــەس مونکیری ئیستیحقاقی ئەبوبەکر بوو بێ ، وە ئەگەر حەزرەتی عەلی بەنەصص و ئەمری حەزرەت نامزەد بووایی بۆ خەلافەت بێشوبهە عالـەم دژمن بووایێ عەلی خەلافەتی خۆی دەر ئەبڕی و داوای ئەکردو بەرابەر بـــە نەص مەجالی تەقیە نیە (مع انه) حەزرەتی عەلی وەکو باقی ئەصحابەکان بەیعەتیان کرد ئەویش بەیعەتی کردو فەرمانی ئەبوبەکری گرتە گەردنی خۆی و تەصەڕوفاتی ئەبوبەکری پەسەند کرد ، حەتتا لـــە تەقسیمی غەنائیمی یەمامەدا جاریەی لە ئەبوبەکر وەرگرت و بوو بە (ام الولد)و موحەممەدی لێ بوو کـــە مەشهوورە بە موحەممەدی حەنەفیە بـە ئیعتیباری دایـکی کە لە قەبیلەی بەنی حەنیفە بوو ، وە لەسەر تەفاهوم و مەحەبەت ئەیامی لەگەڵ ئەبوبەکردا ڕابوارد •

وە ئەبوبەکر لە زەمانی خەلافەتیا کـە دوو ساڵ و دە مانگ بـوو ـ تەقریبەن ـ هەر ئەورەو هەرایێ لە قەبائیلی عەرەبدا بوو ، خـــامۆشی کردو هەمووی ڕام کردن و جەنـگی کرد لەگـــەڵ موســـەیلەمەی کەذذابداو کوشتی و سوپاکەی بڵاو کردەوە بە وڵاتدا ، یا هاتنەوە ژێر فەرمـــان •

وه لــه ترسی مردنو کوژرانی ئـــەو ئەصحابانە کــــە قورئانیان لەبەربوو بە ئیجماعی ئەهلی عیلمی ئەصحابەو ڕای عومـــەری کوڕی خەططاب بە کیتابەتی زەیدی کوڕی ثابیت کاتبی وەحیی ، هەموو قورئانی پیرۆزی گرد کردەوەو لەســـەر پێستی حـەیوان نووسیانەوەو قورئانی پاراست لـــە فـــەوتان •

وە لە ناساغی وەفاتیدا عەهد نامەی نووسی بۆ عومەری خەططـابو عومەر بوو بە خەلیفەی دووەمو دەستی کرد بە ڕێکخستنی کـاروباری ئیسلام ، ئەو ئیصلاحو تەنظیماتە ئەو کردی کەس نەیکرد •

وڵاتی جەزیرەی عەرەبی پاك کردەوەو شاماتی گرتو فـــەتحی عیراقی کردو ئێرانی پاك کردەوە ، ئەمـــە لە خۆرهەڵاتەوە ، وە لـــە خۆرنشینەوە میصری گرت ، خولاصە موڵـکی ئیسلامی زۆر گــەورە کردو گەلێ ئیصلاحاتی وای کرد دەلالەت ئەکەن لەســـەر قـــابیمی بیروباوەڕی •

ئەوەندەیش بەینی خۆش بوو لەگەڵ حەزرەتی عەلیدا عـــەلی (ام کلثوم)ی کچی خۆی بۆ مارە بڕی ، کە ئەمە مەعنای هێزی مەحەبەتە •

وە لەو کاتەدا کە عومەر بە دەستی (ابو لؤلؤ)ی مەجووسی شەهید کرا بەر لە وەفاتکردنی خەلافەتی کرد بە ڕاوێژ لە بەینی عەلیو عوسمانو باقی عەشەرەی موبەششەرەو هەموویان عوسمانیـــان ئیختیـــار کرد ، وە ئیمامی عەلی بە قەطعی ناڕەزایی دەر نەبڕیو عوسمان بوو بە خەلیفـــەی حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ وە بە عەلاوەی خزمەتەکانی زەمانی پێشووی گەلێ خزمەتی کرد بە عالەمی ئیسلامو ئیسلامی خستە پێش چاوی عالەم ، ئەگەر ئینصاف بێ ئەو جەمعی قورئانە کە ئەو کردی بۆ ئەوە کە

قیرائەتی جیا جیا نەبێ لە قورئانداو موسوڵمانان نەچن بە گژ یەکتردا ، لوجنەیەکی دروست کردو حەزرەتی عەلی کرد بە موشریف بە سەریانەوە تا هەموو قورئانی مەوجوودیان گرد کردەوە ، وە لەسەر زمانو لەهجەی قورەیش حەوت نوسخە قورئانی نووسییەوەو ڕەوانەی کردن بە وڵاتەکاندا ، بۆ کووفەو بۆ شامو بۆ مەدینەی مونەووەرەو بۆ مەککەو بۆ میصرو بۆ یەمەنو بۆ بەحرەین • وە عالەمی ئیسلامی ڕزگار کرد لە ئیختیلاف •

ڕیوایەت کراوە کە حەزرەتی عەلی فەرموویەتی : ئەگەر من گەورەی ئیسلام بوومایە لە پێش هەموو کارێکدا ئەم جەمعی قورئانەم ئەکرد •

وە پاش شەهادەتی عوسمان ـ رضي الله عنه ـ بەیعەتیان بە حەزرەتی عەلی کردو دامەزرا •

مەبەست ئەمەیە ئەم زاتانە هەموو خزمەتی وایان هەیە کەس ناتوانێ ئینکاری بکا ، مەبەس ئەمەیە واجبە لەسەر موسوڵمانان لەسەر ڕووناکی قورئانو بە هۆی یارمەتی بیرکردنەوە لە حەقیقەت ، ئیمانو باوەڕیان ببێ بەوە کە ئەصحابە = یارانی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ هەموو شایستەی مەدحو ئەناو ستایشن ، وە جومهوری موسوڵمانان لەسەر ئەو بیروباوەڕەن کە گەورەترینی ئینسانی موسوڵمان لە پاش وەفاتی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەبوبەکری صیددیقە جا عومەری کوڕی خەططاب ، جا عوسمانی (ذي النورين) جا عەلی کوڕی ئەبو طالیبە ـ خودایان لێ ڕازی بێ ـ •

وە لەسەر ڕووناکی مەعنای قورئانی پیرۆز ئەصحابەی پێغەمبەر

ـ صلى الله عليه وسلم ـ بە شێوەی گشتی چاکترینی ئوممەتی سەر عەرزن‌و هەر کەسێ موسوڵمان بێ واجبە لەسەری کە باوەڕی وابێ ئەصحابە ئەهلی عەداڵەتن‌و موبارەکن ، وە هەر کەسێ موخالیفی ئەم بیروباوەڕە بێ باوەڕت وایێ لە کۆمەڵی ئیسلام بەدەرە •

یارانی حەزرەت بۆ ڕۆژگاران
حسێب کراون لە فیداکاران
ئەبارێ بە سەر ڕۆحی ئەواندا
بارانی ڕەحمەت بە وێنەی باران
خوێنی ئەوان بوو بۆ باغی ئیسلام
ڕژا بە وێنەی ئاوی جۆباران
بەرهەمی ئەوان گەیشت بە عالەم
بوو بە ڕووناکی دڵی دڵداران

وە لە مەوزووعی ئیسباتی گەورەیی ئەصحابەکاندا ـ خودایان لێ ڕازی بێ ـ گەلێ حەدیثی بەرز سابت بووە کە ئەبن بە دەلیل لەسەر بەرزی ئەو زاتانە • وە بۆ ڕووناکی دڵتان بازێ لەو فەرموودە بەرزە بەڕێزانەتان بۆ ئەنووسم :

یەکەم ڕیوایەت کراوە لە (عمران بن حصين)ەوە ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ کە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرموویەتی : (خير أمتي قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم) واتە چاکترین ئوممەتی من ئەهلی چەرخی منە ، لە پاشان ئەوانە کە (مباشرة) بە شوێنی ئەواندا دێن‌و لە پاشان ئەوانە کە بە شوێنی ئەواندا دێن •

ئەم فەرموودەیە بوخاری لە کیتابی (الرقاق)دا ڕیوایەتی کردووە•

دووەم ڕیوایەت کراوە لە عەبدوڵلاوە ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ لە حەزرەتەوە ـ صلی الله علیه وسلم ـ کە فەرموویەتی : (خیر الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم ثم يجيء قوم تسبق شهادة أحدهم يمينه ويمينه شهادته) •

مەعنای (تسبق) تا ئاخر ئەمەیە کە : ئەو قەومە پەلەپەل ئەکەن بۆ شەهادەتدان لە پێش ئەوەدا کە داوای شەهادەتیان لێ بکرێ‌و پەلە ئەکەن بۆ سوێند خواردن لە پێش ئەوەدا کە داوایان لێ بکرێ • وە مەبەست ئەوەیە کە ئەو قەومە دینیان کزە •

ئەم حەدیثە شێخی بوخاری لە (رقاق)داو موسلیم لە بابي فەضلي صەحابەدا ڕیوایەتی کردووە •

ئەم دوو حەدیثە شەریفە بە ڕووناکی ئیسباتی پایەی هەموو ئەصحابی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەکەن ، هەروا دەلاٰلەت ئەکەن لەسەر شەرەفی قەرنی دووەم‌و سێیەم •

سێیەم ڕیوایەت کراوە لە (أبو سعيد الخدري) ەوە ـ رضي الله عنه ـ ئەفەرموێت : حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرمووی : (يأتي على الناس زمان فيغزو فئام من الناس ، فيقولون : فيكم من صاحب رسول الله ؟ فيقولون : نعم • فيفتح لهم به ثم يأتي على الناس زمان فيغزو فئام من الناس ، فيقال : هل فيكم من صاحب أصحاب رسول الله ؟ فيقولون : نعم • فيفتح لهم به • رواه الشيخان ، أخرجه البخاري في كتاب الجهاد ، باب من استعان بالضعفاء • ومسلم في الفضائل) •

ئەم حەدیثە شەریفەیش دەلیلە لەسەر گەورەیی یارانی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـو ئەهلی قەرنی تابیعینیش ، وە دەلیلە لەسەر

پیرۆزی بازێ شەخص و سوودی ئەو پیرۆزی یەش بۆ غەیری خۆی .

چوارەم ڕیوایەت کراوە لە جابیرەوە کە حەزرەت ـ صلی اللـه علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (لا تمس النار مسلما رآني او رأى مـن رآني) واتە : ئاگری دۆزەخ نالـگێ بە پێستی موسوڵمانێکەوە کـە منی بینیبێ ، یا کەسێ کەمنی بینیبێ . ئەمەیش هەر دەلیلە بۆ شـەرەفی ئەهلی دوو قەرن = قەرنی ئەصحابەو تابیعین .

پێنجەم ڕیوایەت کراوە لە (برید)ەوە ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ کە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (ما من أحد من أصحابي يموت بأرض الاّ بعث قائدا ونورا لهم يوم القيامـة . رواه الترمذي في السنن . رقم الحديث/٣٩٤٩) .

ئـەم فەرموودەیشە بەڕاستی ئیسباتی پایەی بـەرزی یارانی حـەزرەت ئەکـا .

شەشەم ڕیوایەت کراوە لە ئەنەس ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ کـە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتـی : (ان الله لا يجمع أمتي ـ أو قال : أمة محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ على الضلالة ويد الله مع الجماعة) و ریوایەت کراوە بەلەفظی : لا يجمع الله أمتي عـلى ضلالة) وە لە ڕیوایەتێکی تردا : (لا تجتمع أمتي على ضلالة) وە بە لەفظێ تر : (انّ أمتي لا تجتمع على ضلالة . رواه ابن ماجه . رقـم الحديث /٣٩٥٠) .

حەوتەم ڕیوایەت کراوە لـە (الدار قطني)ەوە : (أصحابي كالنجوم بأيّهم اقتديتم اهتديتم) واتە : یارانی مـن وەکو ئەستێـرەی ئاسمانن تابیعی هەر کامیان ببن شارەزای ڕێگەی ڕاست ئەبن .

هەشتەم ڕیوایەت کراوە لە (عبدالله بن مغفل ـ رضی الله عنه ـ کە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرمویەتی : (الله الله من أصحابي لا تتخذوهم غرضا بعدی فمن أحبهم فبحبي أحبهم ، ومن أبغضهم فببغضي أبغضهم ، ومن آذاهم فقد آذاني ، ومن آذاني فقد آذى الله ومن آذى الله فيوشك أن يأخذه) •

ئەم فەرموودە پیرۆزە ئیسباتی شەرەفی هەموو ئەصحابە ئەکا • (رواه الترمذی في سننه • رقم الحديث / ٣٩٥٤) •

ئەمانە عەلاوەی ئەو حەدیثانەن کە وارید بوون لە مەناقیبی عەشەرەی موبەششەرەو مەناقیبی یەکە یەکەی خولەفای راشیدین ، بە تایبەتیو بە خصووصی • وە گەلێ حەدیثی شەریف وارید بوون لە ئیسباتی شەرەفیان کە ئیستە ئیجاب بە ڕیوایەتیان ناکا لەبەر درێژی مەوزووعەکە •

جا ئینسانی موسولمان ئەگەر تەماشای دەلیلی نەقلی ئەکا با تەماشای ئەو ئایەتانەو ئەو ئەحادیثە بکا •

وە ئەگەر تەماشای دەلیلی نەقلی ناکا با بە عەقل بڕوانێ بزانی کێ بوون لە چەرخی یەکەمدا جیهادیان کردو دینی ئیسلامیان وەرگرتو دوو جار بەشێکیان چوون بۆ ولاتی حەبەشستانو بۆ جاری ئاخر هاتنەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە • با بیر بکاتەوە بزانێ کێ بوو غەیری ئەصحابی کیرام کە قورئانیان نووسییەوەو لەبەریان کردو بوون بە مەصدەری گەیاندنی قورئانی پیرۆز بە عالەمداو کێ بوون ئەوانە کە ولاتی (جزيرة العرب)و شامو فەلەسطینو میصرو ئەو شوێنانی موجاوەرەیان فەتح کرد ، تا باش تێبگات کە ئەصحابی حەزرەت ئەشرەفی ئوممەتی

حەزرەتن ـ صلى الله عليه وسلم ـو خودای تەعالا تەزکیەی کردوونو حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ تەئکیدی ئـەو تەزکیەی کردووە (بناء عليه) ئەبێ ئێمە بە دڵو زمـان بڵێین : (اللهم صل على سيدنا محمد وآله وصحبه اجمعين ، وعلى اتباعه باحسان الى يوم الدين وسلم تسليمـا) .

بەشی چوارەم لە مەحەببەتو خۆشەویستی

مەحەببەتو خۆشەویستی ئینسانی موسوڵمانە بۆ ئەو زانایانە کـە پایەداربوون لەسەر بڵاوکردنەوەی یاسای ئیسـلامی پیرۆز بە قەڵـەمو زمان بە خامەو نامەو بە دڵ تێکۆشان بۆ گردکردنەوەی ئەحـکامو فەرمانەکانی ئیسلامو نەشری قورئانو ڕەفتار بە قورئانو نەشـری فەرموودەکانو ڕەفتاری حەزرەتی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ .

ئەمانە بە کورتی زانایانی دینی ئیسلامنو عیبارەتن لە (قرّاء) ئەوانە قورئانیان وەرگرتو ضەبطی قیرائەتەکەیان کردووەلە (محدثين) ئەوانـە حەدیثەکانی حەزرەتیان نووسیەوەو لەبەریان کردو فەرقی دەرەجاتو پایەی حەدیثەکانیان داناو جێگەی ڕەفتاریان دیاری کرد لـە ئەحکامی ئوصوولی دینو فرووعی دینو لە مەناقیبو فەضائیلی ئەشخاصدا . وە ئەوانە کە بە هێزی نووری عیلمو دین ئیجتیهادیان کردو (استنباط)ی ئەحکامیان کرد بۆ بیروباوەڕو کردەوەی موسوڵمانانو جەمعو تەدوینی ئەحکامو دەلیلیان کردو کردیان بە زەخیرە بۆ موسوڵمانان کە لەسەری دەوام بـکەن هـەتا هـەتایە .

ئـەم کۆمـەڵە ئینسانە خاوەن ئیحسانانە ناودارو پایەداری دینی

ئیسلامن‌و واجبی ذیممەی موسوڵمانە ئیحتیرامیان بگرێ‌و دۆعایان بۆ بـكاو بە ئیمام‌و پێشەوایان دا بنێ بۆ عالەمی ئیسلام ، خـــواه لـــە ئیعتیقاداتدا ، وەكو ئیمامی (ابو الحسن الأشعری)و (ابو منصـور الماتریدي) وەیا لـە هێنانی قورئان وەكو حەوت قاریئەكان‌و ڕاوی‌یەكانیان یا لـە ئەحكامی شەرع‌و دیندا ، كە ئەمانە ژمارەیان لە صەدری ئەووەڵدا زۆر بووە ، بە تایبەتی ئەوانەیان كە مەذهەبەكانیان نووسراوەتەوەو بـە صافی گەیشتووە بە عالەمی ئیسلام ، وەكو : ئیمام ئەبو حەنیفە = نەعمان كوڕی ثابیتی كووفەیی‌و ئیمام مالیك كوڕی ئەنەس لـــە مەدینـــەی مونەووەرەداو ئیمامی شافیعی موحەممەدی كوڕی ئیدریس لە مەدینـــەو بەغداو میصردا ، وەكو ئیمامی ئەحمەد بنو حەنبەلی شەیبانی لە بەغدادا - خودایان لێ ڕازی بێ - •

وە دلیل لەسەر صیححەتی ئەحواڵی ئەمانە كیتاب‌و سوننـــەت‌و ئیجماعە لە پێش دەركەوتنی ئیختیلافدا • جا دەلیل لەسەر صیححەتی ئیجتیهادی زانایان لە قورئاندا چەند ئایەتە :

یەكەم ئایەتی : (واذا جاءهم أمر من الأمن أو الخوف أذاعوا بـه ولو ردّوه الى الرسول والى أولى الأمر منهم لعلمه الذين يستنبطونه منهم) واتە : كاتێ بـگاتە لای ئەوان كارێ لە بابەتی ئاسایشی یا ترســـەوە بلاّویان ئەكردەوە بە ناو خەڵـكداو ئەگەر پرسیاریان بـكردایە لـــە پێغەمبەری خودا - صلى الله عليه وسلم - یا لە خاوەن بیروڕاكان لـــە حەقیقەتی ئەو كارانەیان ئەزانی ، ئەوانەیان كە هێزی دەرهێنانی مەغزی كاروباری جیهانیان هـــەیە • ئەم ئایەتە بە ڕووناكی ئیسباتی ئەوە ئەكـا كە لە ناو كۆمەڵدا بازە زانیارێ هەن كـــە ئەتوانن ئەسراری كـــار دەربخەن • ئەمەش ئیجتیهادو (استنباط)ی ئەحكامی دینیش ئەگرێتەوە•

دووەم فەرموودەی خودا : (وما كان المؤمنون لينفروا كافّة فلولا نفر من كل فرقة منهم طائفة ليتفقهوا في الدين ولينذروا قومهم اذا رجعوا اليهم لعلهم يحذرون) واتە : ئەوە بۆچی لە هەموو کۆمەڵێکی گەورە تاقمێ جیا نابنەوە بۆ ئەوە فامی ئەحکامی شەرع بکەن‌و بگەن بە پایەی ئیفادەو تەمێی ئادەمی‌زاد هەتا قەومەکەیان بترسێنن لە عیقابی خـــودا بەڵـکو دوور بکەونەوە لە کاری نالایق •

مەعنای وایە پێویستە لە هەموو کۆمەڵێکدا بازە کەسێ خـــۆیان ئـازاد بـکەن بـۆ ئـەوە بـگەن بـە پـایەی فـامی ئەحکامـی دیـن‌و ئیستیخراجی دەقایق بۆ ئەوە بتوانن تەربیەی ئوممەت بکەن ؛ چونـکە (تفقه) لە (فقه) وەرگیراوە ، وە (فقه) عیبارەتە لە زانستی ئەحـــکامی شەرعی عەمەلی بە هۆی دەلیلەوە •

سێیەم فەرموودەی خودا : (فاسألوا اهل الذكر ان كنتم لا تعلمون) واتە : پرسیار بکەن لە خاوەن زانیاری‌یەکان ئەگەر خۆتان مەقصـــەد نازانن • ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر ئەوە واجبە ئینسانی نەزان پرسیار بـکا لە زانا لە سەرەتای زانیاریدا هەتا ئەگا بە پایەی زانیاری ڕەسای تەواو •

چوارەم فەرموودەی خودا : (ومن يشاقق الرسول من بعـــد ما تبيّن له الهدى ويتّبع غير سبيل المؤمنين نولّه ما تولّى ونصله جهنـــم وساءت مصيرا) واتە : هەر کەسێ موخـــالەفەی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ بـکا پاش ئەوە کـــە دەرکەوت ڕێگەی ڕاست چۆنـەو بکەوێتە شوێنی غەیری ڕێـگەی موسوڵمانان ئەوە هەڵی‌ئەسووڕێنین بۆ ئەو جیهەتە نابارە کـــە ئەیەوێ ڕووی تێ‌بـکا ، وە ئەیهـاوینە نـاو دۆزەخەوەو زۆر خراب ئەبێ لە جیهەتی ئەنجام‌و ماوای قیامەتەوە •

بە ظاهیری ئـــەم ئایەتە واجبە پەیڕەوی کردن بە حـــەزرەت

- صلى الله عليه وسلم -و قبووڵکردنی ڕێگەی موسوڵمانان لە شوێنی ئیجماع‌و ئیتیفاقدا ، وە بە ئاشکرا دیارە ئیتیفاقی زانایانی موسوڵمان هەیە لەسەر ئەوە کە لە شوێنێکدا (نص) نەبێ لەسەر حوکمی شەرعی نەبێ بە ئیجتیهاد حوکم دەربێت‌و پەیڕەوی ئەو ئیجتیهادە واجبە ، چونکی لە صەدری ئیسلامەوە ئیجتیهادلە بەینی زانایانی دیندا بەکار هاتووە حەتا لە زەمانی حەزرەتیشدا کاتێ ئەصحابە دوور بووبن بۆ ئەحکامی دین ئیجتیهادیان کردووە •

وە دەلیل لە سوننەتی حەزرەتدا - صلى الله عليه وسلم - لەسەر دروستی ئیجتیهاد زۆرە ، لەوانەیە ئەوەی کە ئەبو داوودو ترمزی‌و دارەمی لە (معاذ بن جبل - رضي الله عنه) کاتێ کە حەزرەت - صلى الله عليه وسلم مەعاذی کوڕی جەبەلی نارد بۆ وڵاتی یەمەن : (قال له : كيف تقضي ؟ قال : أقضي بكتاب الله • قال : فأن لم تجد ؟ قال : فبسنة رسول الله - صلى الله عليه وسلم - قال : فان لم تجد في سنة رسول الله ولا في كتاب الله ؟ قال : أجتهد برأيي ولا الو • أي : ولا أقصر) •

ئەم حەدیثە هەرچەند کە بازێ کەس موعارەضەی سەنەدەکەیان کردووە ، بەڵام (ابن القيم الحنبلي) لە کتێبی (اعلام الموقعين)دا ئەڵێ : ڕەفیقەکانی مەعاذی کوڕی جەبەل ئینسانی بلوەڕ پێکراون‌و ئەو کەسەی ئەم حەدیثەی نەقل کردووە ناوی حەرث کوڕی عەمرە ، ئەم حەدیثەی نەقل کردووە لە کۆمەڵێ لە ڕەفیقانی مەعاذ - رضي الله عنه - نەك لە یەکێکەوە • وە حەدیثەکە ئەگەر یەکێکیش لەوان نەقلی بکا کافی‌یە چ جای ئەوە کە لە ژمارەیەکی موناسبەوە نەقل کراوە • وە (ابن القيم) هەروا ئەفەرموێت : شوعبە ئەم حەدیثەی ڕیوایەت

کردووە • وە بازێ لە ئیمامانی حەدیث ئەڵێن : کاتێ لــە ئیسنادی حەدیثدا **شوعبەتان** دەس کەوت بیگرنو بەری مەدەن ؛ چونــکی لــە پیــاوە خــاوەن قیمەتەکانە •

وە لە (تقریب الراوی)دا سیوطی ئەلێ : ئەم حەدیثە لە جوملەی ئەحادیثی صیحاحە •

وە لەو حەدیثانەیە ئەوەی کــە موسلیمو بوخاریو ئەبو داوودو ترمزیو نەسائیو ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردووە لە (عبدالله بن عمرو بن العاص)ەوە لە ئەبو هورەیرەوە ـ خودایان لێ ڕازی بێ ـ حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (اذا حکم الحاکم فاجتهد فاصاب فله اجران ، واذا حکم فاجتهد فأخطأ فله اجر واحد) واتە : کاتێ حاکم حوکم بــکا لەسەر ئیجتیهادو بــگا بە حەق ئەوە دوو ئەجــری هــەیەو ئەگــەر حوکم بــکا لەسەر ئیجتیهادو بە هەڵەدا بڕوا یەك ئەجری هەیە•

وە ئــەم ئیجتیهادەیش بۆ کەسێ ئەبێ جامیع بێ بۆ ئەســبابی ئیجتیهاد ، بەم جۆرە عالم بێ بە قەواعیدی عەرەبییەو بە ئوصولی فیقــەو بە ئایاتو ئەحادیثی ئەحکامو بە یاسای قیاسو ئەقسامەکانی • وە لەگەڵ ئەمانەدا عالم بێ بە مەسائیلی ئیجماعو ئیختیلافو بە صیفاتی (ادلّـــة) لە تەواتورو صیححەتو حوسنو غەیری ئەمانە • وە دارای صیفـــەتی عەداڵەت بێ • وە مادام گەیشتە ئەم پایە دروستە ئیجتیهاد بــکا ، وە ئەو ئیجتیهادەی لە کاتێ غەیری ئەو موجتەهید نەبێ فەرزی عەینــــە ، وە ئەگەرنا فەرزی کیفایەیە •

وە دەلیلە لەسەر وجووبی ئیجتیهاد ئایەتی (فاتقوا الله ما استطعتم) چونــکە ئیجتیهاد لــــە ئەسبابی تەقواو پارێزگاریو ئیطاعـــەی ذاتی خــــودایە •

واجبە لەسەر غەیرە موجتەهید تەقلیدی موجتەهید بکا

ئینسانێ موسوڵمان بێ پێویستە لەسەر بەصیرەت‌و چاو ڕووناکی بڕوا ، خودا فەرموویەتی بە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ : (قل هذه سبیلی ادعو الی الله علی بصیرة انا ومن اتبعني) لەسەر ئەم ئایەتە پیرۆزە واجبە لە هەر حوکمێکدا وارد بێ مادام ئینسان خۆی دەلیل نەزانێ تابیعی عالمێ بێ کە زانابێ بە حوکمەکەی ؛ چونکی عالم‌و جاهیل‌و زاناو نەزان وەکو یەك نین (قل هل یستوی الذین یعلمون والّذین لا یعلمون) •

وە دەرکردنی حوکم لە ئایەت‌و حەدیث پێویستە بە زانستی ئایات‌و ئەحادیث بە ئەسبابی (التعارض والترجیح) بە فەرق لە بەینی عام‌و خاص‌و موطلەق‌و موقەیەدو ناسیخ‌و مەنسووخ‌و غەیری ئەمانەیش • مادام ئینسان دارای ئەو عیلمە نەبوو وە لە خۆیەوە حوکم بکا ئەوە بە تابیعی هەواو ئارەزوو ئەژمێرێ ، خودای تەعالا فەرموویەتی : (فاسألوا اهل الذکر ان کنتم لا تعلمون) حەتتا ئەگەر کابرا بازێ عیلمی بۆ حاصڵبوو بوو ئەوە هەر واجبە تابیعی عالمێکی بێ‌گەیشتۆ بێ (وفوق کل ذی علم علیم) •

ما دام بەو دەلیلانە لە کیتاب‌و سوننەتدا بەیان کران ئیجتیهادکردن حەق بوو ، ئەو کەسە تابیعی ئیجتیهاد نەبێ‌و ئیجتیهاد بە حەق نەزانێ ئەوە گومڕایەو ئەبێ بە هۆی گومڕاکردنی موسوڵمانانیش ، حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (ان الله لا یقبض العلم انتزاعاً ینتزعه من صدور العباد ولکن یقبضه بموت العلماء فاذا لم یبق عالما اتخذ

الناس رؤوسا جهالا فسئلوا فافتوا بغير علم فضلّوا وأضلوا) ـ ئـــەم حەدیثە لە (جامع الصغیر)دایەو ڕەمزی صیححەتی لەسەرە • وە مادام ئیجتیهاد حەق بوو هەر موسوڵمانێ بە حوکمی ئیجتیهادێ بڵێ : ئـــەوە بیدعەتە ، ئەوە خۆی خاوەن بیدعەتە ؟ چونـکی ئیجتیهاد لەسەر ئایەت‌و سوننەتەو ئیهمالی شتێ موافیقی کیتاب‌و سوننەت بێ بیدعەتە •

وە هەر موسوڵمانێ کەمێ شعووری دینی ببێ ئەزانێ کە ئیجتیهاد واجبە بێ لەبەر ئەوە دینی ئیسلام دینێکە دەوام ئەکا تا ڕۆژی قیامەت‌و چـەند وەزعی عەجیب بەسەر ئوممەتەکەیدا دێ ، وە ئایات‌و ئەحادیثی ئەحکامیش بـە ظاهـیر بە بـێ (استنباط‌و قیاس‌و اسـتدلال) ڕەسـایی ناکـا بۆ هەموو ئـەو حوکمانە ، کـــە وابێ ناچـار ئەبێ خـاوەن علم ئیجتیهاد بـکا • وە ئەگـەر بە ئیجتیهاد ڕەفتـــار نەکرێ ئەحـــکام وەرناگیرێن‌و موسوڵمانان ئەکەونە سەر فەوزاو هەوەس‌کاری • وە شتی وا لە ئیسلامـــدا نیـــە •

نووري ئیجماع

ئیجماع لـە عورفی دیندا بریتی‌یە لە : ئیتیفاقی موجتەهیـدانی دینی ئیسلام لەسەر حوکمێکی شەرعی • جا هەر کاتێ ئەمانە بە ئیتیفاق قەراری حوکمێکی وایان دا ئـەوە ئەو حوکمـــە حەققـــەو پێویستە ئیطاعـەی بـکەین •

وە ئیسباتی ئیجماع بە کیتاب‌و سوننەتە یەکەم ئەو ئایەتە کـــە خوێندمانەوە : (ومن یشاقق الرسول من بعد ما تبین له الهدی ویتبع غیر سبیل المؤمنین نولّه ما تولی ونصله جهنم) خودای تەعالا تەهدیدی

ئەو کەسانەی کردووە کە لا ئەدەن لە ڕێگەی گشتی ئەهلی ئیمان •

دووەم ئەنەسی کوڕی مالیك ڕیوایەتی کردووە لـە حەزرەتەوە ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (ان الله لا یجمع أمّتی ـ أو قال : ـ أمة محمد ـ صلی الله علیه وسلم ـ علی ضلالة ، وید الله مع الجماعـــة) •

سێیەم حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (ما رآه المسلمون حسنا فهو عند الله حسن) •

عەلاوە لەســـەر ئەمە ئیجماع دائەمــەزرێ لـــە گردەوەبوونی موجتەهیدەکان لەسەر یەك حوکمی شەرعي •

وە ئەو موجتەهیدانە یەکە یەکە مادام دروست بێ ڕەفتار بـکرێ بە بیروڕایان ئەوە کە گردەوە بوونو ڕەفتارت نەکرد لازم دێ دەلیلی ضەعیف ڕەفتاری پێ بکرێو دەلیلی بە قووەت ڕەفتارێ پێ نەکرێ ، وە ئەگەر ڕەفتاری پێ بکرێو هێزی هەر وەکو قسەی یەکە یەکە بێ ، لازم دێ ضەعیفو قەویی وەکو یەك بن ، کە وابێ ئەبێ کە ئیعتیـــار کرا موجیبی عیلم بێ ، واتە موجیبی ئیعتیقادی بێ کە لەوە زیاتر لـــە طاقەتدا نەبێ ، (بناء علیه) دەلیلی موسوڵمان لـــە دینی ئیسلامـــدا : قورئانەو حەدیثەو ئیجتیهادی موجتەهیدی طاقەو ئیجماعی موجتەهیدان•

جا بزانن : ئەو عالمانە کە بە پایەی ئیجتیهاد گەیشتوون زۆر بوون، بەڵام بازێ لەوان خـودا یارمەتی داون بۆ ئـەوە کـــە بیروباوەڕیان بنووسنو بلاو بنەوە بـــە ناو موسوڵماندا ، وەکو شێخ (ابو الحسن الأشـــعری والشـــیخ ابو منصور الماتریدی) لە ئوصـــوولی دینو ئیعتیقادیاتدا ، وە ئیمـامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی مالیكو ئیمامی شـافیعیو

ئیمامی ئەحمەد بنو حەنبەڵو داوودی ظـاهیری لە فرووعیاتدا • وە ئەمانە مەذهەبیان نووسراوەتەوەو تەدریس کراونو لەسـەر یاسـای ئوصوولو قەواعیدی (تخريج واستنباط)یان تەقریر کراوەو بە دەرز خوێنراونو موناقەشە کراوە (بناء عليه) هەر ئەو مەذهەبانە کـە وا تەدوین کراون دروستە ڕەفتاریان پێ بکرێ ؛ چونکە یاساو ئوصوولی موجتەهیدەکان دیارن • وە ئەوانە کە مەذهەبیان نە نووسراوە ڕەفتاریان پێ ناکرێ ، یەکـەم مەذهەبەکەیان لە لای ئێمە موحەققەق نیە • دووەم یاساو ئوصوولی ئەو ئیمامانە دیار نینو نازانین لە (استدلال)دا فیـکری ئەو زانایە چـۆن بووە •

وە ئەو کەسانە ئەیانەوێ لە خۆیانەوە بە بێ ئیجتیهاد لەسـەر ظاهیری کیتابو سوننەت بڕۆن ئەیانەوێ لە باتی چوار ئیمام هـەزار ئیمامی بێسوود دابنێن ، وەیا ئەیانەوێ بە بێ دەلیل بە ئارەزووی نەفس موسوڵمانان گومڕابکەن •

نووري فەرق لە بەینی سوننەتو بیدعەتدا

بەر لە هەموو شتێ پێویستە دوو حەدیثی شەریف لەم مەوزووعەدا ڕیوایەت بکەین بۆتان هەتا لەسەر ڕووناکی مەعنای ئەوانە بـگەین بە مەبەستی خۆمـان •

یەکەم ئەو فەرموودە پیرۆزە ڕیوایەت کراوە : (عن أبي نجيح العرباض بن سارية ـ رضى الله عنه ـ قال : وعظنا رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ موعظة وجلت منها القلوب وذرفت منها العيون ، نقلنـا : يارسول الله كأنّها موعظة مودّع فاوصنا • قال أوصيـكم بتقـوى الله

ـ عزوجل ـ والسمع والطاعة ، وان تأمر عليكم عبدٌ فانه مـــن يعش منكم فسيرى اختلافا كثيرا ، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشـــدين المهديين ، عضوا عليها بالنواجز ، واياكم ومحدثات الأمور ، فان كـــل بدعة ضلالة . رواه أبو داود والترمذي ، وقال : حديث حسن صحيح) .

لـــەم فەرموودەدا حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ نەهيیو تەحذیری ئەصحابەی فەرمووە لـــەو یاسانە کـــە دروست نەکرێنو فەرموویەتی بە عوموومی : هەرچی بیدعەت بێ گومڕاهیـیە ، واتە باوەڕ پێکردن بە جێهێنانی ئەبێ بە هۆی ونکردنی ڕێگەی دینی ئیسلام .

دووەم فەرموودەیەکە وەکو شەرحو بەیان وایە بۆ ئەم حەدیثـــە شەریفە ، ئەوەیش ئـــەو حەدیثەیە کە ڕیوایەت کراوە لە (ام المؤمنين عائشة ـ رضي الله عنها ـ قالت : قال رسول الله ـ صلى الله علهوسلم ـ من احدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو ردّ . رواه البخـاري ومسلم) واتە هەر کەس دروست بـکا لەم دینی ئێمەداو لەم یاســـای کیتابو حەدیثەدا کارێ کە لەو دینە نەبێ ئەوە مەردوودەو بەتاڵە .

زانایانی دین بەیانی ئەو شتە کـــە لە دین نەبێ وەهـــا کردووە فەرموویانە : وەکو شتێ کـــە لـــە زاتی موخـــالیفی ئیسلام بێو هیچ قاعیدەیەکی دین ڕەوای نەدابێ ، وەکو نەذری ڕاوەستان لەبەر هەتاودا ، یا کارێـــکی دین کە شرووطی نەیێتە جێگە ، وەکو نوێژ بە بێ دەس‌نوێژ ، یا بە بێ ڕووکردن لە قیبلە بە بێ ناچاری ، یا کارێـــکی وا ببێ بە هۆی نوقصانی فەرزێ لە فەرزەکانی نوێژ ، وەکو نوێژێ کە ڕکاتێکی لێ کەم بکرێتەوە ، یا ڕۆژووی مانـگی ڕەمەزان لەگەڵ تەرکی ڕۆژێ لـــە ئەووەڵیەوە یا لە ئاخریەوە ، یا زیادکردن لە واجبات وەکو زیادکردنی ڕکاتێ لە یەکێ لە نوێژەکاندا یا چەند ڕۆژێ لەسەر مانـگی ڕەمەزان

(والحاصل) شتێ زیاد کرابێ لەسەر دین ، یا کەم کرابێ بە نەوعێ کە ئەصڵێکی نەبێ لە دینی ئیسلامدا ـ نەك وەکو کورتەوەکردنی نوێژی چوارڕکاتی لە سەفەردا یا گردەوەکردنی دوو نوێژ ـ ئەوە ئەو شـــتە بیـــدعەتە •

وە ڕووناککردنەوەی ئەم مەوزووعە بە تەواوی ئەمەیە کە دەلیلی دینی ئیسلام : قورئانەو حەدیثەو ئیجماعي ئوممەتو ئیجتیهاد • وەکـو بەیان کران •

وە ئەلفاظی قورئانی پیرۆزو حـــەدیثی شەریف چوار نەوعـــە دەلالەتیان هەیە کە مەشهوورن بە : (عبارة النص ، واشـــارة النص ، ودلالة النص ، واقتضاء النص) بە عەلاوەی مەعنای مەجازیو کینـــایە لـــە کـــەلامدا •

جا (عبارة النص) عیبارەتە لەوە دەلالەتی لەفظەکان لەســەر مەعنای مەقصوود ، وەکو دەلالەتی (قل هو الله أحد الله الصمد لم یلد ولم یولد ولم یکن له کفواً احـد) تۆ بڵێ واقیع ئـەوەیە زاتی خـودای تەتالا یەکـەو خودا مەرجیعو پەنا بۆبراوە، منداڵی نەبووەو لە کەسیش نەبووەو کەس هاو وێنەی ئەو نیە •

وە (اشارة النص) دەلالەتە لەسەر مەعنایەکی ڕاستی واقیعی وا کە دەلالەت لەسەری مەقصوود نەبێ ، وەکو دەلالەتی ئایەتی : (أحلّ لکم لیلة الصیام الرفث الی نسائکم) واتە : ڕەوادارە بۆ ئێوە لە شـەوی ڕۆژووی ڕەمەزاندا چوونەلای ژنەکانتان • کە ئەم ئایەتە بـە ئیشـارە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کەسێ لە ڕەمەزاندا ڕۆژی لێ بووەوە بـــە جەنابەتەوە ئەوە ڕۆژووەکەی دروستە چونـکی مادام هەموو ئەجـزای

شەو جێگەی نووستن بێ لەگەڵ ژندا ئەگەر کەسێ لە پێش بانگی سبەینێ بە چەند دەقیقەیەك ڕۆیشتە لای ژنەکەی ناتوانێ بێتە قەراغەوەو هەر لە شەودا خۆی بشۆرێ •

وە (دلالة النص) وەکو دەلالەتی ئەلفاظ لەسەر مەعنایێ وا مەقصوود بێو موساوی مەعنای لەفظ بێ یا بەرزتر بێ لەو ، وەکو دەلالەتی ئایەتی : (ولا تقل لهما أف) لەسەر ئەوە کە حەرامە لێیان بدەن ، یا سەریان بشکێنن ، یاخود قسەی بێشەرمیان لەگەڵدا بکرێ •

وە (اقتضاء النص) وەکو دەلالەتی ئەلفاظی نەص لەسەر مەعنایێ کە بە بێ ڕیعایەتی ئەوە مەعنای ئایەتەکە ڕاست نەبێ ، یا حوکمەکەی ڕاست نەبێ ، وەکو دەلالەتی : (واسأل القرية) لەسەر مەعنای : (واسأل أهل القرية) جا لەسەر ئەم تەقریرە ئەگەر حوکمێ دروستکرا لە عالەمی ئیسلامداو لە ئەلفاظی قورئانو حەدیث بە هیچ دەلالەتێ لەم چوار دەلالەتە مەفهووم نەبووو خاریج بوو لە ئیجماعی زانایانی دین ، هەروا لە ئیجتیهادی یەکێ لە موجتەهیدەکانی دەر نەچووبوو بە شێوەی (استصحاب) یا (استحسان) یا مەصالیحی مورسەلە ، وە یا بە حەقیقەت ، یا بەکینایەو مەجاز مەدلوول نەبوو بۆ ئایەتێ یا حەدیثێ ئەتوانین بڵێین : ئەو کارە بیدعەتەو گومراهی‌یە •

بەڵام ئەگەر شتێك پەیدا کرا لە ئیسلامدا کە (أدلە)ی شەرع شەهادەت بدا لەسەری وەکو ئەوە شوێنێ دروست بکەیت بۆ میوانخانە، وەیا بۆ شوێنی خوێندنی علوومی دین ، یا بۆ شوێنی ذیکری خودا ، یا بۆ نەخۆشخانە ، یا بۆ تەمێو تەربیەی ئینسانی نەزانو بێئاگاه لە واجبات ، یاخود کۆمەڵێ ئینسانی موسوڵمان ئامادە بکەیتو بیانبەی بۆ دروستکردنی خانوو بۆ بازێ هەتیوی داماو ، یاخود کەسێ شەرحی

ئەحـادیثی شەریفە بـکا ، یا تەفسیری قورئانی پیرۆز بـکا ، ئەمـانە هەموو بەر قەواعیدی عاممەی ئیسلام ئەکەون .

ئێمە تەماشا ئەکەین صەدری ئەووەڵ کـە کۆمـەڵی خولەفاو پێشینانی ئوممەت لە پاش وەفاتی حەزرەت ـ صلی الله علیـه وسلم ـ دوو جـار قورئانی پیرۆزیان گرد کردەوە ، جارێ بۆ پاراستنی نەفسی قورئانو جارێ بۆ پارازتنی لەهجەو قیرائەتەکەی . وە فەرموودەکـانی حەزرەتیان نووسییەوەو ئیعرابو سەرو بۆریان بۆ قورئانی پیرۆزکرد . هەروا عیلمی نەحوو صەرفو مەنطیقو بەلاغە = مەعـانیو بەیانو حەقیقەتو مەجازو تەشبیهو کینایەو ئیستیعارەیان داناو گەلێ علوومی بەسوود بۆ عالەمی ئیسلام . هەروا میجرابیان بۆ مزگـەوت دروست کردو بینای منارەو قوبەیان دامەزراند ، هەروا لە عالەمی ئیسلامـدا تەدریبی سوپای ئیسلام دامەزرا ، وە عومەری کوڕی خەططاب ـ رضي الله عنه ـ دەفتەری بۆ ئەفرادی سوپای ئیسـلام دروست کرد ، وە عومەرو عوسمانیش پاش وەفاتی ئەو لە پێش بانـگی جومعـەی ناو مزگەوت ئەمریان کرد بە بانگدان بۆ ئیخباری خەڵك . وە گـەلێ شتی تر لەوانە کـە دامەزراون لە وڵاتی ئیسلامدا ، وەکو صڵاوات دان لەسەر حەزرت ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە پاش . بانگەکان خوێندنی قورئان لەسەر مەحفەلەکـان لە ڕۆژی جومعەدا . وە خوێنـدنەوەی مەولوودنامەو میعراجنامەو تەسبیحات لە پاش نوێژەکانو حەلقەی ذیکرو تەهلیلەو مەجالیسی وەعظو ئیرشادو خوێندنی قورئان لـــە مەجلیسی تەعزیەدا ، یاخود قورئان خوێندنو ئیهدای ئەوابەکەی بۆ ڕوحی یەکێ یا جەمعێ لـە مردووان . ئەمانە هەموو دەلیلیان هەیەو ئیستیفادە ئەکرێ لە ئایاتو ئەحادیثی شەریفە . وە یاخود لەسەر یاسای مەصالیح لـــە

ئیسلامدا ئەمانە بە قەطعی ڕەوا نیە بە بیدعەت حسێب بکرێن ؛ چونکی ئەم شتانە خاریج نین لـە دین‌و ضددی قەواعیدو ئوصوولی ئیسلام نین ، بەڵـکو گەلێ ڕووناکن لەبەر چاوی موسوڵماندا حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : (علیکم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدین)وە فەرموویەتی : (ما رآه المسلمون حسنا فهو عند الله حسن)وە خـــودا فەرموویەتی : (ومـــن تطوع خیـــرا فان الله شـــاکر علیم)وە فەرموویەتی : (وما تقدموا لأنفسکم من خیر تجدوه عند الله هو خیـــرا واعظم أجرا) وە (ان شاء الله) لە مەولا لە فەصڵێکی موئستەبدا باسیان ئەکـەین‌و ئیسباتی ئەوە ئەکەین کـــە داخڵی یاســـای ئیسلامن‌و مەشـــروعن •

نووري بەیانی ئەهلی تەصەووف‌و ئەهلی طەریقەت

ئەو کەسە کە قورئانی پیرۆز بخوێنێتەوەو بە فیکرێکی تیژ بڕوانێ بۆ دینی ئیسلام باش حاڵی ئەبێ کـــە دین عیبـارەتە لـــە پەیوەندی‌و عەلاقەیەکی ڕاست لەگەڵ پەروەردگاری عالەمدا مەشغووڵ بوونـە بـە ذیکرو طاعەت‌و پاك‌کردنەوەی نەفس لە صیفاتی ناهەموار ، بۆ ئـــەوە بتوانێ عیبادەتی خالیص لە هەوا بکا بۆ خودای تەعالا • وە لـە گـــەلێ ئایەتدا ئەم مەوزووعە بەیان کراوەو مەنعی غەفڵەت لە ئینسانی کامیـل کراوە • خودا فەرموویەتی : (قد افلح من زکّیها وقد خاب من دسّیها) واتە : بەراستی ڕزگاربووەو ئەبێ ئەو کەسەی کە نەفسی خـــۆی پاك کردووەتەوە لە ڕەذائیل ، وە مەحرووم‌و بێ‌هرە بووە لە پیرۆزی کەسێ کە وانەفسی خۆی بە پیسی هێشتبێتەوە وەفەرموویەتی : (قد افلح من تزکی

وذكر اسم ربّه فصلّى) وه فەرموویەتی بە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ (ولاتكن من الغافلين) وه فەرموویەتی : (ولا تطرد الـذين يدعون ربّهم بالغداة والعشيّ يريدون وجهه) وه فەرموویەتی : (ولا تطع من اغفلنا قلبه عن ذكرنا واتبـع هـواه وكان أمـره فرطا) وه فەرموویەتی : (والذين جاهدو فينا لنهدينهم سبلنا وان الله لمع المحسنين) وه فەرموویەتی : (يا ايها الذين آمنوا اتقو الله وكونوا مع الصادقين) وه فەرموویەتی : (وما أمروا الاّ ليعبدوا الله مخلصين لـه الدين) وه فەرموویەتی : (يختص برحمته من يشاء) •

وه لەبەر ئەوه كـه ئوممەتی پێغەمبەر ـ صلی الله علیـه وسلم ـ چاكترین ئوممەتو ئەصحابەكانی حەزرەت باشتر ئینسان بوون لـه جیهاندا • چـەند كەسێ لە ئەصحابەكان لە عەهدی حەزرەتدا نەفسی خۆیان مەشغووڵ كرد بە زیادە تەقواو طاعەتەوە لەسەر ئەساسی پەیڕەوی كیتابو سوننەتو خودایش بە فەضلی خۆی دڵی ئەوانەی نوورانی كرد بە نەوعێ بوو بە ئاوێنە بۆ دڵی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ وه لەو ئەنوارو بەرەكاتە لە قەلبی موبارەكی ئەودا بوونو بەشدار بوونو ئیمانیان تەرەققی كرد بە نەوعێ بوون بە چرای تەنویر بۆ گـەلێ لـە ڕەفیقان • وه بەتایبەتی ئەبوبەكری صیدیقو ئیمامی عەلی كوڕی ئـەبو طالیب لەم بابەتەوە پێش كەوتن ، هەتا سەلمانی فارسی لـە ئەبوبەكری صیدیقەوەو قاسمی كوڕی موحەممەدی كوڕی ئەبوبەكر لە سەلمانەوەو جەعفەری صادیق لە قاسمەوە مونەووەر بوون ، هـەروا حـەسەنی بەصری لە حەزرەتی عەلیو حەبیبی عەجەمی لـە حەسەنو داوودی طائی لە حەبیبەوەو مەعرووفی كەرخی لە حەبیبەوەو (سري سقطی) لە مەعرووفو ئیمام جونەید لە سەرییەوە دڵیان نوورانی بووه • وه

ئاداب‌و یاسای ئەوانــە بەپەڕەوی قورئــان‌و حەدیث‌و دەوامی طــاعەت‌و ذیکرو عیبادەت بوو •

وە هەر کام لەو زاتانە ئادابێکی تایبەتی‌یان بوو لــــە عیبــــادەت‌و طاعەت‌و تەصفیەی دڵدا ، ناو ئەبرا بە طەریقەت ، واتە : ڕێگەی فلان‌کەس لــــە عیبــــادەتدا •

وە ئەم زاتانە لــــە ئەوەڵەوە لــــە قەڕنی یەکەمدا بوون ، جــــا تابیعەکــــانیان کەوتنە قەڕنی دووەم‌و قەڕنی سێهەم کــــە لــــە لایەنی حەزرەتەوە ـ صلی الله علیه وسلم ـ شەهادەت دراوە بەوانە کە ئەوانە باشترین ئەهلی قەڕنەکانن •

وە ئەم زاتانە هەموو ئەهلی قورئان‌و حەدیث‌و فیقهی ئیسلام بوون‌و هەموو ئەهلی عالەمی ئیسلام تەبەڕوکیان ئەکرد بە وەزعی ئــــەوان‌و شەهادەتیان ئەدا بــــە باشی بیروباوەڕو ئەحــــواڵ‌و ئەخلاقیــــان‌و ثبوتی ئیعتباری ئەوانە بووە جێگەی ئیجماعی عولەماو زانایانی عالەمی ئیسلام • وە لە عەینی حاڵدا بە واسیطەی دەوامی ذیکرو طاعەتەوە گــــەلێ کەرامات‌و ئاثاری جوانیان لێ دەرکەوت بە نەوعێ کە هەموو هوشیارێ بزانێ ئەوانە لە خالیصەو صەفوەی عیبادی خودا بوون‌و ئەو کەراماتانە ڕاست بوون‌و ئەو ئاثارە کە لەوانەوە دەرکەوتووە لەباتی حورمــــەت‌و ڕێزگرتنیان بووە لە لای خوداوە ، وەکو خودای تەعالا لە قورئاندا باسی کەرامەتی مەریەمی عەذراو (اصحاب الکهف واصحاب الرقیم)و ڕەفیقی حەزرەتی سولەیمان ـ علیه السلام ـ ئەکاو لە سورەی (جاثیة)دا خودا فەرموویەتی : (أم حسب الذین اجترحوا السیئات ان نجعلهم کــالذین آمنوا وعملوا الصالحات ســواء محیاهم ومماتهم ساء ما یحکمون) • بــە هەر حاڵ ئەو عەبدانە کە وا بە ئیخلاص عیبادەتی خودایان بەجێ بێنن

بــه دەوام وەکو بارانی بەهار ئەنوار بەسەر دڵیاندا ئەڕژێو گــەلێ کردەوەی خاریقیان لێ دەرئەکەوێ •

وە فەرقی ئەو کەرامەتانە لەگەڵ موعجیزەدا ئەوەیە کـــە ئەم ئەولیایانە داوای (نبوة)و ریسالەت ناکەنو پەیڕەوی خۆیان دەر ئەبڕن بە ذاتی پێغەمبەر ـ علیه الصلاة والسلام ـ •

وە ئـــەو زاتانە بوون بـــە هۆی بڵاوکردنەوەی دینی ئیسلامو دامەزراندنی دین لە دڵی موسوڵمانانداو موسوڵمان گەلێ ئیستیفادەیان کرد لێیان ، واتە عولەمای شەریعەت ئەحکامی دینیان ڕووناك ئەکردەوە بۆ ئوممەتی ئیسلامو ئەولیاکانی زەمانەیش بە فەیضی بەرەکات تەنویری دڵی موسوڵمانانیان ئەکرد بە نەوعێ شوبهە لە دڵیاندا نەدەما •

وە خودای تەعـــالا بۆ دەربڕینی پایەی ئەو زاتانە فەرموویەتی : (الا ان أولياء الله لا خوف عليهم ولا هم يحزنون)وە فەرموویەتی : (ان الذين قالوا ربّنا الله ثم استقاموا تتنزل عليهم الملائكة الاّ تخافوا ولا تحزنوا وابشروا بالجنة التى كنتم توعدون نحن اولياؤكم في الحيـــاة الدنيا وفي الآخرة ولكم فيها ما تشتهي أنفسكم ولكم فيها ما تدّعون) وە فەرموویەتی: (واتقوا الله ويعلمكم الله) وە لە حەدیثی قودسیدا وارید بووە ، وەکـو ئیمـــامی نەوەوی لـــە حـــەدیثی سیو هەشتدا ڕیوایـەتی کردووە : (قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ انّ الله تعالى قال من عادى لي وليا فقد أذنته بالحرب ، وما تقرّب اليّ عبدى بشيء أحبّ اليّ ممـا افترضته عليه ، ولا يزال يتقرب اليّ بالنوافل حتى أحبّه فاذا احببته كنت سمعه الذى يسمع به وبصره الذي يبصر به ويده التي يبطش بها ورجله التي يمشي بهــا ، ولئن سألني لأعطينّه ولئن استعاذ بي لأعيـذنّه • رواه البخـــارى) •

وە ئادابی ئەهلی تەصەووف ئیشتیغالە بە طاعەتو نەوافیـــل وەکو عەینی حەدیثە قودسی‌یەکە ، وە بەسە بۆ دەلیل لەسەر صیححەتی ئەعمالی ئەهلی تەصەووف وجوودی ئەهلی ذیکرو ئەصحابی (صُفَّة) لە عەهدی حەزرەتدا ـ صلی الله علیه وسلم ـ کە جارجار زۆرو جارجار کـــەم بوون • وە مەشغووڵ بوون بە تەقواو طاعەت • وە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ مەنعی نەکردوون ، بەڵـکو بە نەظەری ڕەحمەت تەماشـای کردوون •

وە ئەو کەسانە کە ئەهلی تەصەووف نیشانی موسوڵمانان ئـەدەن وەکو ڕەهبانانی مەسیحی‌و ئایەتی : (ورهبانية ابتدعوها ما كتبناها عليهم الاّ ابتغاء رضوان الله فما رعوها حق رعايتها وكثير منهم فاسقون) ئەکا بە دەلیل بۆ خۆی ، گەلێ بێ‌ئینصافەو بەیانەکەی دوورە لە عیلمو عەقڵو زانیاری بە چەند دەلیل :

یەکەم بە ظاهیری ئایەتەکە لەسەر ئیبتیداعی ڕەهبانییەت هـاتووە ، واتە ڕەهبانییەت دروست کراوەو لە دینەکـــەیان نـــە بووە ، بەڵام تەصەووف لە دینی ئیسلامدا لەسەر ئیعتباری نیهایەتی خشووعو ئەدەبەو بە جێهێنانی ئاداب بە صوورەتی شەرعی لەگەڵ دەواەی ئیتیباعی کیتـابو سوننەتدا • وە ئەو ذیکرو فیکرو تەهلیلو تەوحیدە کە عادەتە لە ناویاندا هەمووی سوننەتی ئیسلامە • وە ئایاتی ذیکرکردنو باسی ئەهلی ذیـــکر لە قورئاندا بە تەنیاو لەگەڵ کۆمەڵدا ، واتە بە فەردی ، یا لەگەڵ تەعاونو یارمـــەتی ، گـــەلێ زۆرن •

دووەم ڕەهبانییەت عیبارەت بووە لە ژن نەهێنانو دوورکەوتنەوە لە عائیلە ، بەڵام ئەهلی تەصـــەووف گەورەیان یا ئەتباعیان نەمانبیستووە تصووریان کردبێ لە ژنهێنانو حەدیثی :

(تناكحوا تناسلوا فانـي أباهي بكم الأمم ولو بالسقط) دەستووریان بووە •

سێیەم ئەو ئایەتە پیرۆزە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە خودا عالەمی ڕەهبانانی خۆش نەویستووە : چونکی ڕیعایەتی یاساکەیان نەکردووە بە حەقیقی ڕیعایەت ، واتە ئەگەر ڕیعایەتیان بکردایە هـەر چەند ئەصڵەکەی بیدعەت بووە ، بەڵام ئەبووە بیدعەتی حەسەنە ، بە دەلیلی ئاخری ئایەتەکە کە ئەڵێ : (وكثير منهم فاسقون) یانی : (قليل منهم صادقون) کە ئەوانەن ڕیعایەتیان کردووە • بە هەرحاڵ حەیفە کەرامەتی (اهل الله)و پیاوانی خودا بشکێنرێ بە بازێ خەیاڵاتی بێ ئەصڵو ئەساس • وە پێویستە لەسەر ظاهیری ئایەتو حەدیث بڕواو ئیحتیرامی هەموویان بگرێو ئەو بیروباوەڕی موسوڵمانانە لە زەمانی سابیقەوە تا ئەمڕۆ •

مەحەببەتی زاتی خودای تەعالا

لەمەو پێش وتمان ئیمان : تەصدیقو تەسلیمە ، وە تەسلیم عیبارەتە لە (انقياد واطاعة)و ڕەزاو مەحەببەت بۆ خوداو پێغەمبەرو هەرچی پەیوەندی زۆر بێ بە پێغەمبەروەو بە هۆی خزمەتی دینی ئیسلامەوە ، وە ئەوانەیش عیبارەتن لە ئەهلوبەیتی حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ و ئەصحابەکانیو ئیمامانی موجتەهیدی دینی ئیسلامو ئەو صاڵحانە کە تێکۆشیون لە ڕێگەی دیندا هەر کەس بەقەدەر ئەندازەی خۆی •

مەحەببەتی خودا بریتی یە لەوە باوەڕت بێ بەوە کە هەیەو مەوجوودەو ئەزەلیو ئەبەدیو تەنیایەو موحتاجو نیازمەند نیە بە کەسو

لەکەس ناچێ‌و وێنەی نیەو هەرچی صیفەتی کەماڵە هەیە بۆی‌و دوورە لە صیفاتی نەقص • وە لە کاری خۆیدا موختارەو هەر شتێ خواستی لەسەر بێ ئەبێ‌و هەرچی خواستی لەسەر نەبێ نابێ • وە کارەکـانی هەموو لەسـەر حیکمەتن‌و لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانترە • هــەر کـەس خودا یارمەتی بدا بە هیدایەت‌و شارەزاکردنی بۆ ڕێـگەی پیرۆزی ، ئەزانێ خۆی‌و غەیری خۆی لە ئادەمی‌زادو باقی گیان‌لەبەران‌و دارو گیـاو کانەکان‌و دەریاو دەشت‌و کۆساروو ئاسمان‌و ئەستێرەکان ، ئەمانە لـە زاتی خۆیاندا ڕامن بۆ هێزی خوداو مل‌کەچی تەصەڕوفـاتی پەروەردگـارن •

ئەم جیهانە جوانە بێ‌خاوەن نابێ‌و واجبە خاوەنەکەی زینـدوو زاناو تەواناو خـاوەن خواست‌و خواهش بێ ؛ چونـکە لـە نەبوونەوە شت لـە خۆیەوە نابێ بە بوونەوەر • وە ئەساسی بوونی ئەم عالەمەیش واجبە کەسێ بێ خاوەن دەستەڵات‌و کامیل بێ لە هەموو کارێـکدا ، ئەوەیش هــەر زاتی خودایە •

وە مەحەبەتی خوا بەمە ئەبێ یارمەتی دینەکەی بدەی‌و بە هەموو جۆرێ حەز بـکەی بەوە کـە ئەهلی جیهان ڕوویان لە فەرمانبەرداری ئەو بێ‌و پەیڕەوی پێغەمبەری خودا بـکەن لە هەموو کارێکدا ، وەکو خودای تەعالا فەرموویەتی :

(قل ان كنتم تحبّون الله فاتّبعوني يحببكم الله) •

کـە وابێ نیشانەی مەحەبەتی خودا ئیطاعەی شـەرع‌و دینی پێغەمبەری خودایە • جا هەر کەس لەسەر ئەم یاسا بڕوا ئەوە مەعنـای وایە مەحەبەتی خودای تەعالای هەیە •

داوا ئەکەین لە خودا ئەم صیفەتانەمان پێ بداو تەوفیقمـــان بـدا لەســـەریان •

مەحەببەتی پێغەمبەر ـ صلی اللہ علیه وسلم ـ

مەحەببەت مەیلی دڵە بۆ لای ئەوەی خۆشی ئەوێ ، وە ئەمـەیش گەلێ نەوعی هــــەیە •

وە لە مەحەببەتی پێغەمبەرە ـ صلی الله علیه وسلم ـ باوەڕت بێ کـە ئەو زاتە خاوەنپایە پێغەمبەری خودایەو خودا هەڵیبژاردووە بۆ ئەوە بێ بە چرای ڕووناککەرەوەی ڕێـگەی موسوڵمانو هـــەمیشە حورمەتی بـگریو بە گەورەی بزانیو زۆر صلاواتی لێبدا ، بە تایبەتی کاتێ کـە ناوی ئەبیسی ، وە پەیڕەوی بـکا لە عیبادەتو طاعـــەتی خوداداو ئەمرەکانی بە جێ بێنێو نەهیی لە هەرچی کردووە نەیـــکاو تێکۆشی بۆ ئەوە کە ئەخلاقی خۆی بباتە سەر ئەخلاقو ڕەوشتی ئەو ، وە ئەو قورئانە کـە نازڵ بووەتە سەری خۆشیبوێو ئەو سونـــەتو یاساو ڕەفتارە کە حەزرەت لەسەریان بووە بە قەدەر تەوانا جێبەجێیان بـکا • وە مەحەببەتی ئالو ئەهلو ئەصحـــابو یارانی ئەوی ببێ ، وە ئیمامانی دینو زانایانی شەریعەتو یاسای ئیسلامی خۆشبوێو هەمیشە خزمەتی دینەکەی بـکا بە قەدەر ئیمکانو مەحەببەتی قوڕای قورئانو حافیظانی حەدیثی شەریفی ببێ • (والحاصل) هەرچی قازانجی ببێ بۆ دین بیـکا بە قەدەر دەستەڵاتو خۆشیبوێو هەرچی موخـــالیف بی چـاری بـــکا • خـــودای تەعـــالا لـــەم بابەتەوە فـــەرموویەتی : (قل ان کان آباؤکم وأبناؤکم واخوانکم وازواجکم وعشیرتکم وأموال

اقترفتموها وتجارة تخشون كسادها ومساكن ترضونها أحبّ اليكم من الله ورسوله وجهاد في سبيله فتربّصوا حتى يأتي الله بأمره والله لا يهدي القوم الفاسقين) واته : ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو خەڵکە ئەگەر باوکەکانتان و کوڕەکانتان و براکانتان و هاوسەرەکانتان و هوزەکەتان و دارایی‌یەك کە پەیداتان کردووە و بازرگانی‌یەك کە ترستان هەیە لەوە زیان بکاو خانوو مەئوایێ کە پێی ڕازین خۆشەویستترن لە لای ئێوە لە خوداو لە پێغەمبەرو جیهاد لە ڕێگەی خودادا ، دەی ماتڵ بن و چاوەڕوان بن هەتا خودا فەرمانی خۆی جێ‌بەجێ ئەکا بەسەرتانداو خودا کۆمەڵی لە یاسای دین دەرچوو هیدایەت نادا .

خودا هەڕەشەی کردووە لەو کەسانە کە ئارەزووی ئەولادو ئەهل و عەشرەت و دارایی ئەدەن بەسەر مەحەبەتی خوداو پێغەمبەرو جیهاد لە ڕێگەی خودادا . وە ئەمەیان حاڵی ئەکا واجبە لەسەریان مەحەبەتی خوداو پێغەمبەر پێش بخەن لەسەر ئەم شتانە کە خۆشەویستن لە دونیادا .

وە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرموویەتی : (لا يؤمن احدكم حتى اكون احب اليه من ولده ووالده والناس اجمعين) واته : کەس لە ئێوە ئیمانی تەواو نابێ هەتا من خۆشەویستتر ئەبم لەلای ئەو لە کوڕو باوك و باقی ئادەمی‌زاد هەموویان .

وە فەرمووی بەو کەسەیش کە عەرزی کرد : من خوداو پێغەمبەری خودام خۆش ئەوێ : (انت مع من احببت) واته : تۆ وای لەگەڵ ئەوانەدا کە خۆشت ئەوێن ، یانی بەهرەی مەحەبەت بۆ پێغەمبەر ئەوەیە کە لە قیامەتدا لەگەڵ حەزرەتدا ئەبێ .

وە سڕی پێویستی ئەم مەحەبەتە، ئەمەیە : ئەگەر ئەم ڕەهبەرە گەورە نەبوایە ئادەمیزاد لەسەر باری نەزانیی‌و بێ‌موبالاتی بە پەروەردگار ئەمایەوە • وە ئینسان کە ڕەهبەرێکی ڕاستی نەبێ سەرگەردانە، بۆ میثال ئادەمیزاد لە پێش ڕەوانەکردنی حەزرەتی (محمد المصطفی)دا ـ صلی الله علیه وسلم ـ جانبی خۆرهەلاتی ئاسیا یا بتپەرست بوون، یا ئاگرپەرست، وە بەتایبەتی ولاتی فارس‌و کوردستان هەمووی ئاگرپەرست بوون‌و بە دەوری ئاگردا هەلئەسوڕان جارجاریشیان گمێزیان پێدا ئەکرد • وە جانبی خۆرنشین بتپەرست بوون، ئەوانیش بە دەوری بتەکاندا هەلئەپەڕین • وە بە پیرۆزی هاتنی پێغەمبەرەوە ـ صلی الله علیه وسلم ـ ڕوویان کرد لە عیبادەتی خودای تاق‌و تەنیای زیندووی زانای تەوانای شنەواو بینا • وە بە هۆی قورئانی پیرۆزەوە ڕوویان کرد لە زانیاری‌و ماریفەت‌و یاسای کۆمەلایەتی‌و صیلەی ڕەحم‌و میهرەبانی لەگەل یەکدا • وە یاسای عەدالەت لە جیهاندا دامەزراو یاسای ذیکرو یادی خوداو نوێژو ڕۆژوو زەکات‌و حەج بەرقەرار بووەوە گەورەو بچووکی‌یەکی موناسب‌و بەسوود لە ناو ئادەمیزاددا بەرپابوو، (والحاصل) ئادەمیزاد پاش وێرانی دونیا بە ستەم‌و نەزانی کەوتە مەیدانی علم‌و صەنعەت‌و طاعەت‌و ڕیعایەتی حقووقی فەردی‌و ئیجتیماعی، وە هەتا ئەم یاسایانە بەجێ ئەهێنران عالەم لە ئاسایشدا ئەژیان •

ئیستە کە جیهان بەو جۆرە نیە لەبەر ئەوەیە کە ئەو یاسایە بەجێ نایەت‌و بێگانە سەری لە موسولمانان شێواندووە، ئەگەرنا دینی ئیسلام هەمیشە خزمەتی زانیاری‌و حقووق‌ڕاگرتن‌و پیشەوەری‌و کارکردن ئەکا • بڕوانن : ئەگەر یاسای زەکاتی دارایی لە پارەو زێڕو زیوداو لە

بازرگانیـداو لـه کشت‌وکاڵو حەیواناندا جێ‌بەجێ ئەکرێ بە قـەطعی داماو نامێنێ • وە ئەگـەر یاسـای عـەداڵەتی ئیسلام بەجێ بێت هیچ کەسێ بە دەردی ستەمی ستەمکار ناتلێتەوەو کەس نامەردی ناکـا لەگەڵ کەسدا (والحاصل) ئەم دینە کە حەزرەتی پێغەمبەر هێناویەتی مایەی ئاسایشی دونیاو قیامەتە • جا لە جەزای ئەم خزمەتەدا واجبـە ئیمسان ئەو پێغەمبەرەی بە دڵ خۆش‌بوێ •

وە لە مەحەببەتی حەزرەتە ـ صلی اللّٰه علیه وسلم ـ بە گـەورەی بگرین‌و بە ئەدەب ناوی ببەین‌و بانـگی بکەین ، خودا فەرموویەتی : (یا ایها الذین آمنوا لا ترفعوا أصواتکم فوق صوت النبيّ ولا تجهروا بالقول کجهر بعضکم لبعض أن تحبط اعمالـکم وانتم لا تشعرون) •

واتە بانگ‌کردن لە حەزرەتی موحەممەد ـ صلی اللّه علیه وسلم ـ لە ناو خۆتان مەیکەن بە بانگ‌کردنی بازێکتان بە ناوی ڕووت ، یا بـە بێ‌ئەدەبی ، یا بە دەنـگی بەرزی نەکا کردەوە چاکەکانتان سقووط بکاو جەزایان نەمێنێ لەحاڵێکدا ئێوە بە خۆتان نەزانن • واتە بە ئەدەب بڵێن : (یا رسـول اللّه) •

صەڵاوات‌دان لە حەزرەت ـ صلی اللّٰه علیه وسلم ـ

وە لـە مەحەببەتی حەزرەتە ـ صلی اللّه علیه وسلم ـ صەڵاوات‌دان لە حەزرەت ، ئەمما لە ناو نوێژەکـاندا ئەوە یا واجبن یا سونـنـەتی موئەککەدەن ، وە ئەمما لە غەیری نوێژدا ئەوە لەبەر ئەوە کە لە یاسای دینەو ئەدەبێکەو خودا ئەمری پێ کردووەو فەرموویەتی : (ان اللـه وملائکته یصلّون علی النبيّ یا أیّها الـذین آمنوا صلّو علیه وسلّموا تسلیما) واتە : بەڕاستی خوداو مەلائیکەتەکانی خودا صەڵاوات ئـەدەن

لەسەر پێغەمبەر ، جا ئەی کەسانێ کەوا ئیمانیان هێناوە بــە خـــوداو پێغەمبەری خودا صلاوات بدەن لەسەر حەزرەتو سەلامی لێ بـکەن بە سەلام کردن •

کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوار ئەصحابەکان عەرزی حەزرەتیان کرد: ئێمــە ئەزانین سەلامت لێ بکەین ، بەلام صلاوات لێــــدان چلۆنە ؟ فەرمووی : بلێن : (اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كمــا صليت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم في العالمين انك حميد مجيد) وە چـەند ڕیوایەتی تر هــەیە لــە صلاواتدان لەسەر حەزرەت ـ صلى الله عليــه وسلم ـو گەلێ فەرموودەی حەزرەت هەن لە بەیانی ئەجرو ثــەوابی صلاواتدا کە لە کتێبی ئەحادیثو ئەذکاردا بەیان کراون فەرموودەی حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ هەیە لەسەر ئەوە هەر کەسێ تاقــە صـــلاواتێ بدا لــە سەر حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ خودای تەعالا دە خێری بۆ ئەنوسێ • وە فەرموودەی هەیە لەسەر ئەوە هەر کەسێ لە شەوو ڕۆژی جومعەدا صلاوات بدا لە حەزرەت ـ صلى الله عليــه وسلم ـ بە ئەمری خودا مەلائیکەیێ ئەڕوا ئیخباری حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ ئەکا کە فلان کەسی کوڕی فلان کەس ئەم صلاواتــەی خوێندووەو تەقدیمی تۆی کردووەو ئەویش وەلامی ئەداتەوە •

وە گەلێ صەلاواتی وا هەن بە بەراوردی ئەهلی دین قازانجیـــان زۆرە بۆ چـاری موشکیلاتی ئادەمیزاد لە دونیادا ، وە ئەگــەر هەر بۆ ڕەزای خودا بخوێنرێن باشترە •

باسی صلاواتدان له حەزرەت له پاش بانگەکان

له زەمانی فەرمانڕەوایی مەرحووم (صلاح الدين الايوبي)ەوە یاخود له زەمانی حکوومەته چەرکەسەکان پاش (صلاح الدين) کراوە بە عادەت کە (مؤذن) له پاش بانگەکان ـ غەیری نوێژی مەغریب کــــە کاتی کەمو کورته ـ سێ جار صلاوات لەسەر حەزرەت ـ صلی اللـــه علیه وسلم ـ ئەدەن • وە بازی کەس وتویانە : ئەمە باش نیەو بیدعەتەو زیاد کراوە له دیندا • بەڵام ئەو کەسە ئەم قسەیە کردووە ، یا ئەیکا ، بە هەڵەدا ڕۆیشتووە لەبەر چەند دەلیل :

یەکەم صلاواتدان لەسەر حەزرەت ـ صلی الله علیـــه وسلم ـ ئەمری پێکراوە بە ئەمرێکی موطڵەق ، واتە ئەمرەکە نە بەسراوە بـــە بازێ کاتو بازێ شوێنەوە • وە یاسای دینی ئیسلامو ئوصوولی فیقهی ئیسلام وایە هـــەر ئەمرێ کـــە موطڵەق بێ له هـــەر کاتو شوێنێکدا جێبەجێ بـکرێ سوننەتەو بە بیدعەت ناژمێرری ، مەگەر بەتایبەتی لـــە لایەن حەزرەتەوە نەهیی کرابێ لەو شتە (مأموربه)یە لـــە کـــاتو شوێنێـــکی خاصـــــدا •

وە ئیمامی نەوەوی کـــە یەکێکە له فوقەهاو موحەددیثن ئـــەم فەرموودەیە فەرمووە له کتێبی (المجموع)دا •

وە قسەی ئەو برایە له قەبیلی ئەوەیە هەر چەند صـــەدەقەو ئیطعامی طەعام سوننەتە ، ئەگەر کەسێ کردی بە عادەت هەموو ڕۆژێ چوار کەسی دانا له شوێنێکی تایبەتیداو نانو چێشتی پێدان ، بڵێ : ئەم ئیطعامی طەعامە بیدعەتە ؟ چونـکی بەو شێوەو حاڵە بۆ چـوار کـەس چوار کەس نەبووە له دینی ئیسلامدا له زەمانی حەزرەتدا ـ صلی الله

عليه وسلم ـ ، يا موسولمانێ هـەموو ڕۆژێ شەش قورئانخوێن دابنێ قورئان بخوێننو ئەویش گوێیان لێبگرێ ، کابرا بڵێ : ئـەم کــاره خیلافی شەرعە ؛ چونکی بەم شێوه قورئان نەخوێنراوه •

ئەمانە هەموو بێخەبەرین لە یاسای ئیسلامو لە ئەحکامی موطلەقو ئەحکامی موقەییەده ، حەیفە ئینسان بە بێ دەلیلی شەرعی کــاری خێر ڕەد بــکانەوه •

دووەم حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : مــا رآه المسلمون حسنا فهو عند الله حسن) واته : ئەو کارەو ئەو وتاره کە خوێندەوارانی موسوڵمان بە جوانی بزانن ئەوه لە لای خودا وا جوانە •

وه ئەم صەڵاواتدانە (تقریبا) هەشت صەد ساڵە لە عالەمی ئیسلامدا لە ئەغلەب جێگەدا هەیەو مەنع نەکراوه ، تا لەم ئاخر زەمانەدا کــه کاتی دوورکەوتنەوەیە لە باسی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئـەم مەنعـه هاتووەتە ناوەوه •

جا ئەگەر ئەو صەڵاواتدانە بە شێوەی ئیجماع پێی ڕازی بوون ئەوه بوو بە ئیجماعی ئوممەتو ئیجماعی ئوممەت بۆ هەموو کــاتێ ئەکرێ بە دەلیلی شەرعی لەسەر جەوازی (مجمع علیه) • وه ئەگــەر بە (اکثریة)، دووباره جوانە ؛ چونـکی حەزرەت ـ صلی الله علیـه وسلم ـ فەرموویەتی : (واذا رأیتم الاختلاف فعلیکم بالســواد الأعظم) واته : کاتێ ئیختیلافتان چاو پێکەوت بکەونە شوێنی کۆمەڵی گەوره • وه لە بازێ ڕیوایەتدا ئەفەرموێت : چونـکی گورگ مەڕی لە ڕانتازبوو ئەخوا • وه لـه موسنەدی ئیمامی ئەحمەددا ـ رضي الله عنـه ـ چـەند ڕیوایەت لەم بابەتەوه هەیە ، یەکێکیان ئەمەیە : (الاثنان خیر مــن

الواحـــد) وە یەکێکیان ئەوەیە : (الثلاثة خیر من الاثنین) وە یەکێکیان ئەمەیە : (الأربعة خیر من الثلاثة) بیناٸەن عەلەیهی وەجهەو دەلیلێ نیە بۆ ئەو کەسە بەرابەر بەو صلاوواتە موبارەکە قسە ئەکا • وە ئەگـــەر حەدیثێکی لە لا هەیە کە ناهیو مانیع بێ فەرموو ڕیوایەتی بکا تا بە ڕۆح وەری بگرینو مەمنوونی ببین لەسەر ئەومەنعە •

سێیەم کەس نالێ : ئەو صلاووات‌دانە واجبە ، تا بلێ : ئەی بۆچی ئەصحابەکان نەیان کردووە ؟ وە نالێین : سوننەتی موئەککەدەیە ، هـەتا بلێیت : ئەی بۆ ئەوان بەجێیان نەهێناوە ؟ بەلـکو ئەلێین ئەو صلاواتە لەو کاتو شوێنەدا بەر ئەمری موطلەق ئەکـەوێو لای کـەمی ئەوەیە لــە نەوافیلو سوننەتی غەیرە موئەککەدە بێ ، خۆ شەرت نیــــە هـــەموو سوننەتێکی غەیرە موئەککەدە ئەو ئەصحابانە تەطبیقیان کردبێ ، لــــە حالێکدا ئەوان شەوو ڕۆژ ماندوو بوون بە دینەوەو مەشغوولی جیهـــادو دیفاع بوون لــە ئیسلام •

عەلاوەی ئەم باسانە ئێمــە لــە پێشەوە قەرارمان دا کــە ئیجتیهـاد بە دەلیلی شەرع ثابیت بووە کــە ڕاستەو حەققەو لە دینی ئیسلامـــە ، دەی لــەم ڕۆژەدا ، یا لە صەد ساڵ ، یا شەش‌صەد ساڵ لەمـــەو پێش عالمە گەورەکان فەرمووبێتیان : عالەم گەلێ غافڵ بوون لە مەحـــەبەتی حـــەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـو لـــە ماڵەوەو دەرەوەو بازاڕو دەشت‌ودەر ئەنواعی لەهو لەعبو گاڵتەو غەفلەت لە عالەمی ئیسلامـــدا دائیر بووە ، با لە پاش بانگەکانەوە سێ صلاوات بدرێن لـــە پێغەمبـەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ گەلێ ئیحسانەو بەجێیە •

ئەم جۆرە ئیجتیهادە چ مانعێکی تێدایە (مع العلم) بەرابەر بـــە دیفـاعی حەسسانی کوڕی ثابیت لە شەرەفی حەزرەتو ئەصحابەکان ،

حەزرەت فەرمووی : (بأبي انت وأمّي يا حسّان ، اللّهم ايّـده بروح القدس) بە هەر حاڵ ڕجایە لەم مەوزووعانەدا موراجەعـەی کتێبـە گەورەکان بـەن‌و بە بێ‌ئینصافی مەنعی بازی کاری شەرعی نەکەن .

خوێندنەوەی مەولوودنامەو میعراج‌نامە لە ناودا

بزانن موافیقی نەصصی حدیثە پیرۆزەکان : (وايّاكم ومحـدثات الأمور فان كل بدعة ضلالة.ومن أحدث في ديننا هذا ما ليس منه فهو ردّ) وە بینا لەسـەر ئەو بەیانە کـە لەمـەو پێش نووسیمان بە ئاشـکرا دەر ئەکەوێ کـە خوێندنەوەی مەولوودنامەو میعراج‌نامـەو قەصـائیدو ئەشعارو مەدائیحی نەبەوییەو وێنەی ئەوانەو دروست‌کردنی چێشـت‌و نان بۆ موسوڵمانان‌و دەربڕینی شادی‌و فەرەح ، هەموو ئەمـانە موافیقی شەریعەتی ئیسلامن‌و کەم‌و زۆر خیلافیان تێدا نیە ؛ لەبەر ئەوە ئەم نەوعە ڕەفتارە چەند شتێکی تێـدایە :

یەکەم خوێندنەوەی مەوزووعی لە دایک‌بوونی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ هەتا ناو بۆ دانانی لە مەولوودنامـەدا‌و بەیانی ئەو موژدەو بەشارەتانە کـە لەو سەردەمەدا دەر کەوتوون ، هـەروا خوێندنەوەی ئایات‌و ئەحادیثی (اسراء ومعراج) ئەمانە هـەموو لـە خالیصەی دینی ئیسلامن‌و لەوانەن کـە واجب بێ لەسـەر زانایانی سیرەتی نەبەویی بێگێڕنەوە بۆ موسوڵمانان ، هەتا لە تاریخی سـیرەتی حەزرەت‌و بەسەرهاتیدا ئاگادار بن . وە چین لە دوای چین موسوڵمانان بەو باسـانە دڵ‌ڕووناک بن ، بەتایبەتی منداڵەکان‌و ئەوانە کـە ئـەو باسانەیان نەبیستووە ، بەڵـکو سـاڵ بەسـاڵ دووبارە بکرێنەوە بۆ جێگەگرتنی ئاثاری گەورەیی حەزرەت لە دڵی موسوڵمانانـدا .

وە دەلیل لەسەر ئەمە فەرموودەی خودایە (وذكر فان الذكرى تنفع المؤمنين) واتە : هوشیاران ئاگادار بکە بە پەندو دەرزو ئامۆژگاری دینی لە باسی خوداو پێغەمبەرو ئەصڵو فەرعی دینەوە ؛ چونکی ئەم نەوعە ئاگادارکردنەوەی موسوڵمانانە سوودی باش ئەدا بە خاوەن ئیمانەکان •

وە موحەققیقین لە زانایانی دین ئەڵێن : واجبە لەسەر ئەو کەسانە خاوەن علمو ماریفەتن لە تاریخی سیرەتی حەزرەتدا ـ صلی اللە علیه وسلم ـ مەخلووق حاڵی بکەن تا لەسەر بەصیرەتو چاو ڕووناکی بن لە دینداو بەصیرەت پەیدا بکەن ، وەکو خودا فەرموویەتی بە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ : (قل هذه سبيلي ادعو الى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني) وە لەسەر دەلالەتی ئەم ئایەتانە ئەوە لە مەولوودنامەو میعراج نامەو باقی موناسەباتدا ئەوترێن لە مێژووی ژیانی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە موهیمترینی موهیماتی ئیسلامو لە واجباتی ئینسانی موسوڵمانە •

دووەم خوێندنەوەی ئەناشیدی شادمانی لەبەر ئەوە کە ئەبێ بە هۆی تەعظیمی حەزرەتو دامەزراندنی مەحەبەتی لە دڵی عالەمدا ، وەکو عەینی باسی نەفسی بەسەرهاتی مەولوودنامەو میعراجنامە کەیەو لە موهیماتی ئیسلامە •

سێیەم ئەو ئیطعامی طەعامەو ئەو شەربەت نۆشاندنە بە موسوڵمانان لە صەدەقاتی ئیسلامەو لە ئەهەممی خێراتە • وە لە ئایەتو ئەحادیثی بێژمارەدا ئیطعامی طەعام ئەبێ بە هۆی کەفارەتی گوناهو بەرزکردنەوەی پایەی ئەو کەسانە کە هەڵئەستن بەم خێراتە •

چوارەم ئەگەر ئێمە تەماشای صەحیحی بوخاری‌و موسلیم بکەین کە ڕاگرتنی ئیحتیرامی حەزرەت‌و باسی بەسەرهاتی مەولوودو میعراجی موبارەکی لە خالیصەی ئیسلامیەتە ؛ چونکی لە موسنەدە بە ئیعتیبارەکاندا هەیە : کاتێ حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ تەشریفی هاتە مەدینەی مونەووەرە ئاگادار بوو لەسەر ئەوە کە جوولەکەکان لە ڕۆژی (عاشورا) دەیەمی مانگی موحەڕەمدا بە ڕۆژوو بوون ، حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ پرسیاری کرد لێیان لە سەبەبی ڕۆژووەکەیان لەو ڕۆژەدا • ئەوانیش عەرزیان کرد لەم ڕۆژەدا خودا فیرعەونی لە دەریای نیلدا خنکاندو حەزرەتی مووساو بەنی ئیسرائیلی ڕزگار کردو ئێمە لە شوکرانەو سوپاسی ئەو نیعمەتەداو لە شادی ئەو ڕێکەوتە پیرۆزەدا بە ڕۆژوو ئەبین • لەوێدا حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرمووی : (نحن أولى بموسى منكم) واتە : ئێمە نزیکترین لە ئێوە نیسبەت بە مووسا ؛ چونکی ئەو پێغەمبەرە ئێمەیش پێغەمبەرین •

دەر ئەکەوێ لەم تەقریری حەزرەتە ـ صلی الله علیه وسلم ـو لەم ڕەزایە بەو کارە کە ئەو ڕۆژووەو ئەو شادیانە لەسەر ئەو موناسەبە مەشرووعەو ئەویش هاوبەشی کردووە لە شادی واقیعەکەدا • وە لەمەوە دەر ئەکەوێ کاتێ ئوممەتی حەزرەت شادیانەی لە دایك‌بوونی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ یا شادیانەی ئیسراو میعراج بکەن حەققەو ڕاستەو پیرۆزە ، بەڵکو ئەگەر شادیانەی سەر دەمی بوونی بە پێغەمبەر ، یا ڕزگاربوونی لە کافران‌و کۆچی بۆ مەدینەی موونەووەرە، یا شادیانەی فەتحی واقیعەی بەدر ، یا فەتح‌و گرتنی شاری مەککەی موکەڕەمە بکەن ، هەموو ئەمانە بە شەرع ڕەوان‌و موسوڵمان لەسەر بەجێهێنانی ئەو یادگارانە خێرو ئەوابی پێ ئەگات ، بەڵکو ئەم فەرموودەی

حەزرەتە ـ صلى الله عليه وسلم ـ دەلیلێکی ڕووناکی مەقبوولو مەعقووڵە بۆ موناسەبەی مەولوودو میعراج •

لەم بەیانەوە دەر کەوت بە قەطعی دروست نیە بەم جۆرە یادگارانە بڵێین : بیدعەت ؛ چونکە بیدعەت ئەوەیە لە دین وەرنەگیرێو کارێ بێ دژی یاسای ئیسلام بێ ، وە ئەم موناسەبانە هەموو ئادابو ئەرکانەکانیان موافیقی شەریعەتی ئیسلامن ، وە ئەگەر لەبەر ئەوە ناوی وەها ببرێ ، چونکی ئەو هەیئەتو شێوە بە مەجمووعی وارید نەبوون لە ناو موسوڵماناندا لە صەدری ئیسلامدا ، ئەوە پێویستە ئەگەر کەسێ هەموو مانگێ خواردەمەنی دروست بکا بۆ فەقیرانی دێو بانگیان بکا تا نانەکەیان بخۆن ، کارەکەی ناو ببرێ بە بیدعەت ؛ چونکی شێوەی نانەکەی لە هەموو مانگێکدا وارید نەبووە•

یا کەسێ هەموو زستانێ صەد جووت کەوش بکڕێ بۆ صەد هەتیوو گردیان بکاتەوە بیدعەت بێ ؟

یا کەسێ هەموو ڕۆژێکی جومعە نان دروست بکا بۆ دە قورئانخوێن هەتا سوورەتی (الكهف) بخوێنن کارەکەی بیدعەت بێ ؟

بە ڕاستی ناشیرینیو ناڕەوایی ئەم قسانە کە برێ ئینسان ئەیکەن یا کردوویانە لە تام دەرچووەو خاریجە لە یاسای دینی ئیسلام ؛ چونکی کردەوەی باشی دینی ئیسلام ، یا واجباتە ، یا سونەتی موئەککەدە ، یا سوننەتی غەیرە موئەککەدەیە ، وە هەر کام لەمانە لە هەر شوێنێو لە هەر کاتێکدا بکرێن با ئەو جۆرە ڕەفتارەیش بەو شێوە نە کرابێ لەوەوبەر هەمووی هەر شەرعیو دروستە • وە باوەڕناکەم هیچ موسوڵمانێکی عاقڵ ئینکاری ئەمە بکا ، وە ئەگەر کەسێ مەنعی بکا **ئەوە شێتە •**

ماوەتەوە ئەوە بۆچی لە وتاریٚ بازیٚ زانادا هەیە ئەو کەلیمەیانەیان بەکارهێناوە بۆ ئەم جۆرە خێراتە ؟ جوابەکەی ئەمەیە : مەبەستی ئـەوە بووە کـە بەو شێوە لە زەمـانی قەدیمـدا نە بووە ، هەر چەند ئەو کارە واجب ، یا سوننەتی موئەککەدە ، یا غەیرە موئەککەدە بیٚ •

(والحاصل) هەر کاریٚو هەر وتاریٚ کە دەلیلیٚ لە دینی ئیسلامدا بیٚ لەسەری ، خواە واجب بیٚ ، یا سوننەتی موئەککەدە ، یا غـەیرە موئەککەدە ، وە ئەو واجبو سوننەتە لـە نەصصی ئایەتو حـەدیث ، یا لە ئیجماعی ئوممەت ، یا لە ئیجتیهادی موجتەهید وەرگیرابیٚ ، ئـەوە موافیقی شەریعەتی ئیسلامەو ڕەوایەو پیرۆزە ، خوای ئەو شێوە وەختی خۆی بووبیٚ یا نە بووبیٚ ، وە بە قەطعی دروست نیە پێی بلٚێیت بیدعەت ؛ چونـکی بیدعەت ئەوەیە ضددی دینی ئیسلام بیٚو لەگـەلٚ نصووصو یاسای ئیجماعو ئیجتیهاددا ڕێك نەکەویٚ •

وەکو لـە پێشەوە باسمان کردو بە ڕووناکی دەرکەوت بیـدعەت ئەوەیە دژی دین بیٚو نەهیی لیٚکرابیٚ لەبەر فەسادی ذات ، یا فەسادی صیفەتیکی لازم بۆ ئەو ذاتە ، وەکو نوێژی نیوەڕۆ بە بیٚ دەسـنوێژ ، یا پشتەو قیبلە ، یا لەگەلٚ زیادی ڕکاتێکدا ، تا بیٚ بە پێنج ڕکـات ، یا وەکو نوێژ لە کاتانەدا کە بە بیٚ سەبەب حەرامن •

عەلاوە لەمانە کارێـکی دائیر لە عالەمی ئیسلامدا لـە تاریخی شەش‌صەدو کسووری کۆچیوە تا ئیستە کە هەشت صەد سالٚ ئەکا کـە هەموو موسولٚمانانو زانایانی ئیسلام پێی‌ڕازی بووبن ، وە یا (فرضاً) زۆربەی موسولٚمانان پێی‌ڕازی بووبن ، واجبـە ئەوە بە مەشرووعو مەقبوولو بە کاری ئیسلامی تەماشای بـکەین •

وە بۆ ئەو موناسەباتە هەتا موسوڵمانان گـــەورەو بچووك زۆرتر حازربن باشترە ، بە مەرجێ كـــە كەسێ ببێ یاسایەكی مەشــــرووع ڕابـــگرێو مەیدانی كاری خیلافی شەرع نەدا ، بەم جۆرە شوێنی ژنان لە پیـــاوان جیـــا بێو فەرمانی لەهوو لەعبو لەغوەی تێدا نەبێو هەموو بە دڵ لەو دەرزە پیرۆزانە ئاگادار بنو سوودیان لێ وەربگرن .

ئەو عیبارەتانە كە بەكار بێن لە صلاوات‌داندا

ئەمما ئەو لەفظانە كە واریدن لە صلاوات‌دان لەسەر حەزرەتــدا ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەوە گەلێ زۆرن ، وەكو موحەددیثەكـــان ڕیوایەتیان كردووە ـ ڕەحمەتی خودایان لێ بێ ـ (فعن أبي حميـــد الساعدي ـ رضی الله عنه ـ انهم قالوا : يارسول الله كيف نصلي عليك ؟ فقال : قولوا اللهمَّ صلِّ على محمد وازواجه وذرِّيته كما صليت على آل ابراهيم وبارك على محمـــد وازواجـــه وذريتـــه كما باركت على آل ابراهيم انك حميد مجيد) .

ئەم حەدیثە بەم ڕیوایەتە بوخاری لە دەعەواتدا ڕیوایەتی كردووە وە موسلیم لە صەلاتداو نەسائی لە سونەنداو ئیبنوماجە لە صـــەلاتدا . تەماشای (دليل الفالحين) بكە رەقەم ٧/٢٢٤ و (مشكاة المصـــابيح) ١/٢٩٠ .

(وفي رواية مالك عن ابى مسعود البدرى قال : قولوا : اللهم صل على محمد وعلى آله كما صليت على آل ابراهيم وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على آل ابراهيم في العالمين انك حميـــد مجيـــد والسلام . كما قد علمتم . أي : انه جملة السلام عليك أيّها النبيّ ورحمه

الله وبركاته . في التحيات . اخرجه مسلم في الصلاة والترمـذي في التفسير ، من سننه . وابو داود ، في كتاب الصلاة ، من سننه .

وفي رواية كعب بن عجرة : اللهم صل على محمد وآل محمـد كما صليت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم ، وبارك على محمد وآل محمد كما باركت على ابراهيم انك حميد مجيد .

وعن عقبة بن عمرو في حديثـه : اللهم صلّ على محمد النبيّ الأمّي وعلى آل محمـد .

وفي رواية ابي سعيد الخدري : اللهمّ صل على محمد عبـدك ورسـولك .

وعن زيد بن عليّ بن الحسين عن ابيه علي بن ابي طالب قـال : عدّهن في يدي رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وقال : عدّهن في يدي جبريل ، وقال : هكذا نزلت . أي : كلمات الصلوات من عند ربّ العزة : اللهم صلّ على محمد وعلى آل محمد كما صلّيت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم انك حميد مجيـد . اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم انك حميـد مجيد . اللهم وترحم على محمد وعلى آل محمد كما ترحمت على ابراهيم ، انك حميد مجيـد . اللهم وتحنن على محمد وعلى آل محمد كما تحننت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم ، انك حميد مجيد . اللهم وسلم على محمد وعلى آل محمد كما سلّمت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم انك حميد مجيد . رواه ابو داود في سننه ١/٢٢٥ وفي مشكاة المصابيح ١/٢٩٤ .

وعن ابي هريرة ـ رضي الله عنه ـ عن النبي ـ صلى الله عليـه وسلم ـ من سرّه ان يكتال بالمكيال الأوفى اذا صلّى علينا اهـل البيت

فليقل : اللهم صل على محمد النبي وازواجه أمّهات المؤمنين وذريتـه وأهل بيته ، كما صليت على آل ابراهيم انك حميد مجيد .

ومعنى (عدهن) أي : كلمات الصلوات في يدي كعـد الفلوس في يد شخص ، وهذا كناية عن ضبط الكلمات .

وفي رواية زيد بن خارجة الانصاري : سألت النبيّ - صلى الله عليه وسلم - كيف نصلّي عليك ؟ فقال : صلّوا واجتهدوا في الدعـاء ثم قال : قولوا : اللهمّ بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم ، انك حميد مجيد .

وعن سلامة الكندي : كان علي - رضي الله عنه - يعلّمنا الصلاة على النبيّ - صلى الله عليه وسلم - : اللهم داحي المدحوّات وبارىء المسموكات اجعل شرائف صلواتك ونوامي بركاتك ورأفة تحننك على محمد عبدك ورسولك الفاتح لما اغلق والخاتم لما سبق ، والمعلن الحق بالحق والدامغ لجيشات الأباطيل ، كما حُمِّلَ فاضطلع بامرك لطاعتك، مستوفزا في مرضاتك ، واعيا لوحيك ، حافظا لعهدك ، ماضياً على نفاذ أمرك حتى أورى قبسا لقابس ، آلاءُ الله تصل باهله اسبابَه ، به هديت القلـوب بعد خوضات الفتن والاثم وابهج موضحات الأعـلام ونائـرات الأحكام ومنيرات الاسلام ، فهو أمينك المأمون وخازن علمك المخزون وشهيدك يوم الدين وبعيثك نعمة ، ورسولك بالحق رحمة . اللهم أفسح له في عدلك واجزه مضاعفات الخير من فضلك مهنّئات له غير مكدّرات من فوز ثوابك المحلول وجزيل عطائك المعلول . اللهم أعل على بنـاء الناس بنـاءه ، واكرم مثواه لديك ونزله ، واتمم له نوره ، واجزه مـن انبعاثك له مقبول الشهادة ومرضيّ المقالة ، ذا منطق عدل وخطّة فصـل وبرهـان عظيم .

وعنه أيضا في الصلاة على النبيّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ : ان الله وملائــكته يصلّون على النبيّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ لبّيك اللهم وسعديك صلوات الله البرّ الرحيم والملائكة المقربين ، والنبيين والصديقين والشهداء والصالحين ، وما سبّح لك من شيء يا ربّ العالمين على محمد بن عبدالله خاتم النبيّين وسيد المرسلين وامام المتقين ورسول رب العالمين الشاهد البشير الداعي اليك باذنك السراج المنير ، وعليه السلام •

وعن عبدالله بن مسعود : اللهم اجعل صلواتك وبركاتك ورحمتك على سيد المرسلين وامام المتقين وخاتم النبيين محمد عبدك ورسولك امام الخير ورسول الرحمة • اللهم ابعثه مقاما محمودا يغبطه فيه الأو َلون والآخرون • اللهم صلّ على محمد وعلى آل محمد كما صليت على ابراهيم انك حميد مجيد • وبارك على محمد عبدك وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم انك حميد مجيد •

وعن ابن مسعود ـ رضي الله عنه ـ انّه كــان يقول : اذا صليتم على النبيّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ فاحسنوا الصلاة عليه ، فانــكم لا تدرون لعل ذلك يعرض عليه • وقولوا : اللهم اجعل صلواتك ورحمتك وبركاتك على سيد المرسلين وامام المتقين وخاتم النبيين محمد عبــدك ورسولك امام الخير وقائد الخير ورسول الرحمة • اللهم ابعثه مقامــا محمودا يغبطه فيه الأولون والآخرون اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على ابراهيم انك حميد مجيد • اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم ، انك حميد مجيد) •

دەر ئەكەوێ لە ڕیوایەتی ئەم صیغە (متعددة) كە واريد بوون لە صڵاواتدان لەسەر حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ كــە عیبارەتی صڵاوات مەحدوودو موعەیيەن نیە ، ئەوری خودا موطڵەقەو بێ‌گومـان

(مأمور به) ئەبێ موطلەق بێ • وە صلاواتی ئیبراهیمی‌یەی مەشهوور کە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە جوابی پرسیارەکەدا فەرمووی ، فەقەط ئیکتیفای کردووە بە جوابی ئەوانو حەصرو تەحدیدی تێدا نیە ؛ کە وابێ بە هەر عیبارەتێ صلاوات لەسەر حەزرەت بدرێ بە عیباراتی تەشریفو ئیحتیرام ڕەوایە •

وە ئەبی بە دەلیل لەسەر ئەم وتارە (تعدد)ی صلاواتی ئیختیارکراو لە لایەنی عولەمای ئەصحابو تابیعینو ئیمامانی دینو (اولياء الله الكاملين) •

وە هەر کەسێ مەنعی بازێ صیغەو عیبارەت بکا لە خۆیەوە حەققی نیە ئەو مەنعە بکا ؛ چونکی مەنعی شتی وا موبارەك بە بێ فەرمانی خوداو پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ ڕەوا نیە ، وە لە واقیعدا نەهیی حوکمەو حاکم خودایە • وە پێغەمبەر ـ عليه الصلاة والسلام ـ فەرمانی لە خوداوە وەرگرتووەو ئیجتیهادی موجتەهیدین لەسەر ئەمری خوداو پێغەمبەرە • وە دین گاڵتەبازاڕ نیە •

ئاگاداربن : ئەوانە کە مەنعی خوێندنەوەی (دلائل الخيرات) یا عیباراتی ڕیوایەتکراوی صلاواتی ئەولیاو ئیمامان ئەکەن بەڕاستی گومڕانو ئەیانەوێ موسوڵمانان گومڕابکەن (اعاذنا الله تعالى برحمته) •

لە مەحەببەتی پێغەمبەرە ـ صلى الله عليه وسلم ـ زیارەتی حەزرەت لە حەیاتو وەفاتدا

زیارەتی حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە حاڵی ژیانی پیرۆزی ئەودا گەورەترینی بەهرەو پایەیەکە کە ئینسانی موسوڵمان

پێی‌موشەڕەف بووە ؛ لەبەر ئەوە ئەوزاتە خاوەن بەرەکاتەو هـەتاوی جیهان‌گیرە بۆ ئەرواحی عالەمو مایەی پیرۆزی ئینسانو پەری‌و باقی خاوەن شعوورە ، وەکو مەلائیکەی عالەم ؛ چونکی ئیمانو کردەوەی چاك‌و ئەخلاق‌و ڕەوشتی جوان لەو زاتەوە گەیشتووە بە ئێمە ، خودا لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : (يا ايها الذين آمنوا اتقوا الله وكونوا مع الصادقين) وە فەرموویەتی (ولو انّهم اذ ظلموا أنفسهم جاءوك فاستغفروا الله واستغفر لهم الرسول لوجدوا الله توّابا رحيما) •

مەعنای یەکەم ئەمەیە : ئەی کەسانێ کە ئیمانیان هەیە لە خودا بترسن‌و لەگەڵ ڕاستەکاندا بن • وە دیارە حەزرەت گەورەی زومرەی صادقانە •

مەعنای ئایەتی دووەم ئەمەیە : ئەگەر ئەو کۆمەڵە کاتێ کە ستەمیان لە خۆیان کرد بە تاوان‌کاری بهاتنایە بۆ لای تۆو داوای عەفوویان لە خودا بکردایەو پێغەمبەریش ئیستیغفاری بکردایە بۆیان بە بێ‌گومان خودایان دەس ئەکەوت بە تەوبە قبووڵ‌کەرو میهرەبان •

زیارەتی ڕەوضەی موبارەکی لە پاش وەفاتی ئەویش وەکو زیارەتی وایە لە کاتی حەیاتیدا ؛ چونکی پێغەمبەران زیندوون لە قەبردا بە چەند دەلیل •

وە لەسەر مەرغووبیەتی زیارەتی شەریفی چەند حەدیثی شەریف هەیە :

یەکەم ڕیوایەت کراوە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ـ رضي الله عنهما ـ کە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرموویەتی : (من زار قبري وجبت له شفاعتي • رواه الدارقطني) •

دووەم ریوایەت کراوە لە ئـەنەسی کوڕی مالیکەوە ـ رضي الله عنه ـ کە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرموویەتی : (من زارني محتسبا كان في جوارى وكنت له شفيعا وشهيدا يوم القيامة • وفي حديث آخر : من زارني بعد موتي فكأنما زارني في حياتي •

وهذا الحديث أجودها اسنادا ، أخرجه الدار قطني عن رجل من آل حاطب ، وأخرجه ابن عمر أيضا ، ورواه ابو يعلى في مسنده ، وابن عدي في كامله وفي اسناده حفص بن داود ، قال احمد فيه : انّه صالح • وأخرجه الطبراني في الأوسط عن عائشة ـ رضي الله عنها) •

سێیەم : (من حج فزارني في مسجدي بعد وفـاتي كان كمن زارني في حياتي • وأشار السبكي الى صحته) •

چوارەم : (من زار قبري ، أو قال : من زارني كنت لـه شفيعا وشهيدا ، ومن مات باحد الحرمين بعثه الله تعالى في الآمنين يوم القيامـة • قال السبكي بعد ذكره تصحيح رجاله الا واحدا في طبقة التابعين : الأمر فيه قريب) •

پێنجەم : (من زارني متعمدا ـ أي : ان لم يكن يقصد غير زيارتي ـ كان في جواري يوم القيامة • ومن سكن المدينة وصبر على بلائها كنت له شفيعا وشهيدا يوم القيامة) •

شەشەم : ئەو حەدیثە کە ئەزدی ڕیوایەتی کردووە ، فەرموویەتی: (من حجّ حجّة الاسلام وزار قبري وغزا غزوة وصلّى في بيت المقدس لم يسأل الله تعالى فيما افترض عليه) •

حـەوتەم : ئەو حەدیثە کـە (ابن مردويه) ڕیوایەتی کردووە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرموویەتی : (من زارني بعد موتي

فكأنما زارني وأنا حيّ ، ومن زارني كنت له شفيعا وشهيدا يوم القيامة).

هەشتەم : ئەو حەدیثە کە (أبو عوانة) ڕیوایەتی کردووە : (من زارني بالمدينة محتسباً كنت له شهيداً وشفيعا يوم القيامة . وفي رواية : أو شفيعا) .

نۆیەم : ئەو حەدیثە کە (ابن النجار) ڕیوایەتی کردووە : (من زارني ميتا فكأنما زارني حيًّا) .

دەیەم : ئەو حەدیثە کە (عقيلي) ڕیوایەتی کردووە : (من زارني في مماتي كان كمن زارني في حياتي ، ومن زارني حتى ينتهي الى قبري كنت له يوم القيامة شهيدا ، أو شفيعا) .

یازدەیەم : ئەو حەدیثەیە کە دەیلەمی ڕیوایەتی کردووە لە موسنەدی فیردەوس : (من حجّ الى مكة ثم قصدني في مسجدي كتبت له حجتان مبرورتان) .

دوازدەیەم : ئەو حەدیثەیە کە عەلی ـ کرم الله وجهه ـ ڕیوایەتی کردووەو بەرزی کردووەتەوە بۆ لای حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ (من زار قبري بعد موتي فكأنما زارني في حياتي ، ومن لم يزر قبري فقد جفاني) .

وە ئـەم حەدیثە موبارەکانە ظاهیرن لەوەدا کە زیارەتی حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ سوننەتی موئەککەدەیە .

وە عەلاوەی ئەم حەدیثە موبارەکانە ئیجماعی ئوممەتی ئیسلام دامەزراوە لەسەر زیارەتی ڕەوضەی شەریفەی ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە هەموو وڵاتێکەوە لە دوورو لە نزیك لەبەر تەبەڕوك بە زیارەت و بەجێهێنانی حقووقی ئەو زاتە بوڵندصیفاتە کە بوو بە هۆی دەرچوونی

عالەمی هوشیاران لە تاریکی کوفرو تاوانباری‌و بێ ئەخلاقی بۆ نووری ڕووناکی ئیمان‌و زانیاری‌و ئیطاعەی پەروەردگارو ئەخلاق‌و ڕەوشتی بـــەرزو بەڕێز •

وە هەر کەسێ موخالیفی ئەم بەهرە گەورەیە بێ هەر ئـەوەی بۆ ئەمێنێ کـــە بێبەش بێ لـــەو پیرۆزییە ـ خـــودا بێبەشمان نەکـاو بەشدارمان بـکا لـە ڕەحمـــەت •

یاسای زیارەتی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ

سوننەتە بۆ ئەو کەسـە کـە ئەڕوا بۆ زیارەتی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە تەواوی مەسافەی هاتوچۆیدا بە قەدەر ئیمـــــکان صلاوات بدا لەسەر حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ ؛ چونـــکی بە بەرەکەتی ئەو صلاواتانە زیاتر ئیشتیاق پەیدا ئەکاو مونەوەر ئەبێ • وە نییەتی ئیطاعەی خودای تەعالا بـکا بە زیارەتی مزگەوتی عالی مەقـــامی بۆ ئەوە عیبادەتی خودا بـکا لە ناویدا •

وە کـاتێ چـــاوی کەوت بە دارو درەختی مەدینەی مونەووەرە زۆرتر صلاوات بدا لەسەر حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ وە لـــە پێش ئەوەدا کـە ئەڕواتە مەدینە غوسڵ بـکاو بەرگی پاک‌و جـــوان لەبەرکاو لە ناو دڵی خـــۆیدا پایەی ئەو مەقامەی ڕابـگرێ • وە لـــە (مستحبات)ە کـە داخڵی مزگـەوتی موبارەك بوو بڕوا بۆ ڕەوضـــەی شەریفە کـە والە بەینی مینبەرو قەبری موبارەکی حـــەزرەتدا • وە نوێژی (تحية المسجد) بـکا لـــە تەنیشتی مینبەری موبارەکی‌یەوەو عەموودی مینبەر بخـاتە لای شـانی ڕاستی‌یەوە ، وە ئـــەو شوێنـــە

جێگەی ڕاوەستانی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ بووە مەسافەی چواردە گەز (تقریباً) بەینی مینبەرو قەبری مونەووەری حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەو شوێنەیە نوێژی تێدا کردووە • وە مەسافەی بەینی مینبەرو قەبری موبارەکی پەنجاو سێ گەزە (تقریبا) •

جا کاتێ کە نوێژی (تحیة المسجد)ی کرد دوو ڕکات ، ئەو جار ڕوو بکاتە لای مواجهەو زیارەتی حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـو بەرانبەر بە سەری قەبری مونەووەری پشتەو قیبلە ڕاوەستێو بە ئەدەب ڕاوەستیو سەلامی لێ بکاو بڵێ : السلام عليك يارسول الله ، السلام عليك يانبيّ الله ، السلام عليك ياخير خلق الله) وە لەو شوێنەدا دۆعای خێر بکا بۆ خۆیو باوکو دایکیو بۆ هەر کەسێ خۆشی ئەوێ ، بەتایبەتی ئەو کەسانە کە قازانجیان بۆ دینی ئیسلام هەیە ، وە لە هەموو ئەم دۆعایانە (بالذات) لە خودای تەعالا بپاڕێتەوە ، یا (توسّل) بکا بە جاەو پایەو مەقامی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ بە وێنەی ئەوە بڵێ : خودایا بۆ خاتری پایەو حورمەتی خۆشەویستی خۆت ئەم پێغەمبەرە ـ صلی الله علیه وسلم ـ عەفووم بکەو دەفعی شەڕو ناهەمواری دونیامان لێ بکەو یارمەتی موسوڵمانان بدەو نەصرەتی دینی ئیسلام بدە • ئەم نەوعە (توسّل)ە واریدەو ڕاستەو نزیکە لە قەبوڵی دۆعاو ڕجاوە • وەکو (ان شاء الله) باسی ئەکەین •

جا بڕوا بە لای ڕاستدا بە ئەندازەی گەزێو سەلام بکا لە ئەبوبەکری صیددیق ـ خودای لێ ڕازی بێ ـ چونکە قەبری لە پشتی قەبری حەزرەتە وە سەری ئەبوبەکر موقابیلی ناوشانی حەزرەتە ـ صلی الله علیه وسلم ـ وە لەوێدا بڵێ : السلام عليك يا أبا بكر الصديق ، ياصفي رسول الله ومعاونه في الدين والدنيا وثانيه في الغار عند الهجرة ،

جزاك الله عن أمته بما هو أهله) •

جا بڕوا بە لای ڕاستدا بە قەدەر گەزێ بۆ سەلام لە عومەری کوڕی خەططاب ـ رضي الله عنه ـ ؛ چونکە سەری ئەو موقابیلی پشتی ئەبوبەکرە ـ رضي الله عنهما ـو بلێ : (السلام عليك يا خليفة رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ يافاتح البلاد ومرشد العباد والحاكم بالعدل والرشاد) •

جا بگەڕێتەوە بۆ مواجەهەی حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ و دۆعا بکا بۆ خۆیو بۆ مۆسوڵمانانو خوا حافیزی بکا بە هیوای ئەوە کە جارێ تر بگاتەوە بەو مەقامە موبارەکە •

نووري) توسل (بە جاهو پایەی حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ

بزانن (توسل) بە وەسیلە مەعنای تێکۆشینە بۆ گەیشتن بە دڵخواز بە هۆی شتێکەوە پەیوەندی بێ بەو دڵخوازەوە ، وەکو (توسل) بۆ ڕزقو ڕۆزی پەیداکردن بە کشتوکاڵ بە چێوداری بە دوکانداریو بازرگانی • وە گەیشتن بە دڵخواز لە لای پیاوی گەورە بە هۆی کەسێکەوە نزیك بێ بەو کەسە ، وە گەیشتن بە شیفاو ڕزگاری لە ناساغی بە هۆی دەرمانی دوکتۆرەوە لە ماددیاتدا • وە گەیشتن بە دڵخواز بە هۆی پاڕانەوە لە خودای تەعالاو صەدەقەو خێراتو بە هۆی داوای دۆعای خێر لە موسوڵمانان ، بەتایبەتی پیاوی ساغی ثابیتو دامەزراو لەسەر ئادابو یاسای دین نەخسوس پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە کاتی ژیانیداو لە پاش وەفاتیشی ، بەم عیبارەتە بلێ :

خودایا ئەپاڕێمەوە لە تۆو داوای فلانەشت ئەکەم لێت بۆم بەجێ بێنە بە جاهو پایەو خۆشەویستی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ کـــە تۆ پایەت پێـداوەو کردووتە بە چرای جیهان بۆ ڕووناککردنەوەی یاسای دین‌و پڕتەودان بە دڵی ئەوانە کە خاوەن ئیمان‌و ئیسلامیەتن •

وە (توسل) بە حەزرەتی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ لـــە موهیمترینی موهیمماتە بۆ قەبووڵکردنی‌و ڕەواکردنی نیازو بەخشینی تاوان‌و چـاری مەینەت‌و بەلا • وە موسوڵمانان لەســـەر ئەم یاســا ڕۆیشتوون لـــە حەیاتی حەزرەتداو لە پاش وەفاتیشی • وە ئەم مەبەستە دەلیلی هەیە لە قورئان‌و حەدیث‌و ئیجماعی ئوممەت ، لە پێش دەرکەوتنی ئەهلی بیدعەت‌و خیلافدا •

دەلیلی یەکەم لە قورئاندا فەرموودەی خودایە (فتلقّی آدم مـن ربّه کلمات فتاب علیه انّه هو التواب الرحیم) • واتە : حـــەزرەتی ئادەم چـــەند کەلیمەیەکی لەلایەنی خوداوە وەرگرت‌و پاڕایەوە بەوانەو خودا تەوبەی لێ قبووڵکرد •

(ابن المنذر) لە تەفسیرەکەیدا ڕیوایەت ئەکا لـــە موحەممـــەد باقری کوڕی عەلی (زین العابدین) کوڕی ئیمام حوسەین کوڕی عەلی، ئەڵێ : کاتێ ئادەم ـ علیه السلام ـ گیرۆدە بوو بە خواردنی گەندمەوەو خودا عیتابی لێ کردو لە بەهەشت دووری خستەوە ، جوبرەئیل هـــاتە خزمەتی ، فەرمووی : ئەی ئادەم حەز ئەکەی شارەزات بـکەم لەســەر دەرگای تەوبەی خۆت ؟ فەرمووی : بەڵێ • جوبرئیل فەرمووی : هەستە لەم مەقامی خۆتەوە سوجدە بە بۆ خوداو ستایشی بکە ؛ چونـکی خودا ستایشی پێ خۆشـــە • ئەویش فـــەرمووی : پاش ئـەوە چی بڵێم ؟ فەرمووی بڵێ :

(لا اله الاّ الله وحده لا شريك له ، له الملك وله الحمد يحيي ويميت وهو حي لا يموت بيده الخير كله وهو على كل شيء قدير) ئەم جار ئیقرار بکه به تاوانی خۆت‌و بڵێ : (سبحانك اللهم وبحمدك لا اله الاّ انت رب اني ظلمت نفسي وعملت السوء فاغفر لي انّه لا يغفر الذنوب الاّ انت ، اني أسألك بجاه محمد عبدك وكرامتـــه عليك ان تغفر لي خطيئتي • قال : ففعل آدم ـ عليه السلام ـ فقال الله : يا آدم من علّمك هذا ؟ فقال يارب انك لمّا نفخت فيّ الروح فقمت بشـرا سويا اسمع وأبصر واعقل وانظر رأيت على ساق عرشك مـــكتوبا : لا اله الاّ الله وحده لا شريك له ، محمد رسول الله • فلما لم أر على أثر اســمك اسم ملك مقرّب ولا نبيّ مرسل غير اسمه علمت انه اكرم خلقك عليك• قال : صدقت ، وقد تبت عليك وغفرت لك •

وفي الباب حديث مرفوع سنتكلم عنه بعد بحول الله تعالى) •

دەلیلی دووەم فەرموودەی خودایە : (ولما جاءهم كتاب من عنـد الله مصدّق لما معهم وكانوا من قبل يستفتحون على الذين كفروا••الآية) واته : لـه پێش ئەوەدا کە حەزرەتی موحەممەد ـ صلی اللـه علیـــه وسلم ـ ڕەوانە بکرێ‌و ببێ بە پێغەمبەر جوولەکەکان داوای فەتحیـــان ئەکردو بە (توسل) بە بەرەکەتی پێغەمبەری داوای نەصرەت‌و ظەفەریان ئەکرد لەسەر کافرە موشریکەکان لە کاتی جەنگدا ئەیان وت : (اللهم انصرنا بالنبيّ المبعوث في آخر الزمان الذي نجد نعته وصفته في التوراة) وە ئەم تەفسیرە نەصصە لەوەدا کـــە (توسل) بە زات‌و پایەی ئینسانی موبارەك دروستە ؟ چونکی خودا لە مـــەقامی تەقریردا ئەم مەوزووعە ئەگێڕێتـــەوە •

وە (وجه الدلاله)ی ئایەتەکە ئەمەیە : خودا تەقریری (استفتاح)

ئەکا هەر چەند تەوبیخی جوولەکەکان لەسەر ئەوەیە : کە ئەو پێغەمبەرە پاش دەرکەوتنی ئینکاریان ئەکردو واجب ئەوەبوو ئیحتیرامی بگرن •

دەلیلی سێیەم ئایەتی : (ولو أنهم اذ ظلموا أنفسهم جاءوك واستغفروا الله واستغفر لهم الرسول لوجدوا الله توّابا رحيما) واتە : ئەگەر ئەو نامەردانە لە کاتێ کە ستەمیان کرد لە نەفسی خۆیان بهاتنایە بۆ لای تۆو داوای تاوانبەخشیو عەفوویان بکردایە لە خوداو پێغەمبەریش داوای تاوانبەخشی ئەوانی بکردایە ئەوە خودایان بە تەوبە قبووڵکردوو میهرەبان دەست ئەکەوت •

وەجهی دەلالەت لەم ئایەتەدا (استشفاع)ە بە حەزرەت بۆ عەفوو، داوای شەفاعەت لە پێغەمبەر بە (توسل) ئەناسرێ بەو زاتە گەورە • وە ئەم ئایەتە هەر چەند هاتووەتە خوار بە هۆی ئەو موناففەقانەوە کە موحاکەمەیان ئەبردە لای (طاغوت) کافری گەورەی خۆیان ، بەڵام بە صوورەت عاممە بۆ هەموو تاوانبارێو خەطاکارێکی خاوەن قصوور کە بێت (توسل) بکا بە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ بۆ عەفوی هەر تاوانێ ڕوویدابێ • هەروا ئەو ئایەتە وەکو دەلالەت ئەکا لەسەر (توسل) بە حەزرەت لە حاڵی حەیاتدا دەلالەت ئەکا لەسەر (توسل) لە پاش وەفاتیشی ؛ چونکی ئەو فیعلانە کە وان لە پاش کەلیمەی شەرطەوە وان لە جێگای نەکیرە لە سیاقی شەرطداو نەکیرە لە سیاقی شەرطدا عاممە • کە وابێ ئیفادەی (استشفاع) ئەکا لە حاڵی حەیاتو مەماتدا •

وە ئەوکەسانە کە فەرقی ئەو دوو حاڵە ئەکەنو (توسل) ڕەوا ئەکەن لە حاڵی حەیاتدا نەك لە مەماتداو تەئثیر بۆ ڕۆح قەرار ئەدەن لە حاڵی حەیاتدا نەك لە پاش وەفاتدا ، ئەوە وان لە هەڵەو ناهەمواری ئەوەدا غەیری خودا کەس تەئثیری نیەو نابێ • بەس ئێمە مەبەستمان

(توسل) به پایەو سایەو مەقامی ئەرواحەو ئەرواحی پێغەمبەران کـــە خودای تەعالا بە زیندووی ژماردوون • زیاد لەمە چەند حەدیث هـەن کە دەلیلن لەسەر حەیاتی پێغەمبەران لە عالەمی بەرزەخدا واتــە لــە قـــەبردا :

یەکـەم حەدیثی ئیسرایە کە حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرموویەتی : چـاوم کەوت بە مووسای کوڕی عیمران ڕاوەستابوو لە قەبرەکەیدا نوێژی ئەکرد • وە غەیری مووسایشی هـەم چـاو پێ کەوتبوو کە نوێژیان کردووە • وە زاناکان فەرموویانە : (وهـــذا الحديث متواتر ؛ لأنه ورد من طريق بضع واربعين صحابيا) •

دووەم حەدیثی ئەوس کـــە ڕیوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە ـ صلى الله عليه وسلم ـ (قال : افضل ايامكم الجمعة فيه خلق آدم وفيه قبض وفيه النفخة وفيه الصعقة ، فاكثروا عليّ من الصلاة فيــه فـانّ صلاتكم معروضة عليّ ، قالوا : وكيف تعرض صلاتنا عليك وقد أرِمت ـ يقولون بُليت ـ فقال : ان الله حرّم على الأرض ان تأكل اجســـاد الانبياء • صحّحه ابن خزيمة ، وابن حبّان ، والحاكم ، والنـووي ، والحافظ عبدالغني بن سعيد المقدسى ، والحافظ ابو الخطاب ابن دحيه ، والقرطبي ، والذهبيّ ، وحسّنه ابن العربي المعافرى ، والمنذرى) •

واتە گەورەتری ڕۆژەکانتان ڕۆژی جومعەیە لەو ڕۆژەدا دروست کراوە ئادەم ـ علیه السلام ـو لە جومعەدا ڕۆحی موبارەکی وەرگیراوەو لە ڕۆژی جومعەدا فوو ئەکرێ بە صووردا و لەو ڕۆژەدا گیانلەبەران بێهۆش ئەکــەون ، دەی زۆر صـلاوات بدەن لەســـەرم بەڕاستی صلاواتەکانتان عەرز ئەکرێن لەسەرم ، جا وتیان : چۆن عەرز ئەکرێن لەسەرتو جەسەدی تۆ بووە بەخاك • فەرمووی بەڕاستی خودای تەعالا

حەرامی کردووە لەسەر عەرز کە ئەجسادی پێغەمبەران ـعلیهم السلامـ بخـــوات •

هـــەر وەهـــا (ابن ماجه) لە ئـەبو دەردائەوە بە مەرفووعیو گەیشتووە بە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ : (اكثروا الصلاة عليّ يوم الجمعة فانه يوم مشهود تشهده الملائكة وانّ أحداً لا يصلّي عليّ الاّ عرضت عليّ صلاته حتى يفرغ منها قال : قلت وبعد الموت • قـــال وبعد الموت انّ الله حرّم على الأرض ان تأكل اجساد الانبياء فنبيّ الله حيّ يرزق) •

وە مونذیری لە تەرغیبو تەرهیبدا ئەڵێ : ئیسنادەکەی باشە • وە بوصیری لە زەوائیددا ئەڵێ : ئیسنادەکەی صەحیحە ، بەڵام مونقەطیعە، بەڵام ئەو ئینقیطاعە زیانی نیە ؛ چونــکە ئەم حەدیثە لە گەلێ ڕێــگەوە ڕیوایەت کراوەو ئەوانە هێز ئەدەن بەم ڕێــگەی ئینقطاعە ، وەکو ئەهلی حەدیث ئەمە ئەزانن ، بەڵــکو ئەم حەدیثە تەئیید ئەکرێو بـــە قورئان کــە ئیعلانی حەیاتی شەهیدان ئەکاو مەعلوومە پایەی پێغەمبەران لـــــە پایەی شەهیدان بەرزترە •

هەروا حەدیثی ئەنەس : (الانبياء احياء في قبورهم يصلّون) واتە : پێغەمبەرەکان زیندوون لە قەبرەکانیاندا نوێژ ئەکەن • ئەم حەدیثـــەی ڕیوایەت کردووە ئەبو یەعلاو بەیهەقیو ئیسنادەکەی بە صەحیح داناوە• وە گەلێ ئەحادیث هەن کە ڕیوایەت کراون لەسەر ئەم مەبەستە کـــــە پێغەمبەران زیندوون لە ناو قەبری خۆیاندا • وە ئەگـــەر حـــــەیاتی بەردەوام نەبێ ئەو عەرزی صەڵاواتی ئوممەتە لەسەر ئەو نابێ • عەلاوەی حەیاتی پێویستە گوشادیەکی زۆر بێ لـە دەقیقەو سەعاتیدا تا عەرزی ئەو صەڵاواتانەی تێدا مومکین بێ •

دەلیلی چوارەم لەسەر (توسل) ئەو ئایەتەیە : (وابتغــوا الیـــه الوسیلة) واتە : وەسیلەسازی بـکەن بۆ لای خودا ، وە وەسیلە لـــەم ئایەتـــە موبارەکەدا موطلەقە بۆ هـــەر وەسیلەیەك دەس ئەدا ، وەکو کردەوەی باشی ئینسانو دۆعای موسوڵمانانو خێرکردن بە هـــەزارانو (توسل) بە جاهی ئینسانی گەورەو خاوەن پایە بەلای خودای تەعالاوە ، بەم شەرتە لە لایەنی شەرعەوە نەهیی لێ نەکرابێ ، ئیتر حەصرکردنی وەسیلە لە کردەوەی نەفسی شەخصەکەدا بێ دەلیلو ئیحتیمالێ ناڕێـــکە لەگـەڵ گوشادی ڕەحمـــەتی خودادا ‌•

وە (توسل) بە حەزرەت بۆ نیازی دین یا دونیا وەکو شەفاعەتکردنی ئەوە لە قیامەتدا کـە بە چەند دەلیل ثابیت بووە حەزرەت ـ صلی اللـه علیه وسلم ـ شەفاعەت ئەکا لە قیامەتدا ، وە مادام شەفاعەتی لە قیامـــەتدا دروستەو واقیـع ئەبێ هەروا (توسل) کردن بـــە مـــەقامی ڕەوایەو دروستـە ‌•

دەلیلی پێنجەم لەسەر ئیعتیباری (توسل) ئەوەیە ئێستە ئەیبیـی :

(روى الطبراني في معجمه الكبير والأوسط عن أنس ـ رضي الله عنه ـ قال : لما ماتت فاطمة بنت أسد ام علي ـ رضي الله عنهما ـ دخل عليها رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ فجلس عند رأسها ، فقـــال : يرحمك الله يا أمّي كنت أمّي بعد أمّي تجـوعين وتشبعينني وتعـرين وتكسينني وتمنعين نفسك طيبا وتطعمينني ، تريدين بذلك وجـــه الله والدار الآخرة ‌• ثم أمر أن تغسل ثلاثا ثلاثا ، فلمّا بلغ المـاء الذي فيـه الكافور وضعـه رسول الله ـ صلى الله عليـــه وسلم ـ بيده ، ثم خلع قميصه فالبسها اياه وكفّنها ببرد فوقه ، ثم دعا اسامة بن زيد ودعـا ابا ايوب الانصاري وعمر بن الخطاب وغلاما أسود يحضرون فحضـــروا

قبرها ، فلما بلغوا اللحد حضره رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم وآله وسلم ـ بيده وأخرج ترابه بيده فلما فرغ دخل رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ فاضطجع فيه ، وقال : الله الذي يحيي ويميت وهـو حيّ لا يموت اغفر لأمّي فاطمة بنت أسد ولقّنها حجّتها ووسّع عليها مدخلها بحق نبيّك والأنبياء الذين من قبلك فانك أرحم الراحمين • وكبرّ عليها أربعا وأدخلها اللحد ، هو والعباس وابو بكر ـ رضي الله عنهما ـ •

قال الحافظ نور الدين الهشيمي في (مجمع الزوائد) : رجالـه رجال الصحيح غير روح بن صلاح ، وقد وثقه ابن حبّان والحاكم •

ومراده ـ صلى الله عليه وسلم ـ بقوله : (أمّي) أنهـا حضنته وخدمته كأمّه ، والاّ فلم يرتضع منها • وهو معلوم) •

دەلیلی شەشەم : موحەددیثی مەشهوور ترمذیو ئیبنو ماجـه ڕیوایەتیان کردووە لە کتێبی خۆیاندا کە مەشهوورن بە (سنن الترمذي وسنن ابن ماجه) وە نەسائی لە کتێبی (عملی یوم ولیلة)و طەبەرانیو بەیهەقیو غەیری ئەوانیش لە عوسمانی کوڕی حەنیف کە : پیاوێـکی کوێر هات بۆ خزمەتی حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ عـەرزی کرد دۆعا بـکەو بپاڕێرەوە بۆم لە لای خودا کە ڕووناکی بداتەوە بە چاوم (فقال ـ صلى الله عليه وسلم ـ ان شئت دعوت وان شئت صبرت فهـو خير لك • قال : فادعه ، فأمر أن يتوضأ فيحسن وضوءه ، ويدعو بهذا الدعاء : اللّهم أني اسألك وأتوجه اليك بنبيّك محمد نبيّ الرحمـة ، يامحمد اني اتوجه بك الى ربّي في حاجتي هذه لتقضى • اللهم فشفعه فيّ • قال عثمان بن حنيف : فوالله ما تفرقنا ولا طال بنا الحـديث حتى دخل الرجل وكأنه لم يكن به ضرّ قط) •

وە وارید بووە لە ڕیوایەتی ئەبو خەیثەمە بە ئیسنادێکی صەحیح کە

حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرمووی بەو ئینسانە کوێرە : (وان كانت حاجة فافعل مثـــل ذلك) وە ئەمە ئیزنە بۆ (توســـل)کردن بە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ لە هەموو کاتێکدا •

وە بزانە ئەم حەدیثە صەحیحەو (صححه الترمذي ، وابن خزيمة، والطبراني ، والحاكم ، والبيهقي ، والمنذري ، والنووي ، والذهبي ، وابن حجر ، والسيوطي • ولا خلاف بين المحدثين في صحته) •

وە دەلیلی حەوتەم : (اخرج البزار عن ابن مسعود ـ رضي الله عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ : حياتي خير لكم تحدثون ويحدث لكم • ووفاتي خير لكم تعرض علي أعمالكم فما رأيت من خير حمدت الله وما رأيت من شر استغفرت الله لكم •

قال الحافظ العراقي في كتاب الجائز : اسناده جيد) •

ئەم حەدیثە موبارەکە دەلالەت ئەکا لەسەر دوو کاری گەورە :

یەکـــەم ئەمەیە حەزرەت ـ صلى الله عليه وسلم ـ لـــە قـــەبردا ئاگادارەو کردەوەی ئوممەتەکەی نیشان ئەدرێ •

دووەم ئەمەیە کە (استغفار) ئەکا بۆمان ئەگەر تاوانداربین • وە لەمەیشەوە دەر ئەکەوێ دروستە بڕۆین پەنای بو بەرین‌و بیـــکەین بە وەسیلەی ڕەحمەتی خودا بۆمان •

دەلیلی هەشتەم : (أخرج ابن ماجه عن أبي سعيد الخـــدري ـ رضي الله عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ : من خرج من بيته الى الصلاة ، فقال : اللهم اني أسألك بحق السائلين عليك واسألك بحق ممشاي هذا فاني لم أخرج أشراً ولا بطراً ولا رياءً ولا

سمعة ، وخرجت اتقاء سخطك وابتغاء مرضاتك ، فاسألك أن تعيذني من النار وأن تغفر لي ذنوبي انه لا يغفر الذنوب الا انت • أقبل الله عليه بوجهه واستغفر له سبعون ألف ملك •

صححه ابن خزيمة وحسنه الحافظ أبو الحسن المقدسي والحافظ العراقي والحافظ ابن حجر العسقلاني) •

دەلیلی نۆیەم : (أخرج الطبراني عن أمية بن عبدالله بن خالد بن أسيد ، قال : كان رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ يستفتح بصعاليك المسلمين • وفي رواية : يستنصر بصعاليك المسلمين • أي : بفقرائهم •

قال الحافظ المنذري رواته رواة الصحيح وهو مرسل) •
بەڵام ئیرسال لەم حەدیثەدا زیانی نیە لەبەر ئەوە شاهید لەسەر (توسل) زۆرن‌و مالیکی‌یەکان حەدیثی مورسەل قەبووڵ ئەکەن ، هەروا گەلێ لە عالمانی حەدیث •

دەلیلی دەیەم : (أخرج احمد في مسنده عن شريح بن عبيد قال ذكر أهل الشام عند علي بن ابي طالب وهو بالعراق ، فقالوا : العنهم يا أمير المؤمنين • قال : لا سمعت رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ يقول: الأبدال بالشام وهم أربعون رجلا كلما مات رجل أبدل الله مكانه رجلا يسقى بهم الغيث • وينتصر بهم على الأعداء ، ويصرف عن أهل الشام بهم العذاب •

اسناده صحيح غير أن فيه انقطاعاً ؛ لأن شريح ابن عبيد لم يلق علياً لكن له شواهد • فروى الحاكم عن عبدالله بن زريد الغافقي انه سمع علي بن ابي طالب يقول : لا تسبوا أهل الشام فان فيهم الأبدال ،

وسبّوا ظلمتهم . قال الحاكم : صحيح ، وأقره الذهبي .

وروى الطبراني في الأوسط عن أنس قال : قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ : لن تخلو الأرض من أربعين رجلا مثل خليل الرحمن فبهم تُسقَوْن ، وبهم تنتصرون ما مات منهم أحد الا أبدل الله مكانه آخر .

قال قتادة : لسنا نشك ان الحسن منهم ـ يعنى الحسن البصري ـ قال الحافظ الهيثمي في (مجمع الزوائد) : اسناده حسن . وللحديث طرق كثيرة أفردت بالتأليف . ومعنى : المثلية في قوله : مثل خليل الرحمن . أنهم على طريقة ابراهيم في السخاء وسلامة الصدر والرحمة لجميع المسلمين . كما جاء في أحاديث أخرى) .

دەلیلی یازدەیەم : (روى الطبراني عن ابن عباس أن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : ان لِله ملائكةً في الأرض سوى الحفظة يكتبون ما يسقط من ورق الشجر ، فاذا أصاب أحدكم عرجة بأرض فلاة فليناد : اعينوا عباد الله .

قال الحافظ الهيثمي : رجاله ثقات . ورواه البزار وحسنه الحافظ.

وروى الطبراني أيضا عن عتبة بن غزوان عن نبي الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : اذا أضلّ احدكم شيئا او اراد عونا وهو بأرض ليس بها أنيس ، فليقل : ياعباد الله أعينونى ـ وفي لفظ : اغيثونى ـ فان لِله عباداً لا نراهم . وقد جرّب ذلكَ .

وروى ابن السني عن ابن مسعود ـ رضي الله عنه ـ عن النبيّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ : اذا انفلتت دابّة أحدكم بأرض فلاة فليناد : ياعباد الله احبسوا ، ياعباد الله احبسوا فان لله ـ عزوجل ـ في الأرض

حاصرا سيجبسه •

ذكر النووي في الاذكار أنّه جرّب هذا الحديث • وكذا شيخه من قبله ، فصح معهما •

وحقيقة الأمر المشروع أن المؤمن يجب أن يؤمن بان اللهَ خالق كل شيء وان لا تأثير في شيء الا من الله • ومع ذلك نؤمن بان الله ربط المسببات باسبابها فنتوسل بالطبيب في التداوي وبالاستاذ في التعليم وبالدليل في سلوك الطريق ، وبالاستشارة بالعقلاء الأمناء في المهمات ، وبالاستخارة في قضاء الحاجات وبأهل الجاه في الدنيا في العوارض والملمات ، ونستعين بالصدقات ودعواتنا ودعوات الناس الصالحين والصالحات لنا وبدعاء الصالحين احياء وامواتا بعبارة : أدعوا لنا ، او نتوسل بكم ، أو بجاهكم • فان جاه الرسول الكريم ليس باقل من قميص سيدنا يوسف حيث القاه الوالد على وجه يعقوب نعاد بصره • والفرق بين الحي والميت لا يوجد الاّ عند من مات قلبه وفات لبّه ؛ لأن الله هو الخالق مطلقا ، والروح باقية في الدنيا وخالدة في الآخرة • وحصر الاستعانة في الله تعالى ليس معناه اهمال الاسباب التى خلقها الله تعالى ، وانما معناه : ان لا نتوجه الى الأحجار الجامدة والأصنام الهامدة ، فاين التبرك بالارواح من العبادة للأشباح) •

وه رۆحانیەتی فەخری عالەم – صلى الله عليه وسلم – باقی‌یەو ئەرواحی پێغەمبەران هەموو باقین • هەروەها ئەرواحی (اولياء الله) وه بەراود وەقفی هەموو خەیالاّتی پڕوبووچ ئەکا ، ئەمانە هەموو مەئمووری خودان لە عالەمداو خەواصی ئادەمی گەورەترن لە خەواصی مەلائیکە ، هەرچی مەلائیکە بیکا بە ئەمری خودا بە تەئثیرو ئیجادی ئەوه ، وه هەرچی ئەرواحی پێغەمبەرانو صالحان بیکا هەر بە

مەئموورییەتە لـە جـانبی خوداوە • وە سـەلبی هیممەتو جـاه لـە پێغەمبەران پێش‌قەرەولی ئیلحادو کوفرە ـ پەنا بە خودای تەعـالا ـ بەڵێ شتێ کە لە بابەتی خەلقو ئیجاد بێ هەر بە خودا ئەکرێ ، خـۆ ئێمە داوا ناکەین پێغەمبەر بۆمان دروست بکا ، داوای ئەوە ئەکـەین کـە دۆعامان بۆ بـکا •

وە ئـەو ڕیوایەتە گۆیا : کـابرایێ موناڧق بوو ئازاری دڵـی موسوڵمانەکانی ئەدا ئەوانیش چوون بۆ لای ئەبوبەکر شکاتی کابرایان کرد ئەبوبەکریش فەرمووی : هەستن بڕۆین بۆ لای حەزرەت ـ صلی الله علیه وسلم ـ کە ڕۆیشتنە لای فەرمووی : (لا یستغاث بي وانمـا یستغاث بالله) مەبەستی حەزرەت ئەوە بوو کە (استغاثة) بە ئێمە ناکرێ بۆ دروست‌کردنی شتێ لە ئەشیا ، بەڵـکو ئێمە دۆعامان لەسـەرە • ئەگەرنا گەلێ ماددەمان ڕیوایەت کرد کـە حـەزرەت تەوجیهی موسوڵمانانی کردووە بۆ دۆعاکردن بۆ داماوانو بێ‌چارەکان •

زۆر پێویستە ئینسانی موسوڵمان زاناو هوشیاربێو پایەی خـوداو بەندەی بناسێ •

بەیارمەتی خوای گەورە تەواو بوو

پێڕست

لاپەڕە	بابەت
٥	نووری ئیسلام گەلێ ئەنواری هەیە •
٦	نووری ئیمان بە زاتی خـــودا •
١٠	نووری ئیمان بە مەلائیکەی خودا •
١٢	نووری ئیمان بە(جن)و پەری •
١٤	نووری ئیمان بە پێغەمبەران سەلامی خوایان لە سەربێ •
٢٠	نووری ئیمان بەو کیتابانە خوا ناردوونی بۆ پێغەمبەران •
٢٣	نووری ئیمـــان بە قـــەزاو قەدەر •
٢٧	نووری ئیمـــــان بە دۆزەخ •
٣٢	نووری ئیمان بە صوورەتی (میثالی) لە قەبردا •
٣٤	نووری ئیمان بە قیامەت = رۆژی پاشەرۆژ •
٣٦	نووری ئیمان بە نیشانەکانی رۆژی قیامەت •
٣٩	نووری ئیمان بە حەشری گیانلەبەر •
٤١	نووری ئیمـــان بـــە شەفاعەت •
٤٦	نووری ئیمان بە سوئال لە رۆژی قیامەتدا •
٤٧	نووری ئیمان بە پەڕەی کردەوە •
٤٨	نووری ئیمان بـــە میزان •
٤٩	نووری ئیمان بە (قصاص) واتە : تۆلە وەرگرتن •
٥١	نووری ئیمان بـــە (صراط) •
٥٣	خولاســـەی باس •

لاپەڕە	بابەت
٥٤	نووری ئیمان بـــە (حوض المورود) ٠
٥٥	نووری ئیمان بـــە بەهەشتو جەهەننم ٠
٥٧	نووری چاوپێکەوتنی خودای تەعالا لە قیامەتدا ٠
٥٩	نووری ئیسلام (ان الدین عند الله الاسلام) ٠
٦٤	نووری ئیسلام : زانستی ئادابی دین ٠
٦٧	نوێژی جمعـــە ٠
٦٨	نوێژە سوننەتەکان ٠
٧٣	کام نوێژی سوننەت جەماعەت مەشروعە تیایدا ٠
٧٦	نووری ئیمان بـــە رۆژوو ٠
٧٩	نووری ئیمان بـــە زەکات ٠
٨٥	نووری (اعتکاف) واتە مانەوە لە مزگەوتدا ٠
٨٦	نووری حەج واتە : زیارەتی کەعبەی موبارەك ٠
٨٧	ئادابەکانیان ٠
٩٢	نووری زیارەتی هەزرەتی فەخری کائینات (ص) ٠
٩٤	نووری یەکـــەم :
	ئیمان ئیسلامیەتەو نەصیحەتەو موحەببەت ٠
٩٨	نووری دووەم :
	ئەساسی دینی ئیسلام قورئانە ٠
١١٤	واجبە لە سەر غەیرەموجتەهید تەقلیدی موجتەهید بکا ٠
١١٥	نووری ئجمـــاع ٠
١١٧	نووری فەرق لە بەینی سوننەتو بیدعەتدا ٠

بابەت	لاپەڕە

نووری بەیانی ئەهلی تەصەووف‌و ئەهلی طەریقەت ٠	١٢٢
موحەببەتی زاتی خودای تەعالا ٠	١٢٧
مەحەببەتی پێغەمبەر (ص) ٠	١٢٩
باسی صەلاوات دان لە حەزرەت لە پاش بانگەکان ٠	١٣٤
خوێندنەوەی مەولودنامەو میعراج‌نامە لە ناودا ٠	١٣٧
ئەو عیبارەتانە کە بەکاربین لە صەلاوات‌داندا ٠	١٤٢
لە مەحەببەتی پێغەمبەرە (ص) زیارەتی حەزرەت لەحەیات‌و وەفاتدا ٠	١٤٦
باسای زیارەتی حەزرەت (ص) ٠	١٥٠
نووری (توسل) بە جاوە پایەی حەزرەت (ص) ٠	١٥٢

★ ★ ★

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ٨٠٦ لسنة ١٩٨٨

كمية الطبع « ٣٠٠٠ » نسخة